# بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

سالّی شەشەم ژمارە (131) بەرواری 15–10–2022 | بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە | مانگی دووجار، لە (۱)و (۱۵) هەموو مانگێکدا دەردەچێت



## پێنج ساڵ دوای 16 ئۆکتۆبەر...ل10

## وتەی ژمارە

### تایبەتمەندییە سەرەکیەکانی راپەڕین و دەرفەتی چەپ و کۆمۆنیزم لە ئێران

**نووسینی: عەبدوڵا مەحمود**

خرۆشان و ڕاپەرینی جەماوەری لە ئێران بەردەوامە و تادێت بەرینتر و فراوانتر دەبێتەوە. هەموو بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە ئازادیخواز و شۆرشگێرەکان تێیدا بەشدارن و رۆڵی بەرجەستە و سەرەکیان هەیە... لەگەڵ ئەوەدا ژنان و لاوان لەریزی پێشەوەی ئەو بزوتنەوە جەماوەریەدان بەدژی دەسەڵاتی نەنگینی ئیسلامی و ئاخوندەکانی سەرمایە، بەڵام چینی کرێکار و میحوەر و هێزی یەکلاییکەرەوەی ئەم راپەڕینەیە و خستنی دوا پایەیەکانی ئەم رژێمە لەسەر دەستی ئەو بە کۆتا دەگات.



پایەی سەرەکی ئەم ڕاپەڕینە، نابەرابەری ئابوری و قڵشتی بەرچاوی چینایەتییە... هێزی ئەم ڕاپەڕینە چینی کرێکار و ژنان و لاوانێکن کە چیتر توانای بەرگەگرتنی گرانی و برسێتی و بێکاری و بێمافیان نییە، چیتر ناتوانن دەسەڵاتی نیزامێک بەسەر خۆیاندا قبوڵ بکەن، کە نان خواردن و خواردنەوە جل وبەرگ پۆشینیشی بە ئیسلامی کردووەو مافی پیادەکردنی لە کۆمەڵگەیەکی دەیان ملیۆنی سەندۆتەوە، و سەرەتاییترین مافە فەردی و ئازادییەکانی لە دنیای کراوەی ئەم سەردەمەدا قفڵ کردووە.

پایەی چەپی و تایبەتمەندیەکانی راپەرینی جەماوەری لە ئێران، شانس و دەروازەی بەرووی چەپ و کۆمۆنیزمدا کردۆتەوە، کە لەدنیای ئاوەژووی ئێستادا، دنیایەیەکی تر لەسەر کەلاوەی دەسەڵاتی نەنگینی کەم وێنە لەم گۆی زەویەدا، بنیات بنێت. ئەم بزوتنەوەی کۆمەڵایەتییە فراوانەی ئێستا لە ئارادایە لە بنەرەتدا ماتریالی سەرخستنی چەپ و کۆمۆنیزمە. سەرەکیترین تایبەتمەندیەکانی ئەم ڕاپەڕینە و ماتریاڵی بۆ چەپ و کۆمۆنیزم بریتین لە:

یەکەم: خرۆشان و ڕاپەرینی ئێستای خەڵکی ئێران، وەکو راپەرینی وڵاتانی عەرەبی و "بەهاری عەرەبی" نییە... وەکو راپەڕینی خەڵکی عیراق لە ساڵی ۱۹۹۱دا نییە، کە جەماوەری لەخوارەوە بەدژی بێدادی کەڵەکەبوو لە رۆژێکدا بێتە مەیدان و بتەقێتەوە، یان فرسەت بقۆزنەوە بۆ تۆڵە لەدەسەڵاتی سیاسی، بەڵکو راپەرێنی ئێستای خەڵکی ئێران... حاسڵ و بەرهەمی چوونە پێشەوەی هەنگاو بەهەنگاوی بزوتنەوەی

بۆ لاپەڕە 2

## گیراوەکانی بادینان، پەڵەیەکی نەنگن، بەدەسەڵاتی نەنگینی بزوتنەوەی کوردایەتیەوە...




لەبەرامبەر بەو مامەڵە نائینسانی و دوژمنکارانەی دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی بەتایبەتی پارتی لەبەرامبەر بە گیراوەکانی بادینان، گوهدار زێباری بەناوی گیراوانی بادینانەوە، لە زیندانی چاکسازی گەورە ساڵانی هەولێرەوە جارێکی تر هانا بۆ ڕێکخراو لایەنە پەیوەندیدارەکان دەبات و داوا دەکات بەدەنگیانەوە بچن. گوهدار زێباری لەچەند خاڵێکدا باسی ئەو زۆر و گوشارانە دەکات کە دەخرێتە سەریان.

بۆ لاپەڕە 3

## تیرۆری سیاسی کۆمەڵگە و بەتایبەتی زۆنی سەوزی هەراسان کردووە...



لەو ماوانەی دواید رادەی کردەوە تیرۆریستیەکان، لەهەرێمی کوردستان بەگشتی و لە زۆنی سەوز بەتایبەتی بەشێوەیەکی بەرچاو هەڵکشاوە. تیرۆری هەڵسوڕاو چالاکوانی ئۆپۆزیسیۆنی تورکی بەتایبەتیش کادر و لایەنگرانی پەکەکە، بۆتە روداوێکی بەردەوام. ئەم کردەوە تیرۆریستانە کە تیرۆری سیاسی ئاشکران، چ لە ڕێگای باند و گروپی ئینسان کوژی تورکیا و چ لە ڕێگای درۆنەکانەوە، ئەنجام دەدرێن. دیارە باندەکانی تیرۆر لە

بۆ لاپەڕە 3

## لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:


* لەهەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار...........................................................ل3
* ئیسلام لە لەناوچووندایە............................................................ل4
* مانیفێستی کۆمۆنیستی بە کورتی..............................................ل4
* بەهزاد موحسین وەڵام بە پرسی رۆژ دەداتەوە.................................ل5
* ئارایش دانەوەی تیرۆر بەرهەمی دەسەڵاتە.....................................ل6
* نەخشەڕێگای بزوتنەوەی شورایی بۆسەرکەوتنی ڕاپەرینی ئێران.....ل11
* کۆمەڵگەی سەرمایەداری چۆن بناسین؟........................................ل12


### دۆسیەی ژمارە سەبارەت بە" ڕاپەرینی خەڵکی ئێران و کوردستان"



## هاوڕێیان ئیبراهیم حسێن و مستەفا یونسی وەڵامی پرسیارەکانی دۆسیەکەیان داوەتەوە...ل13-14




پرسی رۆژ ل5

پرسی ژن ل7

گۆشەی ئەدەب و هونەر ل8_9

# درێژەی وتەی ژمارە

کریکاریی و جەماوەرییە، بەرهەمی گۆرانی هاوسەنگی هێزی نێوان جەماوەری و دەسەڵاتە لە پرۆسیسێکی دەیان ساڵەدا. بەرهەمی خاراوبوون و ئەزموون سەریەک خستن و هاوئاهەنگی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە شۆرشگێر و ئازادیخوازەکانە... بەرهەمی ئامادەیی بەردەوامی چینی کریکار و خەباتەکەیەتی کە تا هاتووە سیاسی بۆتەوە، و پێشرەوی کردووە، تا ئەو رادەیەی بۆتە قسەکەری ختابی کۆمەڵگەی تورە لەسەراسەری ئێراندا. کەم کات هەبووە هەیە لە ئێراندا بەشێک لە چینی کرێکار یان چەند بەش لەیەککاتدا، لە مانگرتن و کۆبونەوە و خۆپیشاندانداندا بۆ خواستە ئابوری و پیشەییەکان و نە بووبن. جیا لەوانە هاوکاری و هاوچارەنووسی بەشەکانی چینی کرێکار لەگەڵ یەکتری یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی ئەو چینە بووە... خاوەنی سەدان و هەزاران رابەری کرێکاریی و دەیان و سەدان رابەری ناسراو و خۆشناو سەراسەرییە. سەر ئەنجام ئەگەر چەخماغەدانی راپەرینی ئێستا، لەلایەن لاوان و ژنانەوە لێدرا، بەڵام بەگۆر سپاردن و روخاندنی ئەم دەسەڵاتە لە گرەوی هاتنەمەیدانی چینی کرێکاردایە بۆ گۆرەپانی یەکلایی کردنەوەی پرسی دەسەڵات لە ئێراندا و روخاندنی ئەم دەسەڵاتە.2–

دووەم: راپەرینی خەڵکی ئێران، لە کەش و مەیدانداری رەوتە کۆنەپەرستەکاندا پێش نەهاتووە، بە پێچەوانەوە بەدژی رەوتە کۆنەپەرستەکان و کەشی دواکەوتودا کە جمهوری ئیسلامی دوا پلەی یەکانگیربوونی ئەم کۆنەپەرستییە قەوارەی گرتووە. ئەگەر لە دنیای عەرەب و زۆر راپەرین و شۆرشی تردا، کەشی کۆنەپەستی زاڵ و رەوتە سیاسییە ئیسلامییەکان، بالادەستی خۆیان زاڵکردووەو هەژمونیان بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و گشتیدا هەبوو، ئەوا راپەرینی ئێران لە کەشی ئومێدەواری و بزوتنەوەی گەران بەدوای کرانەوە و پێشکەوتنخوازی و ئازادییدا، پێی گرتووە. هەر ئەوەشە لە ئێستاوە ئومێدەواری بە راپەرێنی ئێران، ئومێد دەبەخشیت بە هەموو رەوت و بزوتنەوە پێشکەوتنخوازەکان و سەرجەم رەوت و بلۆکە کۆنەپەست و دواکەتوەکانی خستۆتە لەرزە.

سێهەم: لە زوربەی راپەرین و شۆرشەکانی چەند دەهەی رابردوودا، رۆڵی ئەمریکاو غەرب، لە دەستێوەردانی راستەوخۆ و نیابەتی، سازکردن و دروستکردنی بەرەو هاوپەیمانیەتی پیشوەختەی وابەستە بەخۆی، زاڵکردنی ئومید بەستنەوەی جەماوەری بەخۆی و بێ رۆڵکردنی جەماوەر لە ئیرادە و توانای نواندنی خۆیدا، بەرجەستەبووە. خەڵک بێ ئومید بە هێزی خۆی و توانای خۆی کراوەو لە چاوەروانی هیزی دەرکیدا بووە بۆ رزگاری... ئەوا لە راپەرینی خەڵکی ئیراندا، ئەم هاوکیشەیە تەواو پێچەوانەیە، سایەی ئومیدەواری بە رزگاری و بە پشت بەستن بەهیزی دەرەکی و بە ئەمریکاو غەرب هێندە لاوازە، کە جیگایەکی وای لە راپەرین و خرۆشانی خەڵکی ئیراندا نییە، و جەماوەری راپەریو لە ئێران، بەشێوەی سەرەکی پشتی بە تواناییی و هێزی خۆی بەستووە، بزوتنەوەیەکی ئەکتیف و چالاک و بروای بە گۆرانکاری بە هێزی خۆی هەیە... ئەمە یەکێک لە نیگەرانییەکی ئەمریکاو غەربە، کە دەستی کورت و رۆڵی لاوازە لە راپەرینی خەڵکی ئیراندا، بۆیە نەک خوازیاری روخاندنی رژێمی ئێران نییە بە هێزی لەخوارەوەی جەماوەری و لە رێگای شۆرشەوە، بەڵکو هەموو هەوڵی خۆی دەخاتە گەڕ تا شۆرش بەهێزی جەماوەری و لە خوارەوە و بی رۆڵی کاریگەری خۆی روونەدات. بیگومان لەو راستایەشدا بێکار دانانیشێت.

چوارەم: بوونی دەسەڵاتێکی ئیسلامی لە ئیران و ڕوخاندنی ئەو دەسەڵاتە هیچ رێگایەک و شانسێک بە ئیسلامی سیاسی لەهیچ بەرگێکی تردا نادات، ببێتە جێگرەوەی دەسەڵاتی ئێستا، بە پێچەوانەی هەر وڵات و جغرافیایەکی تر کە بەهۆی بن بەستی ناسیونالیزم لە وەڵام بە گرفتە ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتیەکاندا، هەمیشە ئیسلامی سیاسی وەکو هێزی یەدەگی بۆرژوازی ئامادەیی هەیە دەسەڵات بگرێت، یان هەژموونی ئیسلامی و نەریتی ئیسلامی بەسەر کۆمەڵگەدا زاڵ بکات. ئەو تایبەتمەندییە، یەکێک لە گەورەترین هەرەشەکانی لەسەر راپەرین و شۆرش لە ئێراندا خستۆتە کەنارەوە و کە ئەمەش شانسی سەرکەوتنی شۆرشی ئازادیخوازانەو شۆرشگێرانەی زیاد کردووە.

پێنجەم: کۆمەڵگەی ئێران، شاهیدی شۆڕش بووە و شۆڕش تیایدا روویداوە، کە ئەوە فاکتەرێکی زۆر گرنگە و پڕ ئەزموونەیە بۆ جەماوەری راپەڕیو و شۆرشی دواتر و داهاتوو... لەهەر گۆشەیەکی دنیا شۆڕشی لەخوارەوەی جەماوەری رویدا بێت و دەسەڵاتی و سیستەمی سیاسی لە ریشەوە گۆری بێت، ئەو کۆمەڵگەیە توخمەکانی شۆڕش تیادا دەمێنێتەوە... خود ئاگای شۆرشگیرانە ریشەدار دەبێت... شۆرشی ساڵی ١٩٧٨ ئیران، کاریگەری لەسەر خود ئاگایی و ئامادەیی جەماوەری بۆ شۆرش هەمیشە هەبووە... لەگەڵ ئەوەدا شۆرشی ١٩٧٨ ئێران دزراو سەرکوتکرا، بەڵام ئەوە رەگ و ماهیەتی شۆرشگیری لە قوڵایی تاکی ئیراندا چاند و چینی کریکار و جەماوەری بێبەشی لە ئەزموونێکی گرنگ بەهرەدار کرد.

شەشەم: رۆڵی ژنان لە ڕاپەرینی ئێراندا، تایبەتمەندیەکی یەکجار جێگای سەرنجە... کەم بزوتنەوەو راپەرین هەیە لە مێژووی شۆرش و راپەرینەکانی دنیادا، هێندەی ئیران ژنان تیاییدا ئامادەیان هەبێت. ئیسلامی بوونی دەسەڵات و پاوانکردنی کەسایەتی هەمەلایەنەی ژن و لە قاڵبدان و لە چوارچێوەگرتنی هەموو ماف و ئازادیەکی فەردی ژنان لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا، رەنگی تۆخی ژنانی لەم شۆرش و راپەرینەداوە. نەک درۆی رەوتە بۆرژوازییەکانی لەکەم توانایی ژنان، خستۆتە ڕوو، بەڵکو بەکردەوە روانین و نەریتی ئیسلامی و قورعانی توڕداوە... و شۆرش لە ئیراندا شۆرشی لاباڵێک نییە، شۆرشی باڵەکانە ژن و پیاوە...

حەوتەم: سەراسەری بوونی راپەڕین، خەسڵەتێکی تایبەتی بزوتنەوەی روخاندنی دەسەلاتی سەرمایەیە. ڕاپەڕین لە سەراسەریی ئیراندایە، نەک لە گۆشەیەکی ئێران، هەروەها بۆ خواستی بزوتنەوەیەکی سیاسی دیاریکراو نییە، بەڵکو خواستەکەش سەراسەرییە کە روخاندنی رژێمە. خواستە سیاسیە دیاریکراوەکان، بزوتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییە محەلەیەکان، لەناو بزوتنەوەیەکی سەراسەریدا جێگایان گرتووە و هاوئاهەنگی ئەو بزوتنەوانە بە رادەیەکی یەکجار زۆر لێک هەڵپێکراون. ئەوە بۆ هەموو بزوتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان رۆشنە، کە دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی سەرمایە لە محەلەوە و بە هێنانە گۆری خواستی محلی ناروخێت و دەبێ لە ناوەندی و لە جەرگەی پایتەختدا سەرەنگری بکرێت. ئەم تایبەتمەندییە شانس دەبەخشێتە هیز و حزبە سەراسەریەکان تا مۆری خۆیان لەم بزوتنەوە سەراسەرییە بدەن و لەداهاتووی سەرکەوتنی شۆرشیشدا، وەڵامدەرەوە بە خواستی بزوتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و کەلتوری و محەلەیەکان بێت...

چەپ و کۆمۆنیزم و گروپ و ڕیکخراو و ئەحزابی کۆمۆنیستی، هەمیشە لە ئیراندا ئامادەیی بووە، بەپێچەوانەی زوربەی هەرەزۆری وڵاتانی دنیا، ئێران هەمیشە مەیدانی و گۆرەپانی هیزی چەپ و کۆمۆنیست بووە... خاوەنی کۆمۆنیزمێک بووە کە رادیکال و ماکسیمالیست و تا ڕادەیەکی زۆر بەرچاو رۆشن بووەو لەوەش زیاتر بۆتە هۆی هێز بەخشین و بەهیزکردنی هێزو رەوتە کۆمۆنیستەکان لەدەرەوەی ئیرانیش، هاوکات مەیدانی حزوری دەیان و سەدان کاراکتەری ناسراوی کۆمۆنیست و کەسایەتی ئەزموندەی سیاسییە. چەپ و کۆمۆنیزم لەکۆمەڵگەی ئیراندا خۆشناوە، خاوەن تواناو نەریتی تایبەتی خۆیەتی...نەریتی کۆبونەوە گشتیەکان، نەریتی شورایی... خاوەنی مێژوویەک و نەریتێکی ناسراو پەیرەوکراو لە بزوتنەوەی کریکاریی و جەماوەری ئیراندایە. جیا لەهەموو ئەمانە بە پێچەوانەی رەوت و چەپە کۆمۆنیستەکانی زۆر شوێنی دنیا کە هەمیشە لەلایەن رەوتە سیاسی بورژوازییەکانەوە لێدراون و راونراون و هێرشیان کراوەتە سەر، ئەوا لە ئیراندا چەپ و کۆمۆنیزم نەک هەر توانای بەرگری، بەڵکو گەورەترین هێزی سیاسی بۆرژوازی لە مەیدانی سیاسی و جەماوەری و تەنانەت سەربازیدا شکست داوە. ئەم تایبەتمەندیانە لە راپەڕین و خرۆشانی ئێستای ئیراندا... پایەو ماتریاڵ و سەرمایەکی یەکجار گەورەیە بۆ ئەوەی چەپ و کۆمۆنیزم، بالادەستی خۆی بەسەر بزوتنەوەی کۆتاییهینان بە دەسەڵاتی سەرمایە و ئاخوندەکان لە ئیران بهێنێت و مۆدیلێکی تەواو جیاوازی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابوری بکاتە جێگرەوەی دەسەڵاتی کۆتایی هاتوو... دیارە بەهەر ئەندازە لە ئێستاوە چەپ و کۆمۆنیزم ئامادەیی هەبێت و لە ڕێگای پرۆژەی رۆشن و نەخشەرێگای کارسازو بەدەستەوە گرتنی تاکتیکی دروست و خستنە رووی ئەلتەرناتیفی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە، لە لایحەیەکی کورتی رۆشندا، هاوکار دەبێت بۆ هەژموونی بەسەر بزوتنەوەو راپەرینی ئێستا وەکو زەمانەتێک بۆ سەرکەوتنی ئەلتەرناتیفی کۆمۆنیستی، بەسەر ئەلتەرناتیفە جۆراو جۆرەکانی بۆرژوازییدا.

دیارە ئەو تایبەتمەندیانەو حزوری چەپ، بەو مانایە نییە بۆرژوازی و دەوڵەتەکان و رەوتەکانی لە ئاستی ناوخۆی ئیران و ناوچەکەو دنیادا، بێدەنگ بن و هەوڵی کاراو بەنەخشەی خۆیان نەدەن بۆ جیگیرکردنی دەسەڵاتی دوبارەی بۆرژوازی و سیستەمێکی تری بۆرژوازی لە بەرگێکی تردا... ئەوەی کە گرنگە ئەم تایبەتمەندیانە، بوار و دەرفەت و دەرەتانێکی زۆرتری بە چەپ و کۆمۆنیزم بەخشیوە، کە ببێتە یاریزانێکی سەرەکی و یەکلاییکەرەوە لە ئێراندا. لەم هەلومەرجە تایبەت و دیاریکراوەدا، کە رەوتی روخاندنی دەسەڵات دەستی پێکردووە، بە ملیۆنان ئینسان لەسەدان شار و ناوەندی کریکارییدا، لە جەنگی دەستەو یەخە بۆ روخاندنی دەسەڵاتدان، هەر هێز و حزبێکی چەپ و کۆمۆنیست، چەندە بچوک و کەم هێزیش بێت، بە دەخالەتگەری دروست و بەجێ و کۆمەڵایەتی، دەتوانێت ببێتە هێزی گەورەو بەتوانا و هێزی بڕیار دەر... هەلومەرجی شۆرشگێرانە، ژینگە و زەمینەی بالاکردنی حزبە چەپ و کۆمۆنیست و شۆڕشگێرەکانە. نابێ ئەو فرسەتە لەدەست بچێت...

**ناوەراستی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢**

## درێژەی...گیراوەکانی بادینان، پەڵەیەکی نەنگن، بەدەسەڵاتی نەنگینی بزوتنەوەی کوردایەتیەوە...

لەوانە سوکایەتی و جنێوپێدان. لەناو زینداندا بردنیان بۆ زیندانی تاکەکەسی وەکو سزای سەربار لەسەر هەلوێستەکانیان. دانانی چاودێر و سیخور بەسەریانەوە. بە دەستەوەگرتنی یاسای تر بۆ تۆمەتبارکردنیان بە دۆسیەی تر. رێگری لە پارێزەرەکانیان تا بە کاری خۆیان هەڵبستن...تاد.

ئەم مامەڵەیەی پارتی و ئاسایشەکەی لەگەڵ گیراوەکانی بادینان، لەدەستگیرکردن و تۆمەت بۆ سازکردنیان، زۆر ناشیرین تر و قیزەونترە... ئەم گیراوانەی بادینان لەسەر داوای زۆر ڕەواو بۆ موچە و خزمەتگوزاری و بەدژی گەندەڵی و داگیرکاری دەرەکیدا، دەستگیر کران و تۆمەتی تیکدانی ئاسایشی نیشتمانی و کارکردن بۆ دەستی دەرەکیان بەسەردا سەپاندن... بەر لە بڕیاری دادگا سەرۆکی حکومەت تۆمەتی تری ئاراستەکردن و پاشان دادگاش تۆمەتەکانی سەرۆکی کردە یاسا و سزا!!... ئەوەی ئێستاش بەرامبەریان دەکرێت، لە درێژەی ئەو رەفتار و نەریتە نائینسانی و نایاسایەدایە.

دیارە کەم کردنەوەی سزاکانیان لەژێر گوشاری نارەزایەتی ناوخۆ و دەرەکیدا بوو، وە بەپێی لێبوردنی بەمەرج لەلایەن دادگاوە دەبوو ئازاد بکرێن، بەڵام تا ئێستا لە زیندان هێڵراونەتەوەو سوکایەتیان پێدەکرێت و بەردەوام تۆمەتی بێ بناغەیان ئاراستە دەکرێت.

کەیسی گیراوەکانی بادینان، کەیسێکە کە بۆتە پەڵەیەکی نەنگ، بە تەوێڵی دەسەڵاتی نەنگینی بۆرژوازی کورد بەتایبەتیش پارتی. دەستگیر کردنی رۆژنامەنووس و چالاکوان و بێ دادگایی هێشتنەوەیان بۆ ماوەی ساڵیک و دواتر دۆسیە بۆ دروستکردنیان و تۆمەت خستنە پاڵیان، ئێستاش دوای بڕیاری دادگا هێشتنەوەیان لە زیندان و ئەو مامەڵەیەی لەگەڵیان دەکرێت... دەرخەری ئەو راستیەیە کە دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد کۆپیەکی هەر ناشیرینی دەسەڵاتە ملهور و دیکاتۆرەکانە و کەیسی گیراوەکانی بادینانیش، باشترین بەڵگەی سەلمێنراوە. پێویستە جارێکی تر لایەنگرانی بەرگری لە ئازادی و ئازادییەکان و ئازادی بیروڕا، بەدەنگ بانگەوازی گیراوەکانی بادینانەوە بچن و گوشارەکانیان بۆسەر دەسەڵاتی زۆنی زەرد زیاد بکەن تا هەرچی زووە ئەم زیندانیانە ئازاد بکات و قەرەبووی مادی و مەعنەویان بکاتەوە.

## درێژەی...تیرۆری سیاسی کۆمەڵگە و بەتایبەتی زۆنی سەوزی هەراسان کردووە...

هەرێمدا دەیان مۆڵگە و بنەی جۆراو جۆریان هەیە، بۆیە هەر رۆژە کەسایەتیەک، کادرێک، چالاکوانێک لە قولایی و ناوجەرگەی شارەکان و بەرۆژی روناک تیرۆر دەکەن.

ئەوەی جێگای ئاماژەپێکردن و هەڵوێستەیە، ئەگەر درۆنەکان کۆنترۆڵ ناکرێن و ناکرێت دەستگیر و زیندانی بکرێن، بەڵام باندە تیرۆریستەکان و بکوژەکان، دەستگیر ناکرێن و توشی لێپێچینەوەی یاسایی ناکرێنەوە و ئاشکرا ناکرێن... ئەوە لە کاتێکدایە دەیان و سەدان کامیرای چاودێری لە هەموو گەرەک و شوێنیک هەیە... کەچی کەس ناگیرێت و تۆمەتباران ئاشکرا ناکرێن، لەوەش زیاتر دەوترێت کە هەندێک لە بکوژەکان ئەگەر دەستگیریش بکرێن، ئەوا دەگوازرێنەوە بۆ شوێنی ئارام و دواتر ئازاد دەکرێن... ئەم مامەڵەیەی دەسەڵات، لەلایەکەوە دەستی بکوژان و باندەکان ئاوەڵا دەکات و لەلایەکی تریشەوە هاوکاری دەسەڵات بۆ بکوژان دەخاتە ڕوو...

جیا لەوانە درۆنەکان، لە قولایی شارەکانی کوردستاندا هیرش دەکەنە سەر سەیارەو شوێنی چالاکوان و نەیارانی سیاسی...

ئەم کردەوە تیرۆریستی و ئینسان کوژیانە چ لە رێگای درۆنەکانەوە یان لەڕێگای باندو گروپەکانەوە لەناو شارەکاندا، لەگەڵیدا بێدەنگی دەسەڵات و دەستگیر نەکردنی چاو ساغ و تۆمەتبارەکان، ئەوە دەخاتە ڕوو کە دەسەڵاتی سیاسی چاوپۆشی و تەنانەت هاوکاری ئەم هێرشانەیە... ئەمەش بەمانای ئەوە دێت، کە هیچ کەسێکی نەیاری سیاسی وڵاتەکان، لە هەرێمدا پارێزراو نییە... کاتێک دەسەڵات دەستی لەگەڵ باندەکان یان وڵاتەکان تێکەڵ بوو، ناکرێت باس لە دادگا و لێپرسینەوە و دەستگیرکردنی تۆمەتباران بکرێت... ئەمەش پێشهاتێکی یەکجار مەترسیدار و تەنانەت دەگمەنە.

ئەو هەموو تیرۆرە سیاسییە لەناوجەرگەی شارەکان و بەشیوەی ئاشکرا، و دەستگیر نەکردنی هیچ کەسێک، هیچ گومانێک ناهێڵێتەوە کە دەسەڵات و دام و دەزگاکانی لەگەڵ ئەو باند و دەوڵەتانە هاوکار و چاوساغن... ئەمەش نیشانەی نەنگی و ریسوایی دەسەڵات دەخاتە ڕوو... جیا لەوانە ئەمنیەتی تەواوی خەڵکی دەخاتە مەترسیەوە... کاتی ئەوە هاتووە، چالاکوانانی سیاسی، خەڵکی ئازادیخوازو پیشکەوتنخواز، دادوەرانی ئازاو بێ لایەن و حزب و رێکخراوە سیاسییەکان، گوشاری هەمەلایەنە بخەنە سەر دەسەڵاتی سیاسی تا دەست لەو نۆکەر پیشەیی و هاوکارییە لەگەڵ باند و تۆرە ئینسان کوژەکان و دەوڵەتەکانی هەڵبگرێت و یەکەم هەنگاویش لەو راستایەدا ئاشکراکردن و دەستگیرکردنی بکوژان و بەسزا گەیاندنی یاساییە. ناکرێت چیتر کادر و لایەنگرانی هیزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی جیگیر لە هەرێمی کوردستاندا تیرۆر بکرێن و گیانیان لە مەترسیدا بێت. دەسەڵاتی سیاسی پێویستە، کەشێکی سالم و ئامن بۆ ئۆپۆزیسیۆنی وڵاتەکان زامن بکات، نەک هاوکار و چاوساغی بۆ دەوڵەتەکانی ناوچەکە بکات...



## لەهەڵبژاردنی سەرۆك كۆمار:
## پارتی تۆڵەی 2018ی کردەوە، بنەماڵەی تاڵەبانی هەنگاوێکی تریان بڕی لەخەونی بەبنەماڵەییکردنی یەکێتی، ئەی دەستکەوتی بەرهەم ساڵح چی بوو؟

نووسینی: شوانە حەسەن ئەبوبەکر

**دەیانگوت گەر هەڵبژاردن بکرێ پارتی شکست دەخوات و بەرهەم ساڵح وانەی 2018ی پێدەڵێتەوە، بەڵام هەڵبژاردن کرا:**


**پارتی نەدۆڕا، چونکە نیەتی پارتی لەکاندیدکردنی ڕێبەر ئەحمەد بۆ وەرەقەی دانوستانبوو نەك بۆ پۆستی سەرۆك كۆمار، کەواتە پارتی لەبەرامبەر کێشانەوەی کاندیدەکەی دانوستانی لەگەڵ بنەماڵەی تاڵەبانیکردو تۆڵەی شکستەکەی 2018 لەبەرهەم ساڵح کردەوە.**

**یەکێتی نەدۆڕا، چونکە توانی لەم هەڵبژاردنە بەدەستێك دوو کێشکە بکوژێ، لەلایەکەوە بنەماڵەی تاڵەبانی توانیان لەڕێگەی هێنانە پێشەوەی لەتیف ڕەشید هەنگاوێکی تر لەخەونی بەبنەماڵەییکردنی یەکێتی نزیکتر بکەونەوە، هەمدیسان یەکێتی توانی پارێزگاری لەیەکێتی بونی کورسی سەرۆك كۆمار بکات.**

**ئەی بەرهەم ساڵح چی دەست بوو؟ کاتێك درەنگ وەخت زانی ڕێکەوتنی ژێربەژێری بنەماڵەی تاڵەبانی و پارتی کراوە، ئەوکات بەدڵی شکاوەوە لەهۆڵی پەرلەمانی عێڕاقی هاتە دەرەوە...**

**ئازادیی بێقەیدوشەرتی هەڵبژاردن و پۆشینی جلوبەرگ، هەڵوەشاندنەوەی هەرجۆرە قەیدوبەندێکی فەرمی یان نافەرمی لەسەر شێواز و چۆنێتی جلوبەرگی خەڵکی، چ ژن چ پیاو، لە شوێنە گشتیەکاندا، قەدەغەکردنی هەرجۆرە جیاکاریەك یان سنووردانانێك بۆ تاکەکان لەسەر بناغەی جلوبەرگ و پۆشاکیان.**

# ئیسلام لە لەناوچووندایە، ئیسلام لە ژیانی خەڵکی ئێراندا بەرەو نەمان دەچێت...



نووسینی: مەنسور حکمەت

**بنبەستی کولتووری:**

ئیسلام لە لەناوچووندایە. ئیسلام لە ژیانی خەڵکی ئێراندا بەرەو نەمان دەچێت. نەک هەر لە حکومەت و پەروەردە، بەڵکو لە دیمەنی شارەکان، لە جیهانی ناوەوەی هەر مرۆڤێک، لە قووڵایی هەست و سۆز و کولتووری تاکەکەسی، لە هۆشیارییان، لە پەیوەندیی ڕۆژانەیان لەگەڵ یەکتر. ئیسلام لە دارمانـدایە، هەروەک چۆن ئایین و نەزانی بەگشتی دەبێ لەناوبچن. دەبێت پشت سەر بنرێت. ئێران کاردانەوەی بەرفراوانی دژە ئیسلام بەخۆیەوە دەبینێت. دەسەڵاتی سیاسی ئایندەی ئێران چ چەپ بێت یان ڕاست، شۆڕشگێڕ بێت یان کۆنەپەرست، تەنیا دەتوانێت نائایین بێت. خەڵک بناغەکانی شوناسی ئایینییان هەژاندووە. کۆماری ئیسلامی ناتوانێ بمێنێتەوە، لەوانە و بە تایبەت لەبەرئەوەی ئایینییە. ئیسلامی باڵی ڕاست بە لێدانی تەپڵی ئیسلامیەت تەنیا بێزاری گشتی زیاد دەکات و ئاگری یاخیبوون و ڕاپەڕین هەڵدەدات. بەڵام لە دووی خوردادیەکانیش هیچ چارەسەرێکیان پێ نییە. بیرۆکەی ئەوەی کە خەڵکی ئێران لەدژی ئیسلامی محەمەدی ڕاپەڕن و بێنە مەیدان، پاشان ئیسلامی "پرۆتستانت"ی نیوە کولاو بخەنە سەر تەخت و لەنێوان عەمامەکاندا هەڵدەبژێرن، بە شێوەیەکی گاڵتەجارانەوە گەمژانەیە. ڕەوتی پێشهاتەکانی داهاتوو لە ئێراندا چوارچێوەی ئیسلامیزم دەشکێنێت و لەگەڵیدا هەموو ڕەوتە ئیسلامییەکان، لە خاتەمی و ڕاپەڕینی ئازادییەوە تا دەگاتە بەشی فراوانی ئۆپۆزسیۆنە ئیسلامییەکان و ڕۆژهەڵاتـخـوازەکـان (شـەرقیـەکـان، وەرگێڕ) کە لە ئەنجامی هەڵوەشاندنەوە و گۆرانکارییەکانی حیزبی توودە و بەرەی میـللـی دروست دەبن بەرەیەک کە بە مانایەکی مێژوویی فراوانتر بەراستی دەبێ لەئەندێشەی ئیسلامییە " خۆمانە" یەکانەوە هەژمار بکرێن، هێندەی تر گۆشەگیرتر و دابراو بن. دووهـەمـی: خـوردادیـەکـان هەرچی بچێن، خۆیان دروێنەی ناکەنەوە. ئەمە کەمپێکی ناپایەدارو تێپەڕکردنە.

کێشـەکـەیە ئەمەیە. ناتەبـایـی کـۆمـاری ئیسلامی لەگەڵ ژیانی ئابووری ئێراندا، ئیتر چاوەڕوانی و پێداویستی سیاسی و فەرهەنگی زۆرینەی ڕەهای خەڵکی ئاشکرا بووە و خەباتێکی بەرفراوانی کۆمەڵایەتی بۆ چارەسەرکردنی ئەم دژایەتییە لە ئێران دەستی پێکردووە. کۆماری ئیسلامی لە لێواری هەڵدێرادایە. باڵی ڕاست ناتوانێت دەسەڵات بپارێزێت. چەکی سەرکوتکردن و ترسـانـدن بـێ کەڵکە و خـاوبـۆتەوە. گۆرانکاری قووڵی دۆخەکە چارەهەڵنەگرە. بەڵام پەرەسەندن لەو شوێنەدا ناوەستێت کە دووی خوردادیەکان دەیانەوێت. هیچ خاڵێکی هاوسەنگی لە ئیسلامی نوێدا نییە.

*****

سێبەری ئەم ڕاستییە قورسایی لەسەر هەموو سیاسەت و کردارەکانی باڵەکانی حکومەت دادەنێت. فراکسیۆنەکانی ڕژێمی ئیسلامی بەبێ ئەوەی بەڕاستی نیازی بردنەوەیان لە یەکتری هەبێت، شەڕی یەکتر دەکەن. لە یەکتر دەدەن بەبێ ئەوەی بەڕاستی هەوڵی لەناوبردنی بەرامبەرەکەیان بدەن. ئەوان بانگهێشتی ئارامی دەکەن بەبێ ئەوەی بیانەوێت ئارام بمێننەوە. ئەوان لە کودەتا دەترسن بۆ ئەوەی ناچار نەبن ئەو کارە بکەن. ناچارن شەڕی یەکتر بکەن، چونکە لە سەرکەوتنی تاکلایەنەی لایەنی بەرامبەردا لەناوچوونی هەموو سیستەمەکە دەبینن. ئەم شەڕە بۆ ئەوەیە کە سەروەری نیزام بگرێتەوە، کە تەنیا چوارچێوەیە بۆ پاراستنی دەسەڵاتی هاوبەشی ئیسلامییەکان لە ئێراندا. ئەمەش خستنەڕووی خاڵی کۆتایی ململانێی نێوان ئەو دوو فراکسیۆنە، هەروەها شێوازی نزیکبوونەوەی هەریەکەیان لەگەڵ خەڵک و بزووتنەوەی ڕادیکاڵ لە ئێراندا دیاری دەکات.

هەروەها واقیعەتە ئابووری و سیاسی و فەرهەنگییەکانی ئەمڕۆی ئێران و بنبەستی هەمەلایەنەی ڕژێمی ئیسلامی و ئیسلامی سیاسی لە ئێراندا شێوازەکانی ژیانی دوای کۆماری ئیسلامیش دەخاتە ڕوو. چ هێزێک دەبێتە ئەکتەری سەرەکی لە گۆڕەپانی ڕووخاندن و دیاریکردنی وێنەی سیاسی داهاتووی ئێران. ڕیزبەندی ستراتیجییەکانی تر لە کۆمەڵگەی ئێراندا چی دەبن؟ چ سیستمێکی سیاسی چانسی سەرکەوتنی هەیە لە ئێران؟ دەبێت لە بەشەکانی داهاتوودا ئاماژە بەم خاڵانە بکەین.

مەنســوور حــکــمەت: بەرهەمە هەڵبژێردراوەکان.

دوا پەردە: تێبینی لەسەر قەیرانی سیاسی ڕژێمی ئیسلامی.


3- بنبەستی کولتووری: (ل١٥٢١-١٥٢٢)

**وەرگێڕانی بۆ کوردی:کاوە عومەر**

# مانیفێستی کۆمۆنیستی بە کورتی...



کۆمەڵەی کۆمۆنیست، کۆمەڵەیەکی نێودەوڵەتی کرێکاران بوو، کارڵ مارکس و فرێدریک ئەنجلزیان ڕاسپارد بۆ ئەوەی بەرنامەیەکی تیۆری و پراکتیکی بۆ حیزب بنووسن. مانیفێستی کۆمۆنیستی نامیلکەیەکی بچوک و کورتە لە ساڵی ١٨٤٨ بڵاوکراوەتەوە. هەوڵێکی ئەو دوو شۆڕشگێڕە مەزنە بوو بۆ ڕوونکردنەوەی کۆمۆنیزم. مانیفێستی کۆمۆنیستی بە زمانێکی سادە**بیرۆکە** و **ئامانجە سەرەکییەکانی حیزب** و **ئایدیۆلۆژیای کۆمۆنیزم** دەخاتە ڕوو.




مانیفێستی کۆمۆنیست پێشەکییەک و سێ بەشی سەرەکی لەخۆگرتووە. بە دەستەواژەیەکی بەناوبانگ دەست پێدەکات: **"تارماییەک بە ئەوروپادا هاتوچۆ دەکات – تارمایی کۆمۆنیزم"** و بەم دەربڕینەش کۆتایی دێت: **"کرێکارانی جیهان، یەکگرن!"**

مانیفێست بەسەر چوار بەشدا دابەشبووە، بەشی یەکەم بنەمای ماتریالیزمی دیالێکتیکی و ململانێی چینایەتی و ئەو هێزانەی مێژوو دەجوڵێنن دەخاتە ڕوو. پاشان بەردەوامە لە شیکردنەوەی شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و چارەنووسی کۆتایی کە جێگرتنەوەی کۆمۆنیزمە (بەشی دووەم). دوابەشەکانی مانیفێستەکە (بەشی سێیەم و چوارەم) ئاراستەی سیاسی کۆمۆنیزمیان دانا.

**بەشی یەکەم** بەو ڕاگەیاندنە دەستپێدەکات کە "مێژووی هەموو کۆمەڵگەکانی تا ئێستا هەبووە، مێژووی خەباتی چینایەتییە". ئەمە ئەو ڕێبازەیە کە بە ماتریالیزمی دیالکتیک ناسراوە و مێژوو لە ڕێگەی دابەشبوونی کۆمەڵگەوە بەسەر بەشە کێبڕکێکارەکاندا و شەڕکردنیان لەسەر ئامرازەکانی بەرهەمهێنانەوە دەجوڵێت. مانیفێست لە وەسفکردنی فیودالیزمەوە دەڕوات بۆ باسکردنی سەرمایەداری وەک شێوازێک کە تیایدا بۆرژوازی کرێکار دەچەوسێنێتەوە.

**بەشی دووەمی** مانیفێستی کۆمۆنیست باس لەپەیوەندی کۆمۆنیستەکان بە کرێکاران دەکات و دەڵێت کۆمۆنیستەکان نوێنەری ڕاستەقینەی بەرژەوەندییەکانی کرێکارانن. ئەم بەشە بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستی کۆمۆنیزمە بۆ هەڵوەشاندنەوەی **موڵکی تایبەت** و **کاری بەکرێگیراو** کە بنەما سەرەکییەکانی سیستەمی سەرمایەدارین. هەروەها ئەم بەشە هەندێک داواکاری پراکتیکی لەخۆدەگرێت وەک پەروەردەی گشتی بێبەرامبەر، باجی پێشکەوتنخوازانە، هەڵوەشاندنەوەی میرات و زۆر شتی تر. خاڵێکی گرنگ لێرەدا کە دەبێت ئاماژەی پێبدرێت، پەیوەندی بە دەوڵەتەوە هەیە کە بەستراوەتەوە بە سەرمایەدارییەوە و هەر بۆیە پێویستە لەگەڵیدا بڕوات.

دوا بەشی (**بەشی سێهەم و چوارەم**) مانیفێستی کۆمۆنیست باس لە پەیوەندی کۆمۆنیستەکان لەگەڵ بزووتنەوە و لایەنەکانی دیکەی ئۆپۆزسیۆنی ئەو سەردەمە دەکات و لە سۆشیالیزم جیای دەکاتەوە. شتێکی گرنگ لەم بەشانەی دەقەکەدا ئەوەیە کە جەخت لەوە دەکرێتەوە کۆمۆنیزم پەیوەندی بە باشترکردنی سیستەمەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە گۆڕینی بەتەواوی و ڕووخاندنی سەرمایەداری بۆ ئەوەی سەردەمی نوێی کۆمەڵگەیەکی بێ چین بهێنێتە کایەوە.

**توانا محمد نوری**

**ناوەڕاستی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢**

پرسی ڕۆژ گۆشەیەکە ئاراس ڕەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە ڕێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...

bopeshawa@gmail.com

# بەهزاد موحسین، چالاکوانی مەدەنی، وەڵام بەپرسی رۆژی ژمارە دەداتەوە..



## پرسی ڕۆژ: دواخستنی هەڵبژاردنی پەرلەمان بۆچی دەگەڕێتنەوە؟

**بەهزاد موحسین:** خراپ نییە، کەمێك لەسەر خودی پرۆسەی هەڵبژاردن بوەستین. ئێمەش هەر ئەو وەسفە ناسراوە دەڵێینەوە، کە هەڵبژاردن ڕێککەوتنێکی یاسایی و ئیداری نێوان هاوڵاتیان و حکومەتە، بۆ ماوەیەکی دیاریکراو. کەوایە ئەگەر بارودۆخێکی نالەبار و ڕوداوێکی لەناکاو لە گۆڕێدا نەبی، ئەوا هیچ دەسەڵاتێکی دەوڵەت بۆی نییە، هەڵبژاردن لە کاتی دیاریکراوی خۆی دوا بخا.

ئاشکرایە لە هەرێمی کوردستان هیچ دۆخێکی نالەبار نییە، تا هەڵبژاردن دوا بخرێ و بە نایاسایی تەمەنی پەرلەمان و حکومەت و سەرۆکایەتی هەرێم درێژ بکرێتەوە. کەوایە هۆکار چیە حیزبەکانی دەسەڵات لە ڕێی ئەندام پەرلەمانەکانیانەوە ئەم ڕەفتارە نایاساییە ئەنجام دەدەن؟! هۆکاری سەرەکی مەترسییانە لە بایکۆتی خەڵك و بە لێشاو ڕەتکردنەوەی کارە قێزونەکانیانە لەلایەن هاوڵاتیانەوە، لەو ماوە درێژەی دەسەڵاتدارێتییان.

ئەگەرچی زاکیرەی میللەتی ئێمە زۆر بەهێز نییە و زوو ستەم و غەدری دەسەڵاتدارانی بیر دەچێتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی حیزبەکانی دەسەڵات ڕۆژانە بەسەر هاوڵاتیاندا ستەم و جەوساندنەوە و سوکایەتی ئەزمون دەکەن، دەسەڵات دەرفەتی بیرچونەوە بە هاوڵاتیان نادا، بۆیە هاوڵاتیان لە ڕێگەی بایکۆت ئەم حیزبە چەندین ساڵ تاقیکراوانە ڕەت دەکەنەوە.

ئاخر! ئەوە دیاردەیەکی بچوك و کەم نییە، کە لە دوایین هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئێراق، سەدا بیست و پێنجی خەڵکانی هەرێم دەنگیان بە حیزبەکان دا. ئەم دیاردەی بایکۆتە بەم ڕێژەیە ڕوداوێکی زۆر گەورەیە، بەڵام چی لە دەسەڵات و حیزبەکان دەکەی، کە شعوری سیاسی و ئەخلاقییان ئەم ڕوداوە ناخوێننەوە و هیچ باکیان بە نەمانی "متمانە"ی نێوان هاوڵاتیان و حکومەتەکەیان نییە. لە کاتێکدا بەهێزترین و سەرەکیترین ڕایەڵەی یەکێتی و یەکگرتویی نیشتیمانی و خاکپارێزی لەهەر دۆخێکی نەخوازراو "متمانە"ی خەڵکە بە دەسەڵاتەکەی، ئەوجا دواتر نۆرەی توانای سەربازی و ئابوری و...هتد دێ.

ئەم ڕێژە کەمەی بەشداری هاوڵاتیان بۆ وڵات و ناوچە دواکەوتوەکانی وەك ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆر مەترسیدارترە لەچاو وڵاتە پێشکەوتو و دیموکراسیەکانی ڕۆژئاوا، بۆ نمونە تاکیکی نەروێژی بەلای کەمی لە ژیانی ڕۆژانەیدا بەرخوردی هیچ جیاکاری و غەدرێك نابێ و لە ماف و ئەرکدا لەگەڵ تەنانەت سەرۆکی وڵاتەکەشی یەکسانە، ئیتر زۆر کەمتر هەڵپەی گۆڕانکاری بۆ دەسەڵات و ئیدارەدانی وڵاتەکەی هەیە، بۆیە بەشێکی زۆریان هەر گرنگی بە هەڵبژاردن نادەن.

کەچی لە وڵاتانی ئەم ناوچەیەی خۆمان لەبەرئەوەی لە هیچیاندا حوکمێکی ڕەشید و دەسەڵاتێکی دیموکراسی و دادپەروەر نییە و لە هیچیشیاندا تاك وەك مرۆڤ سەنتەری بەرنامەی دەسەڵاتداران نییە و هاوڵاتیان بە شێوەی جۆراوجۆر دەچەوسێنرێنەوە و مافیان دەخورێ، بۆیە بۆ گۆڕانکاری لەو دۆخەی تێیدان، هەڵبژاردن بە دەرفەت دەزانن و هەڵپەی دەنگدانیان بەرزە و ڕێژەی بایکۆت نزمە. هەر بۆیە هەمیشە ڕێژەی دەنگدان لە وڵاتێکی دواکەوتو زۆر لە وڵاتێکی پێشکەوتو بەرزترە. لەناو یەك وڵاتیشدا دیسان ڕێژەی دەنگدان لە ناوچە دواکەوتو و کەم خزمەتکراوەکان بەرزترە، لەچاو ناوچە پێشکەوتوترەکان. کەواتە هۆکارەکانی بایکۆت لە وڵاتێکی پێشکەوتو بەرامبەر وڵاتێکی دواکەوتوی وەك هەرێمەکەی خۆمان تەواو جیاوازن و هاوتەریب نین.

ئەگەرچی خودی پرۆسەی هەڵبژاردن مافێکی یاسایی و پیرۆزی هاوڵاتیانە، تا ئەوان لە ڕێی بەربژێرەکانیان حوکمی خۆیان بکەن، بەڵام لەم هەرێمە حیزبە دەسەڵاتدارەکان بە تایبەت پارتی و یەکێتی و حیزبە دارشەقەکانیان، پرۆسەی هەڵبژاردنیان لە مافە یاساییە پیرۆزەکەوە بۆ فێڵی سیاسی گۆڕیوە. ئەوان هەڵبژاردن وەك کەرەستەیەکی حیزبی بۆ بەرژەوەندی خۆیان و مانەوەیان لە دژی ویستی میللەت بەکار دێنن. کەی بزانن هەڵبژاردن لە بەرژەوەندی ئەوانە، ئەوا کەسی یەکەمیان دێ و لێدوان دەدا و دەڵێ، کاکە! هەڵبژاردن بۆ چوار ساڵە و چۆن دەبێ درێژ بکرێتەوە! کاتێکیش لەبەرژەوەندییاندا نییە، خۆڵەگێلی دەدەن و بێ هیچ هۆکارێك لە ڕێی پەرلەمانتارە گوێ لەمستەکانیان هەڵبژاردن بنپێ دەخەن و تەمەنی نایاسایی خۆیان درێژ دەکەنەوە.

هەر لە سەرەتاوە لای ئەوان هەڵبژاردن وەك کەرەستەیەکی بەرژەوەندی حیزب سەیر کراوە، بۆئەوەی ڕوپۆشێکی یاسایی بە خۆسەپاندنیان بەسەر خەڵکەوە نیشانی چاودێرانی جیهانی بدەن، گەرنا چ پێویست دەکا، ئەندامانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن بە پێی قەبارەی حیزبەکان بەسەر حیزبەکاندا دابەش بکرێن؟ دەبو ئەندامەکان بە هیچ شێوەیەك حیزبی نەبان و هەمویان سەربەخۆ بان. جا ئەوان وا دەسکاری دادگایان کردوە و کورسیە باڵاکانی دادوەرییان بەسەر ئەندامانی حیزبەکانیان دابەش کردوە، کەواتە بەحیزبیکردنی کۆمسیۆن هەر ئاو خواردنەوەیە.

ئەم حیزبانە لە زاتی خۆیاندا هێندە گوێ بە بایکۆتی هاوڵاتیان نادەن، ئەوان لە چاودێری و ڕای جیهانی دەترسن، کە ڕێژەی بایکۆت هێندە بەرز بێ و ئیتر بە ئامار ڕونتر بێتەوە، کە ئەوان نوێنەری سەدا حەفتا و پێنجی هاوڵاتیانی هەرێم نین، بۆیە لەم ترسە ئەم هەڵبژاردنەیان دواخست.

هەر لە هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری ئێراق دڵنیا دەبینەوە، لەوەی کە ماهیەتی هەڵبژاردن لای یەکێتی و پارتی چیە! لای ئەوان هەڵبژاردن هەرگیز بۆ ئەوە نییە، کەسێکی شیاو و خزمەتگوزار و بەتوانا کاندید بکەن، لای ئەوان هەڵبژاردن شەڕێکی پیسی بەرژەوەندخوازانە و ڕکەبەری کەسی و عینادی سیاسیە، گەرنا لە کوێ بینراوە، حیزبێکی ڕکابەر بە پشتیوانی ئەندامێکی باڵای حیزبە ڕکابەرەکەی، شەری هەمان حیزب بکا؟! واتە حیزبە ڕکابەرەکەت سێ بەربژێری تۆ پەك بخا و لە پرۆسەکە دوریان بخاتەوە، ئینجا تۆ بێی ئەندامێك لەو حیزبە دەربچوێتی و بەسەرکەوتنیشی بزانی! دەی دەبێ چەمکی هەڵبژاردن وەك خۆی لە کوێی فکر و پرەنسیپ و مەبدەئی ئەوانەدا بێ؟

لە لایەکی تر هیچ هەڵبژاردنێکی ئەم هەرێمە نەبووە، کە تەزویری زۆر و بەرچاوی تێدا نەکرابێ، ئەوان کە لە کۆمسیۆنەوە تا ئەو سندوقەی هاوڵاتیان دەنگەکانیانی تێدەکەن، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەژێر ڕکێفی خۆیاندایە، بۆیە هەمو جارێ لە ڕێی تەزویرەوە دەنگەکانیان دەگەییەنە ئەو ڕێژەیەی خۆیان دەیانەوێ. ئەوجا بە تایبەتی یەکێتی و پارتی سەرەتا بەشەڕەدەنوك یەکتر سوك دەکەن و دواتریش هەردو لا لەسەر بێدەنگبونیان بەسەر تەزویری یەکترەوە ڕێك دەکەون. کۆمسیۆنیش لەڕێ ئەندامە حیزبیەکان خۆی لە لێشاوی تەزویرە گەورەکان کڕ دەکا و بۆ چاوبەستیش بەناوی تەزویرەوە دە دوازدە سندوقێك هەژمار ناکا.

گەر وەڵامی پرسیارەکەتان بەسەر حیزبەکانی دەسەڵات وردتر بکەینەوە، ئەوا دەبێ ڕێك بێینە سەر خودی حیزبەکان. پارتی، ئەگەرچی دۆخی پارتی لە هەمو حیزبەکان باشتر و پتەوترە و کەمتر کێشەی ناوخۆیی هەیە و بە هەر شێوەیەك بێ، هەمیشە لە هەڵبژاردنەکانی هەرێم هەر یەکەم دەبێ، کەچی ئەویش لەگەڵ دواخستنی هەڵبژاردن بو. بۆچی؟

لە دوا هەڵبژاردندا پارتی خۆی لە هەموان باشتر دەزانێ، کە دەوروبەری سەدا دوازدەی خەڵك دەنگی پێداوە. ئێ لە دوای ئەو هەڵبژاردنەش جگە لە توندوتیژی بەرامبەر ڕۆژنامەنوس و ئازادیخوازان و زیادکردنی باج لەسەر هاوڵاتیان و چارەسەرنەکردنی کێشەی ئاو و...هتد، چی باشیەکی بەرچاوی کردوە!؟ کەواتە چاوەڕوانکراوە بایکۆت لە ڕێژەی خۆیدا بێ و دەنگەکانی زیاد نەکەن، ئەمەش بۆ پارتی بەو هەمو دەسەڵات و پارە و هێز و پەیوەندی جیاجیانەیەوە، ئەگەر ڕێژەی سەدا دوازدەکەی پێشوتر بێنێتەوە، ئەوا جێی شەرمە، ئەی ئەگەر لەوەش کەمتری کرد، ئەوا هەر لێگەڕێ!

یەکێتی، بەو شەپرێوی و بەو سەدان کێشە قوڵە ناوخۆییەوە زۆر زیاتر لە پارتی لە هەڵبژاردن دەترسێ. یەکێتی لە جێ نفوزی خۆی تەواو لەق بووە، گەر هێزی نەبێ، ئەوا لەمێژە بە هێزەکانی دیکەی سلێمانی دۆڕاوە. بۆ یەکێتی هەمیشە هەڵبژاردن تایەکی قورسە، هەر هێزێکی نوێ لە سلێمانی خۆی ڕادەگەیەنێ، لە یەکێتی دەباتەوە، بۆیە هەمیشە بێ وەڵامە، بەرامبەر هەوادارانی خۆی و مێژوی زۆری جەماوەرەکەی. دوایین هەڵبژاردن یەکێتی لەسەر ئاستی هەرێم بە نەوەی نوێ دۆڕا، کە حیزبێکی تەمەن بچوکە و چەند گەنجێك بەڕێوەی دەبەن. کەواتە بۆ یەکێتی دواخستنی هەڵبژاردن بەرامبەر بە دۆڕانێکی دیکە بەرامبەر نەوەی زۆر نوێ، بژاردەیەکی حەتمیە. لە لایەکی تر لەبەرئەوەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کەرکوك ناگرێتەوە، کەواتە بۆ یەکێتی زۆر قورستر دەبێ، چونکە یەکێتی لە هەڵبژاردنەکانی ئێراق شکستەکانی خۆی لە هەرێم بە دەنگەکانی کەرکوك دادەپۆشی.

گۆڕان، ڕاستی نازانم باسی چی و کوێی گۆڕان بکەم! گەر ترسی یەکێتی و پارتی لە هەڵبژاردن هەردوکیان کۆ بکەیتەوە، ناگاتە ترسە گەورەکەی گۆڕان، کە لەم هەڵبژاردنە هەیبو. چونکە لە دوا هەڵبژاردندا یەك کورسیشی نەهێنا، ئیتر خۆی زۆر باش دەزانێ، ئێستا دۆڕاوترین و شکستخواردوترین حیزبی هەرێمە. گەر هەڵبژاردنیش کرابا، ئەوا ئەوپەڕی یەکدو کورسی دەهێنا.

ئێ ئەگەر یەکدو کورسیت هەبێ، کێ ئاوڕت لێدەداتەوە؟ ئەی چۆن ئەندامە بەرژەوەندخوازەکانی سەرەوەیان پارێزگاری لە پۆست و دەسکەوت و بەرژەوەندیەکانیان بکەن!؟ هەڵبەت بە دوو کورسیەوە لە حکومەتی داهاتو هەمویان دەردەکران. ئیتر چۆن دەنگ بۆ دواخستنی هەڵبژاردن نادەن و چۆن خۆیان بە دەستی خۆیان دوا بزمار لە تابوتی خۆیان دەدەن، کە دەمێکە ئەو بزمارە لێدراوە.

# ئارایش دانەوەی تیرۆر بەرهەمی دەسەڵاتە...



نووسینی: عبدالرحمن رسول

هەبوونی تیرۆر واتە نەبوونی ئارامی و لەناوبردنی جوانییەکانی ژیان کە ئازادی بیرکردنەوە و ڕەخنە و تێڕوانینی جیاوازە. لەهەر کۆمەڵگەیەک تیرۆر هەبوو هەبوونی مافی مرۆڤ و ئازادی سیاسی و ڕادەربڕین و مەدەنی بوونی کۆمەڵگە دەکەوێتە مەترسییەوە، چونکە جوڵەکانی بیرکردنەوە و ڕەخنەگرتن و بۆچوونە جیاوازو بیروڕا جیاوازەکان تووشی شڵەژان دەبن بەهۆی گومان لەوەی کە ئەوانیش تووشی فشار و ئەگەری لەناوبردن دەبن بەهۆی بۆچوون و ڕەخنە جیاوازەکانیانەوە.

ئەوانەی پەنا بۆ ئەنجامدانی تیرۆر دەبن کە خاوەن هەر جۆرە بیروباوەڕو دین و نەتەوە و بۆچوونێک بن ئەوا لەئەنجامی ئیفلاسی فکری و بیرکردنەوەو ڕوکودی سیاسی و فکریان کە لەئاست بیرکردنەوە و هزرە پێشکەوتنخوازو مرۆڤدۆست و ئازادیخوازو یەکسانیخوازەکاندا بێ وەڵامن لەڕویی فکری ئیداری و سیاسی یەوە، لەبێ توانایی و هیچ لەباران نەبوویی و بێ وەڵامن بەرامبەر پرسیار و بۆچوونە نوێیەکان و جیهانی شارستانی و مرۆڤی سەردەمی شارستانی وئازادیخوازی دا. ئەوانەی تیرۆر ئەنجام دەدەن هەرگیز توانای گونجاندن و دیالۆگ و گوێ گرتنیان نییە بۆیە بۆ ڕوبەڕووبوونەوە تەنها بەتیرۆر وکوشتن وەڵامی ڕەخنە و چالاکییە ئازادیخواز ومرۆڤ دۆستەکان کە لەخۆیان جیاوازن دەدەنەوە.

لەهەر کۆمەڵکەیەکیش تیرۆر و کوشتن وکوشتنی ژنان وپیاوان چەند بارە بۆوە، ئەمەش بەواتایی ئەوەیە کە جۆرێک دەسەڵاتێک هەیە کە خۆی پێکهاتەکەی هاوکارو یارمەتیدەری گەشەدان و ئاراشتدانەوەی تیرۆرە. ئەگەر نەتوانێت لەماوەیەکی کەمدا ئەو جۆرە کوشتن و تیرۆرانە بوەستێنێت ئەوا سەرجەم پێکهاتەی ئیدارەداری و دەسەڵاتداری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەو دەبێتە بەشێکە لە هاوکارو یارمەتی دانی گەشەی تیرۆر.

لەم قۆناغەدا ڕۆڵی خەڵکی ئازایخوازو سیکۆلارو مرۆڤ دۆست و کۆمۆنیست دێتە گۆڕێ کەپێویست دەکات بەئەرکی دروستی خۆیان هەستن. ئەویش ڕوبەڕوبوونەوەیە لەدژی کۆی پێکهێنەرە فکری و بیرکردنەوە وبۆچوون و تێڕوانینەکانە کەهۆکاری ئەنجامدەری تیرۆر و کوشتنەکانی ژنان و پیاوانن و کە یارمەتی و پشتیوانن لەئاراشتدانەوەی ئەنجامدانی تیرۆر.

کە لەژێر ئەم تێڕوانینەی سەرەوە کەمێک بیر لە پێکهاتەی ئیدارەدان و دەسەڵاتداریتی کوردستان بکەین، بەڵام بەبێ ئەوەی لایەنگری وکاریگەری هیچ جۆرە ئایدیا و بۆچوون وتێڕوانینێکی حیزبێکی سیاسی دیاریکراو لەزەهنێت و بیرکردنەماندا داگیربکات لەسەر بابەتی بیرکردنەوە کە هەبوونی چەندبارەی تیرۆرە لەکوردستانە!

دەرئەنجام دەگەینە ئەو ئەنجامەی لە باشووری کوردستان بەدیاریکراوی کۆی سیستەم و دەسەڵاتدارانی بەشێکی بەهێزی ئەنجامدەرو هێزی ئاراشتدانەوەی پێکهاتەکانی گەشەی تیرۆرن لەکوردستاندا، لەوەش کوشندەتر ئەوەیە زۆرینەی پێکهاتەی میدیایی و سیاسی و ڕوناکبیری و سیکۆلارو ئازادیخوازو چەپ و کۆمۆنیست و شیوعی لەو چوارچێوەدا بێ هەڵوێست و بێ جوڵەی بەرەنگاری ئاراشتدانەوەکانی تیرۆرن لەکوردستان ئەمەش وایی کردووە لەجیاتی کەم کردنەوەو نەمانی تیرۆر، خودی تیرۆر ببێتە هەڕەشەیەکی جدی لەسەر ئارامی و ژیانی کەسانی ئازادیخوازو یەکسانیخواز لەژنان وپیاوان لەباشووری کوردستان. ڕۆژ دوایی ڕۆژ ئازادییەکان زیاتر بەرتەسک دەکرێنەوە لەژێر ناو و بیانوی جیاوازی کوشندەدا.

ئەزیزانی خوێنەر: تکایە! با چیتر ڕوداوە تیرۆریستییەکان لەچوارچێوەی حیزبێک یان فکرو بیرکردنەوەیەکی بەرژەوەندی تایبەتی هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەکان ئەنجام نەدرێت، کە ئەمەش تەنها بۆ هاوسۆزی نیشاندان نەبێت، ئەگەر ئەم شێوازە هەڵەیە بەردەوامی پێبدرێت هەروەک ڕوداوێکی دیاریکراوی ناخۆشی حیزبێک یان خانەوادەو گروپێک لێکدانەوەی بۆ بکرێت دواجار لەکۆی گشتی دا زیاتر کۆمەڵگە دادەڕوخێت وبەرەو وێرانترو بێ ئومێدی زیاتر ڕاپێچ دەکرێت، ئەمەش چەند لەبەرژەوەندی تایبەتی دەسەڵات و تیرۆر و توندڕەوەییە هێندەش زیان بە کۆمەڵگەی کوردستان دەگەیەنێت.

زۆرینەمان لەمێژوویی ژێر دەسەڵاتی سیاسی چەوسێنەرو دزو گەندەڵی کوردستان گوێ بیستی هەواڵی تیرۆرکردنی چەندەها هەڵسوراوی سیاسی ژن وپیاو و ڕۆژنامەنووس بوون لەمانگی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢ یش گوێ بیستی ژنێکی چالاکوانێکی سیاسی و میدیایی بووین لەشاری سلێمانی و لەشاری هەولێریش ئەفسەرێکی دەزگایی زانیاری تیرۆر کرا، لەوەش خراپتر هەموو لایەک نەیان توانی جیاوازتر لە ڕابردوو تیشک بخەنە سەر بابەتی تیرۆر. بەهەمان جۆری ڕووداوە تیرۆر و کۆمەڵکوژییەکانی ڕابردوو تەنها لەچوارچێوەی کرۆزانەوە و هاوسۆزی و مەحکوم کردن و سەرەخۆشی ئاسایی دا تێپەڕی نەکرد. بەم جۆرە ڕۆژی ٤ ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢زۆر بەداخەوە یەکێک لەژنە چالاکەکان لەبواری میدیایی و سیاسی لە گەڕەکی بەختیاری شاری سلێمانی تیرۆرکرا، بەپێی ئەو زانیارییەکان ئەو ژنە ناوی (ناگەهان ئاکارسەر) ە ناسراو بووە بە ( هەڤاڵ زیلان ) و تەمەنی ٤٥ ساڵە، خەڵکی شاری کۆنیای باکووری کوردستانە".

هەروەها لەبواری ڕاگەیاندن وسیاسی دا چالاکی ئەنجامداوە ئەو چالاکوانە بەپێی زانیارییەکان ئەو ژنەی سەر لەبەیانی لەناو گەرەگدا بەر دەستڕێژی گوللە دراوە و گیانی لەدەستداوە. ئاگەهان ئاکار سەرنووسەری گۆڤاری ژنۆلۆجی بووە. ڕوناکبیران و ڕۆژنامەنووس وچالاکوانی سیاسی و مەدەنی تەنها بەیاننامەو مەحکوم کردن و سەرەخۆشیان دەربڕی، هەروەها لایەنگرو بەرپرسانی پارتی کرێکارانی کوردستانیش لەو چوارچێوە دەرنەچوون. لایەنی دەسەڵات وحکومەتی باشوری کوردستانیش مەحکومی کرد و سەرەخۆشی کرد و هێزەکانی ئەمنی کردە پاڵەوانی ڕووداوەکە کە سەبارەت بەم کردەوە تیرۆرستی یە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی پارێزگای سلێمانی لەڕوونکردنەوەیەکدا ئەوەی بڵاوکردۆتەوە کە توانرا تۆمەتبارانی ئەم کردەوەیە دەستگیر بکەین و لەئێستادا لەسەر فەرمانی بەڕێز دادوەر ڕاگیراون و لێکۆڵینەوە لەگەڵیان بەردەوامە. بەشێک بۆچوونەکانی خرانە ڕوو کوردستانیان بە هەبوونی مۆڵگە و بارەگای میتی دەوڵەتی تورکیا بەهۆکاری ئەم ڕووداوەی زانی. بەشێکی تر باسی هەبوونی مۆڵگە وبارەگای ئیتلاعات ومیتی دەوڵەتی تورکیا وئێرانی بەهۆکار زانی .

کەوایە سەرجەم تێڕوانین و بۆچوونەکان بەبێ ئەوەی هیچ بەگژداچوونەوەیەک لە تێڕوانین و بۆچوونەکانیان بەرامبەر ئاراشتدانەوە وگەشەی تیرۆر کەبە بەرنامە وپلان ونەخشەڕێگا جێبەجێ دەکرێت بخەن ڕوو و بڵاوی بکەنەوە. ئەمەش بۆئەوەیە هەریەکەیان لەچوارچێوەی زاڵبوون و کاریگەربوونی بەرژەوەندی فکرو بۆچونی تایبەتی و حیزبی یە کە نەتواندراوە بچێتە بازنەی گشتی جەماوەری بەگژداچونەوەی ئایدیا وفکرو بۆچوون وکردەوەی تیرۆریستی، کەئەمەش زۆر بەداخەوە ئەو بۆچوونە دەسەلمێنێت کە دەبێت چاوەڕوانی ڕووداوی تیرۆرکردنی ئازیزانی سیاسی ئازادیخوازو یەکسانیخوازبین. هاوڕێیانی خوێنەر لەساڵی ١٩٩١ وە بۆ ساڵی ٢٠٠٠ چەندین کەس تیرۆر کران هەر لەساڵی ١٩٩١ چەندین هەڵسوڕاوی سیاسی بزوتنەوەی شورایی تیرۆر کران، دواتر یەکێک لەگەنجە شاعیر و دڵسۆزەکانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش بەناوی بەکر علی لەناوەڕاستی شاری سلێمانی تیرۆر کرا، لەناوچەی ئاکرێ ئارام و ڕێناس و لەشاری هەولێریش چەندین هەڵسوڕاویی سیاسی لەوانە شاپور عبدالقادر و قابیل عادل بەفتوایی مەلاکان تیرۆر کران، دواتریش هەمان ئەو مەلایانەی کە فتواکانیاندا لەجیاتی دادگایی کردنیان لەلایەن دەسەڵاتەوە خەڵات کران و بوونە ئەندام پەرلەمانی کوردستان وعێراق هەروەها لەساڵی ٢٠٠٠ بۆ ٢٠٢٢ چەندەها کاری تیرۆریستی ئەنجامدراوە لەوانە تیرۆرکردنی پێنچ کادیری کۆمۆنیستی کرێکاری لەناوشاری سلێمانی لەلایەن چەکدارانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە کە دەسەڵاتداری کوردستان بوو، تیرۆرکردنی زیاتر لە ٣٠٠ هەڵسوڕاوی سیاسی حیزبەکانی ئێرانی و ڕۆژ هەڵاتی کوردستان لە ژێر سایەی دەسەڵاتی کوردایەتی بنەماڵەکانی تاڵەبانی و بازرانی دا تیرۆر کران . ئەگەر لەهەر کۆمەڵگەیەکی تری جیهاندا کە کەمێک وشیاری هەستکردن بەرپرسیارێتی ئەمە ڕوویی بدابایە بەدڵنیاییی دەبووە خەمی گشتی کۆمەڵگە لەڕوویی تێکۆشانی یەکگرتووانەی جەماوەی ئازادیخوازی لەدژی ئاکارو کردەوە و فکری تیرۆریستیدا، بەڵام لە باشووری کوردستان زۆر بەئاسانی و سادەیی، کردەوەی تیرۆریستی بۆتە نۆرماڵ و ئاسایی کۆی کۆمەڵگە، هەر بۆیەشە ساڵ لەدوای ساڵ زیاتر کاری تیرۆریستی لەباشووری کوردستان درێژەی هەیە، بەڵام پەیام و سەرنج و بۆچوونەکانیش بەهەمان جۆرو شێواز درێژەی هەیە کە شێوازو جۆری کرۆزانەوە و هاوسۆزی و مەحکوم کردنە. هیچ کۆمەڵگەیەکیش بەتەنها مەحکوم کردن و سەرەخۆشی نیشاندان ناگۆڕێت بەرەو باشترو نوێتر.

* نەخشە ڕێگای تێکشکاندنی تیرۆر: ئەگەر بمانەوێت تیرۆر کۆتایی پێ بێت پێویستە دژایەتی تیرۆر و فکرو بیرکردنەوەی تیرۆر و توندڕەوەی ببێتە خەمی کرداری کۆی گشتی کۆمەڵگەی باشووری کوردستان، ئەمەش یەکەمین هەنگاو لە تێکۆشانی ڕادیکاڵانەی کەسانی کۆمۆنیست و شیوعی و سیکۆلارو ئازادیخوازو یەکسانیخوازەوە دەبێت هەنگاوی کرداری بۆ بندرێت کە خۆیان دابماڵن لەتەنها دەرکردنی بەیاننامە و سەرەخۆشی و مەحکوم کردنی ڕووداو و کردەوە تیرۆریستیەکان، واتە بە دەستە دەستە و کۆمەڵ کۆمەڵ خۆیان لەناو بزووتنەوەیەکی بەهێزی جەماوەری دا ڕێکخراو بکەن بە هەبوونی پرۆژەی ئینسانی بەگژداچوونەوەی کردەوە و فکری تیرۆیستی و توندڕەوی کە دوور بێت لە زاڵبوونی ئایدیا و فکری حیزبێکی دیاریکراو و چەقبەستوو کە جەماوەری ناڕازی پەرت بکات بەڵکو زیاتر ئاراستەکان و هەنگاوەکان بۆ بەگژداچوونەوەی تیرۆرو توندڕەوی بێت. کۆمۆنیست و شیوعی و سیکۆلارو ئازادیخواران ئەگەر ئەم هەنگاوە کردارییە نەهاون و جێبەجێ نەکەن، ئەوا ئەوانیش بەناڕاستەوخۆ دەبنە بەشێک لە وێرانکردنی کۆمەڵگە بەدەستی فکرو بیروباوەڕی تیرۆریستی و توندڕەوەی. لێرەوە دەمەوێت ئەوە بڵێم زۆر بەڕاشکاوی حیزبە شیوعی و کۆمۆنیستەکان لەتێکۆشانی شۆڕشگێڕانەی بزووتنەوەی چینایەتی کرێکاری و بزووتنەوەی جەماوەری دا زۆر داوەشاون بەجۆرێک گیریان خواردووە لەناو گۆشەگیری مەکتەبی، کەتەنها گرینگی بە بەیاننامە و نووسینی حیزبی و گرووپی دەدەن هەر بۆیە دەتوانم بڵێم هەر وەک بتێک حیزب و ڕێکخراوەکەیان دەپەرست کە بە جۆرێک چەماونەتەوە کە هەریەکەیان توانایی خەیاڵات و بیرکردنەوەی نوێگەری و تازەگەرییان نییە بۆ هێنانەکایەوە هەنگاوی بزوتنەوەی جەماوەری چینایەتی هەرئەمەش وایی کردووە کەنەتوانن هەنگاوی جەماوەری بنێن بەیەکەوە بۆ بەگژداچوونەوەی بیروباوەڕی تیرۆریستی و توندڕەوی و هەروەها نەتوانن هەنگاوی ڕادیکاڵانە بنێن بۆ ڕێکخراوکردنی بزوتنەوەی ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش لەباشووری کوردستان کە هەریەکەیان بەجۆرێک داوەشاوە لە کاری شۆڕشگێڕی جەماوەری وایی لێهاتووە هەروەک خەڵکی ئاسایی چاوەڕوانی قەدەرو یانسیبی گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە و کۆمەڵگە دەکات. ئەمەش دەرئەنجامی نەبوونی ڕابەرانێکی دڵسۆزو خاوەن ئیرادەی کاری شۆڕشگێڕی بۆ تێکۆشانی مەیدانی جەماوەری لەناو سەکردایەتی و کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی هەریەکەیان کە ناوی خۆیان ناوە حیزب و ڕێکخراوی کۆمۆنیستی و شیوعی لەباشووری کوردستان وعێراق. ڕێگاچارەی کۆتایی ئەوەیە جەماوەری خەڵک وشیارانە بێتە مەیدان بۆ بەگژداچوونەوەی کرداری لەدژی کردەوەی تیرۆریستی و بیروباوەڕو فکری توندڕەوەی و چەوسانەوەی کۆمەڵگە ئەمەش بە هەنگاونان بە ڕێکخراوبوون لەناو بزووتنەوەی جەماوەری یەکگرتوانەی چینایەتی خۆیاندا...

پرسی ژن ؟



بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارە سەرەکیەکانی توندوتیژی و ڕێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پێشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییەی کردۆتەوە کە لەهەر ژمارەیەکی دا لە ڕێگای وتار، دیمانە،

ڕاپۆرت، بابەتی وەرگێڕدراو... تیشك دەخاتە سەر هەلومەرج و پرسی ژنان و خستنە ڕووی ئەزموون و ڕێگاچارەی ئینسانی و یەکسانیخوازانە

بەرپرسی گۆشە: شوانە حەسەن ئەبوبەکر

# دیوە یاساییەکانی فرەژنی لە هەرێمی کوردستان"

**نوسینی : پارێزەر نەشاد عومەر**

لە بابەتی گرێبەستی هاوسەرگیری و داواکانی پەسەندکردنی هاوسەرگیری دەرەکی دادگاکانی سەر بە ئەنجومەنی دادوەری هەرێم کار بە یاسای باری کەسێتی عێراق دەکەن، لەگەل ئەو هەموارکردنانەوەی، لە هەمواری یاساکە کە بە ژمارە ١٥ لە سالی ٢٠٠٨ لە پەرلەمانی کوردستان کراوە بە رادەیەکی زۆر هێنانی ژنی دوەمی قەدەغە کردوە و بواری هێشتوەتەوە بۆ هێنانی ژنی دووەم بە مەرج و ئەگەری زۆر قورسەوە کە بە دەگمەن نەبێت لە هیچ پیاو و ژنێکدا بەدی ناکرێت .

بە پێی هەموارەکەی کورستان هیچ پیاوێک بۆی نیە زیاتر لە لە ژنێک بهێنێت مەگەر ئەوەی کە ژنی یەکەم نەخۆش یان نەزۆک بێت و پیاو توانای دارایی هەبێت و بەڵێنی دادپەروەری بدات لە نێوانیان و لە سەروی هەموشیەوە دەبێت ژنی یەکەمی رازی بێت بۆیە ئەگەر ئەو هۆکارانەش هەبێت و ژنی یەکەم رازی نەبێت ئەوا هێشتا پیاو ناتوانێت ژنی دوەم بهێنێت.

بەڵام ئەگەر هاتو و پیاوێک لە دەرەوەی دادگا ژنی دوەم و زیاتری هێنا و گرێبەستی دەرەکی کرد، هێشتا ناتوانێت لە دادگاکانی هەرێم داوای پەسەندکردنی ئەو گرێبەستە دەرەکیە بکات، چونکە بە پێی یاسا مارەکردنی دەرەوەی دادگا تاوانە و لە کاتی رەوانەکرنی ئەو ژن و پیاوە بۆ دادگای لێکۆڵینەوە سزاکەی بە پێی هەمان هەموار لە برگەی پێنجەمی مادەی ٧ کە سزاکەی پێکدێت لە دەستگیرکردن لە نێوان سێ تا پێنج ساڵ غەرامە.

لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە ئەو رێژە زۆرەی فرەژنی چۆن دەکرێت و لە کام دادگا ئەنجام دەدرێت و بۆچی هەموارەکەی کوردستان هیچی پێناکرێت؟

بەشی هەرە زۆری ئەوانەی کە ژنی دوەم دەهێنن بۆ ئەنجامدانی پرۆسەکە رودەکەنە دادگاکانی دەرەوەی دەسەلاتی ئەنجومەنی دادورەی هەرێم بەم شێوازانە:

یەکەم: دەکرێت لە هەرێم و لە دەرەوەی دادگا کەسێک ژنی دوەم بهێنێت و بە ئامادەکردنی دو شایەت لە یەکێک لە دادگاکانی باشور گرێبەستەکەی بکاتە یاسایی و لە رێگەی داوای (هاوسەرگیری دەرەکی)یەوە خۆی لە هەمو ترس و دڵەڕاوکێیەک رزگار بکات کە بێگومان ئەمە لە رێگەی بریکاریشەوە دەبێت.

لێرەدا راستە بە پێی یاسای عێراقیش مارەکردنی دەرەوەی دادگا تاوانە، بەڵام بە کردەیی لە هەمو ئەو دادگایانە سزای ئەو تاوانە بە غرامەیەکی زۆر کەم کۆتایی دێت یان بە راگرتنی سزا (ایقاف تنفیذ)ی پیاوەکە یان بە شێوەیەکی زۆریش لە ئاستی واقعدا بەهۆی هەموو ئەو رەوایەتدانانەی لە عێراق بە هێنانی ژنی دوەم دراوە ئەوا بەشی زۆری ئەو دۆسییانەی کراونەتەوە ئاسانکاری زۆری یاسایی و نایاسایی دەکرێت بۆ داخستنیان.

دووەم: دەکرێت وەکو هەر گرێبەستێکی تری ئاسایی لەو دادگایانە گرێبەستەکەی ئەنجامبدات و تەنها ئەو چەند مەرجەی تێدا بێت کە یاسای عێراقی دایناوە ئەتوانێت ژنی دوەم و زیاتر بهێنێت. مەرجەکانیش بونی پێویستییە بۆ ژنی دوەم و بەدیهێنانی یەکسانیە لە نێوانیاندا، گەرچی لێرە و لەوێ هەوڵ و هەڵوێستی دژ دەنرێت لەم دیاردەیە و وا پیشان ئەدرێت دیاردەیەکی نەویستراوە، بەڵام لە بەرئەوەی دیاردەکە لە پرۆسەیەکی تەواو یاسایی و شەرعیدا ئەنجام دەدرێت هیچ لەو هەوڵانە نەک نەبونەتە هۆی کەمبونەوەی دیاردەکە، بگرە بەریان بە زیادبونیشی نەگرتوە و هەمو ئەو پیاوانەش کە پرۆسەکە لە دادگاکانی عێراق دەکەن دەبنە خاوەنی گرێبەستێکی یاسایی و لە لەلایەکی دیکەشەوە دەبنە خاوەنی حوکمێکی دادگای سزایی کە لەسەر ژنی دوەم سزای داون.

بەم شێوەیە لە کوردستان هیچ سکاڵایەکیان لەسەر ناجولێندرێت و گەر بشکرێتەوە ئەنجامەکەی داخستنە، چونکە بە پێی یاسا هیچ کەسێک لەسەر یەک تاوان دووجار دادگایی ناکرێت و هیچ دامودەزگایەکی حکومەتی هەرێمیش بە دادگاکانیشەوە ناتوانن کار بە بریار و حوکمەکانی دادگاکانی عێراق نەکەن، چونکە کارێکی نادەستوریە.

بۆیە ئەو هەموارەی کە پەرلەمانی کوردستان کردی لە یاسادا بۆ رێگەگرتن لە فرەژنی و هەر هەموارێکی تریش دەشێت بکرێت، هێزی یاسایی زۆر لەوە کەمتر دەبێت کە بتوانێت کۆمەڵێک بابەت یەکلا بکاتەوە.

بۆنمونە: هەموارەکە بە هیچ شێوەیەک ئاماژە بەوە ناکات کە ئایا پیاوانی نیشتەجێی هەمیشەیی هەرێم دەتوانن لە دادگاکانی باشور گرێبەستی هاوسەرگیری بکەن یان نا، هاوکات هەموارەکە هیچ کات توانا و هێزی ئەوەی نیە کە دادگاکانی سەر بە عێراق جێبەجێی بکەن، بە هیچ شێوەیەکیش ناوی گرێبەستی هاوسەرگیری لە بەردەم دادگاکانی عێراق دا نەهێناوە، هەموارەکە باسی ئەوەشی نەکردوە کە ئەو پیاوانەی ژنی دوەم دەهێنن و ئەو ژنی دوەمە بە رەگەزنامە و بە شوێنی نیشتەجێبون خەڵکی ناوچەکانی باشوری عێراقە، چۆن مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، ئەمانە و چەندین نمونەی تر کە ئێستا سەریان هەڵداوە و هەموارەکەی هەرێم لە بەردەمیاندا دەستەوەستانە و جێگای ئەو نمونانەی تێدا نابێتەوە.

لە لایەکی دیکەوە ئەگەر وای دابنێین دۆسیەکی فرەژنی لە کوردستاندا هەیە و دەبێت بەمشێوەیە روە یاساکەی تێبگەین، دەبێت ئەوە بزانین کە هێنانی ژنی دوەم و فرەژنی لە چوارچێوەی ئەو تاوانانەیە کە بە تاوانەکانی مافی کەسی دادەنرێن بە پێی یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی »اصول المحاكمات الجزائيه« و بە پێی مادەی ٣ی یاساکە تەنها ئەو ژنەی کە ژنی بەسەردا هێنراوە دەتوانێت سکاڵا بکات و بەهیچ شێوەیەک داواکاری گشتی و هیچ کەسێکی تر مافی جولاندنی سکاڵا و هەواڵ دانیان نیە و ماوەی سکاڵاش تەنها سێ مانگە، دوای ئەوە ژن ناتوانێت سکاڵا تۆمار بکات.

لای هەموانیش رونە سکاڵا تۆمارکردن لە دژی پیاو لە لایەن ژنەکەی خۆیەوە شتێکی تاڕادەی ئەستەمە و کەم ژن هەیە لە کۆمەڵگەی لەم شێوەیەدا بتوانێت لە دژی پیاوەکەی خۆی پەنا بباتە بەر دادگا، بۆ ئەمەش چەندین نمونەی زیندو هەیە کە چەندین ژن گەرچی ناڕازیبون و بە تەواوی بە هۆی ژنی دوەمەوە، بەڵام نەیانتوانیوە سکاڵا بکەن بۆیە بە پێی یاسای باری کەسێتی هەرێم تەنها کارێک بکرێت ئەوەیە ژنی یەکەم دەتوانێت لەبەرئەوەی هاوسەری ژنی دوەمی هێناوە دەتوانێت بە پێی برگەی ٥ لە مادەی ٤٠ی یاساکە داوای جیابونەوە بکات و هەمو مافە داراییەکانی دەکەوێت.

ئەمەش ئەگەر ئەو دادوەرە باوەڕی بەوە نەبێت کە ئەم هۆکارە بۆ جیابونەوە لەگەڵ شەرعدا یەک نایەتەوە، چونکە لە بابەتەکانی باری کەسێتی زۆر جار رودەدات بە هۆکاری دژیەکی یاسا و شەرع، دەقە یاساییەکان جێبەجی ناکرێت لەلایەن بەشێکی کەم لە دادگاکانەوە.



لەبارەی ئەو خاڵەشی کە ئێستا ژنان وەکو مەرج دای دەنێن لە گرێبەستی هاوسەرێتی دەینوسن و پیاو پابەند دەکەن بەوەی کە ژنی دوەم لە داهاتو نەهێنێت، بە تێروانین لە بابەتەکە دەگەینە ئەوەی کە ئەم مەرجە هیچ هێزێکی پابەندکاری نیە و دەکرێت پیاو پێوەی پابەند نەبێت، لەو کاتەدا ژن تەنها دەتوانێت لە بەر پابەندنەبونی پیاو بەو مەرجە داوای جیابونەوە بکات، بۆیە هیچ ڕێگریەکی یاسایی نیە لەوەی پیاو ناچار بکات فرە ژنی ئەنجام نەدات، چونکە بابەتێکی حەڵاڵە و بنەرەتێکی شەرعی هەیە.

لە کۆتایدا لەبەر ئەوەی کە هێنانی ژنی دوەم بە پێی یاسای باری کەسێتی عێراقی پرۆسەیەکی یاسایەو سزا و لێپێچینەوەکانی یاساکەی عێراق زۆر سوکە و شایەنی باسکردن نیە، چونکە ئەو مەرجانەی یاساکە دایناوە هەمو پیاوێک ئەتوانێت لە بەردەم دادوەر بەخۆی رەوا ببینێت و واپیشان بدات کە مەرجەکانی تێدایە، کە سەرەنجام دادوەر گرێبەستەکەی بۆ ئەنجام دەدات،.هەڵبەت هەر ئەمەیە وا دەکات پیاوانی دانیشتوی هەرێم پەنا ببەنە بەر دادگاکانی دەرەوەی هەرێم، چونکە بە پێی دەستوری عێراقی هەر هاوڵاتیەکی هەرێم بە هاوڵاتی عێراقی دادەنرێت و یاسای باری کەسێتی عێراقی بەسەر هاوڵاتیانی هەرێمیشدا جێبەجێ دەبێت و بەو شێوەیەش لەو دادگایانە پیاوانی دانیشتوی هەرێم دەتوانن سودمەند بن لەو فرەژنیەی کە یاسای عێراقی رێگەی پێیداوە.

## گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشیوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان رێك دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر و هیوا سالّح، حەکیم میرزا



# پارادۆکسی ئەشق لە زمانی شاعیرو غروری مەعشوقدا

ئامادەکردنی: جەمال نوری

ئەو لەشوێنێکدایە کە ڕەنگە بۆ هیچ کەس مەسەلەیەک نەبێ، شوێنێک جێی بایەخی هیچ کەس نییە. ئەو لەوێدایە و بە بێدەنگیش جێگاکەی دەگۆڕێت و هیچ چاو و گوێچکەیەکیش سەرنجی نادات. ئەو تەماشاکەرە، نا، بەڵکو ئاشقێکی پەنهان و شاعیرێکی هەموو شتەکانە. ئەو بەهەموو شتێک ئازار دەچێژێت، کەچی بەم ئازارچەشتنە چێژ وەردەگرێت. لەبەرئەوەی بەلای ئەوەوە مرۆڤەکان و شتەکان و خەونەکان و ئەندێشەکان یەک شتن. ئەو ناتوانێت هیچ شتێک فەرامۆش و وێڵ بکات. هۆکارەکەشی ئەوەیە لەو شوێنەدا کە شاعیر حزوری هەیە، کەسێک وجودی هەیە کە بۆ شاعیر ئەو جێگایە فیردەوسەو ئەوەی کە خۆشی دەوێ یەکێکە لەو مەلائیەتانەی سەرزەوی، دەزانن ئەو شاعیرە، (ئەحمەد رامی) شاعیری دیاری میسری و بەناوبانگی عەرەبە، کەبۆیەکەمجار لەساڵ 1923 لەباخچەی ئۆزبەکیەی میسر لەوێ ئامادەیە و (ئوم کەلسوم)، هونەرمەندی بەناوبانگی عەرەبی ئەستێرەی پرشنگداری ڕۆژهەڵات بۆ هونەری گۆرانی ئامادەیە بۆ سازدانی ئاهەنگی گۆرانی موزیک، (ئەحمد رامی) شەیدای جوانی و شۆخ و شەنگی (ئوم کەلسوم ) و شێوازی لێهاتوویی لە دەنگ خۆشی و ئەداکردنی دەبێتە مایەی سەرنج و سەرسام بوونی ئامادەبووانی ئەو ئاهەنگە، بەڵام بۆ (رامی ) دەبێتە هۆکاری گۆڕینی لێدانی کارەبای دڵی بەهۆی ئەو خۆشەویستیەوە کە بۆ (ئوم کەلسوم )هەیەتی.

وەلێ لەبەرامبەر ئەم ئەشقە پاک و بێگەردەی ئەحمەد ڕامی بۆ کەلسوم هەیەتی، بەپێچەوانەوە کەلسوم هیچ کاردانەوەیەکی نیە بەرامبەر ئەو هەستەباڵایەی ڕامی، لەکاتێکدا (ئەحمد ڕامی) لە ڕێگای ئەم ئەشقەیەوە چەندین قەسیدەی عاتیفی ویجدانی و خۆشەویستی ناوازە دەنوسێ کە تەواوی ئەو شیعرانەی ڕەنگدانەوەی حاڵەتە ڕۆحی عاتیفیەکانی خۆی بووە بەرامبەر کەلسوم.

ئەم ئەشقە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لای ئەحمەد رامی گەشە دەکات، بەڵام ئەشقێکی یەک لایەنە..

ئوم کەلسوم، لەجیاتی ئەوەی بەئاڕاستەی ئەو هەستە بەرزو پڕ بەهایانەی رامی هەنگاوی ئەرێنی بنایە، بەپێچەوانەوە تەنها بیر لەخۆی دەکاتەوە، کاتێک لە پاریس دەخوێنێ دڵی دەچێ بەلای پیاوێکی فەرەنسیدا،

ئەحمەد رامی شیعرێکی پێشکەشکردوە بەنا وی ئەترسم ئەو خۆشەویستیەی بۆ تۆ هەمە هەروا بە شاراوەیی بمێنێتەوە و شیفا بەخش نەبێ بۆم .

لە یەکێک لەو ئاهەنگانەی کەلسوم تیایدا گۆرانی دەڵێ لەباخچەی ئۆزبەکیە، شێخ علی ابو محمدی ئاوازدانەر کاتێک گوێ لە دەنگی کەلسوم دەبێ، کە شیعرەکەی ئەحمەد ڕامی کردوە بە گۆرانی لەخۆشیدا رامی بانگ دەکات پێی دەڵێ ئەتەوێ خاوەنی ئەو دەنگە لەنزیکەوە بناسی، احمد رامی هێندە ئاشقی دەنگ و جوانی و ئەداکردنی دەنگێتی، خۆشحاڵ دەبێ، بەڵام کەلسوم کاتێک شێوەی ڕوخساری رامی دەبینێ، هیچ کاردانەوەکی نابێ بەرامبەر ئەو هەستەی (رامی)، بەڵام ئەحمەد رامی دەچێتە پێشەوە بۆ لای (ئوم کەلسوم )

پێی دەڵێ سلاو، کەلسوم پێیی دەڵێ (اهلا یاصاحب الفضيحة آستاذ آحمد رامي) ؟

رامی پێی دەڵێ فەزیحەی چی؟! کەلسومیش پێ دەڵێ تۆ خاوەنی قەسیدەی (حب تحت عيون نسيت).

ئەحمەد ڕامی 173 قەسیدەی بەهیبە دەبەخشێ، لەماوەی ئەو ئەشقە پاکەی بۆ کەلسوم هەیەتی ، توانی 173 قەسیدەی بەرزی پڕ بە ئیحساس و خۆشەویستی بۆ کەلسوم بنوسێ و پێشکەشی بکات، لەپێناو ئەوەی لە ڕێگای ئەم قەسیدانەوە کاریگەری لەسەر کەلسوم جێ بهێڵێ، لەکاتێکدا ئوم کەلسوم، بەهۆی بەرزی شیعرو ئەداکردنەوە ناوو ناوبانگێکی گەورەی پەیدا کرد، ئەوە جگە لەو سەروەت و سامانە زۆر زەوەندەی کەلە ڕێگای شیعرەکانی رامیەوە بۆ خۆی بەدەستهێنا. بەبێ ئەوەی یەک سەنت چیە بدرێ بە احمد ڕامی شاعیر وەک مافی خاوەن دەق، واتە رامی هەموو ئەو شیعرانەی بەخوڕایی دەنوسی، چون ئەو لەیەک کاتدا هەم شاعیربوو هەم ئاشق.. واتە شاعیر بوونی بریتی بوو لەو کەسەی کەتێیدا هەموو توخمەکانی زەمەنی پێکەوە گرێدەدرێتەوە، بەجورێک تەنها لەودا زەمەنی ئێستا ئامادەیە، کە بەڕابردوەوە گرێدراوەو بە نەمری دەمێنێتەوە..

ئەحمەد رامی وێڕای خۆشەویستی بۆ ئوم کەلسوم ئەداکردنی گۆرانی و جوانی چڕینی، هێندەی خۆشەویستیەکەی سەرسامی کردبوو، واتە دەنگ خۆشی ئوم کەلسوم لەلای ئەحمەد رامی گەیشتنی بوو بە ڕاستیەکان و لەوێشەوە بە ماناکانی بوونی ئازادی و ڕزگاری، دەنگ خۆشیەکەی ئوم کەلسوم گرنگەیەکەی لەوەدایە کە دەتوانێت ( دۆزەخی) پێ بگۆڕیت بە ( بەهەشت)، دەنگ وەرگێڕی ئەو وێنە ناشیرین و شێوا و پڕ لەو زوڵمانەیە کە دەبێت بگۆڕدرێن بۆ وێنەی جوانی ئێستاتیکا، کە مرۆڤ والێ دەکات بگەڕێ بەدوای بەها جوانەکانی سروشتدا.

دەنگ لە هونەری گۆرانی دا ئەگەر لەتوانایدا نەبوو تەواوی هەستە باڵاکانی مرۆڤ داگیر بکات، ئەوا دەنگ نیە.

ئەم سەرسامیەی رامی بۆ ئوم کەلسوم، ڕەنگدانەوەیەکی گەورە بەجێ دەهێڵێ لەناو خەڵکی و کۆمەڵگای میسری دا ، لەو دەمەدا ڕۆژنامەنوسانی میسر، هەریەک لە رامی و ئوم کەلسوم دەدوێنن بەرامبەر یەکتری، لە ئوم کەلسوم دەپرسن. ئایا دەزانی شاعیری گەورەی عەرەب ئەحمەد ڕامی سەرسامە بە دەنگ و خاوەن ئشقێکی بێ وێنەیە بەرامبەر بە تۆ..؟

لەجیاتی وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامە نوسەکە بداتەوە ، بەپێچەوانەوە لە پرسیارەکە خۆی دەدزێتەوە.

بەڵام ڕۆژنامەنوسەکە دەچێتە لای ئەحمەد رامی و پێی دەڵێن ئوم کەلسوم هیچ هەستێکی نیە بەرامبەر بەتۆ؟ تۆ چی دەڵێی لەسەر ئەو؟

ئەحمەد رامی دەڵێ، ئوم کەلسوم وەک ئەهرامەکان وایە نەدەتوانم دەستی لێبدەم، نەدەتوانم بەسەریدا سەربکەوم.

ئوم کەلسوم بەردەوام هەوڵی داوە لەڕێگای کەسانی دەوڵەمەندو خاوەن پێگەی کۆمەڵایەتی و ئابوریەوە نزیک بێتەوە و شووی بکات، تاوەکو لەو ڕێگایەوە خەونی هونەریەکانی پێ بهێنێتە دی، یەکێک لەو کەسانەی کە کەلسوم شووی پێ دەکات د، حەسەن حەسناویە، ئوم کەلسوم بەوپەڕی لەخۆبایی بوونەوە، بێ شەرمانە داوا لە ئەحمەد ڕامی دەکات کە شیعرێکیان بۆ بنوسی باس لە خۆشەویستی و خۆشی و جوانی ژیان بکات.

رامی لەوەڵامدا داواکەی بەرپەرچ دەداتەوە و پێی دەڵێ من لەئێستادا ژیان بەڕەشی دەبینم. ئەم داوایەی ئوم کەلسوم ئەحمەد ڕامی تورە دەکات، چون ئەو کەسەی ئوم کەلسوم شووی پێکردوە هاوڕێی ئەحمەد ڕامی یە وپێی دەڵێن بۆ نازانی ئەحمەد ڕامی ئوم کەلسومی خۆش دەوێ چەندین ساڵە، لەوەڵامدا ئەویش پێی دەڵێ منیش ئوم کەلسومم خۆش دەوێ.

ئەحمەد ڕامی دەزانێ کە ئوم کەلسوم هیچ بەهایەک بۆ ئەو ئیحساسە بەرزەی دانانێ، پێی دەڵێ، هەموو ئەو جوانی و شانازیەی لەڕێگای دەنگتەوە پێی دەنازی هیچی ناگۆڕمەوە بە شکۆی شیعرێکم، تۆ دەبێ شەرم بکەی لەئاست شکۆمەندی وشەکانم، پێم نالێی تۆ کێی کە وا دەنازیت..

### ئەحمەد ڕامی و دابڕان و گۆشەگیری

لەدوای شووکردنی ئوم کەلسوم ئەحمەد ڕامی لەماڵەوە خۆی گۆشەگیر دەکات و نایەتەدەرەوە چەندین ساڵ لەم حاڵەتە دەرونیەدا ئەحمەد ڕامی شیعرێکی بۆ دەنوسێ و کەلسوم یش دەیکات بە گۆرانی، دایکی ئەحمەد ڕامی کاردانەوەیەکی گەورەی دەبێ و پێی دەڵێ تۆ خاوەنی خێزانی، شەرم نییە خێزانت هەیە و لەم تەمەنەدا خەریکی خۆشەویستی بیت؟

ئەحمەد ڕامی یش پێی دەڵێ خۆشەویستی بۆ خۆی سوڵتانە.

### ئەحمەد ڕامی و مردنی ئوم کەلسوم

لەساڵی 1975 ئوم کەلسوم کۆچی دوایی دەکات، ئەحمەد ڕامی بە بیستنی هەواڵەکە هێندەی تر دۆخی خراپ تر دەبێ و زیاتر توشی دابڕان و تەنهایی و گۆشە گیری دەبێ، واتە لە دۆخێکی زۆر هەستیاردا ژیان بەڕێ دەکات. دەنوسێ:

وشەکانم بەتەنها مانەوە و ئێستا خۆشەویستی نیە

ئازارەکانم شکا وشیعرەکانم کۆچیان کرد .

لەساڵڕۆژی کۆچی دوایی ئوم کەلسوم دا انور ساداتی سەرۆک کۆماری میسر داوا دەکات لە ئاهەنگی ماتەمینی ساڵرۆژی کەلسوم دا بەشداربێ، ئەحمەد ڕامیش بەو هەموو خەم و خەفەت و حاڵەتە دەرونیەی کە هەیەتی، بەشداری کۆڕەکە دەکات و شیعرێک پێشکەش دەکات ودەڵێ:-

هەرگیز نەهاتە بیرم
دەنگێک ئارەزووم بێت
لەدوای دەنگی
لەخۆشتیرین لە گۆرانیەکانی
کە گوێ بیستی ئەبووم
نوێ دەبومەوە
کە ئێستا یادم دێتەوەو
گوێی لێدەگرم
ئەمگرێنێ و ئەگریم ..

**بۆ نوسینی ئەم بابەتە سودم لەم سەرچاوەیە وەرگرتوە**

**1- مجله الاهرام عدد 22904 السنه 1999**

**حول قصة الحب من احمد رامي لفنانة الكوكب الشرق ام كلثوم**

# گۆشەی ئەدەب و هونەر

# لولیتا لە تاران دەخوێنێت...



نووسینی: شەماڵ بارەوانی

ڕۆمانێکی واقعی (٥٧٦) لاپەڕەیی خاتوو(ئازار نەفیسی) نووسەری بەرەگەز ئێرانی و تاراوگەنشینە.

ئەم ڕۆمانە، یەکەم چاپی لەساڵی٢٠٠٣ لێ بڵاوبووەوەو دواتر بۆ(٣٢)زمان هاتە وەرگێڕان و توانی ژمارە پێوانە بشکێنێت و ئاستێکی بەرز و لە پڕفرۆشترین تۆماربکات و بە پێی لیستی گۆڤاری (نیویورک تایمز)، بۆماوەی(١١٧)هەفتە، ژمارە پێوانەیی شکاندن و پڕفرۆشترین بوو.

هەروەها توانی چەندین خەڵاتی ئەدەبی بەدەست بێنێت و ببێتە هۆکاری ناودار بوونی نووسەرەکەی، لەسەر ئاستی جیهاندا.

**لولیتا لە تاران دەخوێنێت/**

ئەو ڕۆمانە، ژیاننمای خودی نووسەر خۆیەتی، کە تێیدا ئەزمونی ژیانی خۆی بە تایبەتی و دۆزەخی ژیانی خەڵکی ئێران بەگشتی باس دەکات و لە برگەیەکی زەمەنی و مێژوویی کۆماری ئیسلامی ئێران دەدوێت و لاپەڕە تاریک و تاڵەکانی جەحیمی ژیان لەو وڵاتە هەڵدەداتەوە.

وڵاتێک، کە نووسەر لەساڵی ١٩٩٧، بەهۆی تۆتالیتاریزمی حوکمی مەلالی و فشاری ئاخوندەکانی بە ناچاری جێی دێڵێت.

نووسەر لولیتای لەناونیشانی ڕۆمانێکی شاعیر و نووسەرو وەرگێڕو ڕۆماننووسی روسی (فلادیمێرنابۆکۆف)وە وەرگرتووە.

ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە باس لە ڕووبەڕووبوونەوەی سیستەمی تۆتالیتاری دەکات.

**لولیتا لە تاران دەخوێنێت/**

حەقیقەت کارێکی ئەدەبی مەزن و ڕۆمانێکی ناوازەیە.

ئازار نەفیسی تێیدا لە ئەزموونی تاڵی ژیانی خۆی دەدوێت لە ئێران، لەوکاتەی شۆڕشی ئێران چۆن دوای ئەوەی سەردەکەوێت و نیزامی شا دەڕوخێت و لە شوێنیدا کۆمارێکی مەزهەبی و ئیسلامی جاڕدەدرێت، ژیان و ئازادی خەڵک لە لایان ئاخوندو مەزهەبگەراکانەوە دەستی بەسەر دادەگیرێت و داوا لە ئازار و هەموو مامۆستاکانی تری زانکۆو تەواوی ناوەندەکانی تری خوێندن و سەرتاسەری کۆمارەکە دەکرێت، لە ژن و کچەکان، کەدەبێت ئێتر باڵاپۆشبن و لەچک و پۆشاکی ئیسلامی بپۆشن.

ئازار بەهۆی فشار لەسەرژیان و ئەو سەپاندنە بە زۆریەی حیجاب و سەرپۆش، ناچاردەکرێت دەست لەپیشەی مامۆستایەتی هەڵگرێت و لە کەشێکی کابووساوی و پڕ لەترس و تیرۆری حوکمی مەزهەبگەرایی خۆسەپێنەکاندا،

سەرکێشی بە ژیان و گیانی خۆیەوە بکات و ژیانی خۆی و ئەو حەوت قوتابیە بخاتە مەترسیەوە و لە ماڵەوەدا بنکەیەکی ئەدەبی دابمەزرێنت و هەموو بەیانیەکی ڕۆژانی پێنج شەممە، بە نهێنی و دوور لە چاو چاودێری پیاوانی ئایینی و دەسەڵاتی مەزهەبگەرایی و کۆماری ئیسلامی و دوور لەو کەشەی زانکۆ وانە بڵێتەوە.

ئەو زانکۆیەی کە ئەدەبی تێدا بێ بەهاو بێ قیمەت دەکرێت و سانسۆر و فلتەرو هەڕەشەی دەخرێتە سەرو دنیایەک هێڵی دەستکرد و بتی ئایدیۆلۆژی و بڤە و تابۆی مەزهەبی لە بەردەمدا قوتدەکرێتەوە و ئەدەب لە جیاتی ئەوەی ئاوێنەی ڕووداوەکان و ئایکۆنی جوانیەکان و دەرخەر و پیشاندانی ڕاستیەکان و ئافرێنەری تێگەیشتنەباڵاکان و بەرجەستەکەری ئێش و ئازار و موعانات و خەمی ژیانی مرۆڤەکان بێت، بەڵکوو بێ بایەخ و بێ بەهادەکرێت و لە هەڕەمی پیرۆزێتی خۆی بۆ نێو تۆنێڵی تاریکی مەزهەبگەرایی دەهێندرێتە خوارەوەو دەکرێت بە پاشکۆ و خزمەتکار و کارمەندی فەرمانگەی ئیدۆلۆژیای ئاخوندەکان و ئەرکگەلێکی لێ باردەکەن و کارێکی پێدەسپێرن، کە پێچەوانەی ئەرک و ڕۆڵ و پیرۆزی و پێگەی ئەدەبە.

لەکاتێکدا ئەرکی ڕاستەقینەی ئەدەب تفاعولکردنە لەگەڵ واقیع و بەرگریکردنە لە هزری ئازاد و ئازادی ویژدان و ژیانی ڕۆژانەی خەڵک و کەشێکی لیبیراڵانە. کەچی لەوەها کۆمارێکی مەزهەبی تۆتالیتاریدا، سەرلەبەری شتەکان تەواو پێچەوانە دەبنەوە وەهەموو ئەو ڕۆمان و چیرۆکانەی دژی تۆتالیتاری و سەرکوتکاری و مەزهەبکارین و لەگەڵ زەوق و مەزاج و سەلیقە و ئایدیۆلۆژیای مەزهەبیانە و دیکتاتۆریانە و تۆتالیتارانەی پیاوانی ئایینی و دەسەڵاتی عەمامەبەسەرەکان و کۆماری ترس یەکناگرێتەوە، دەخرێنە قەفەسی تاوانباری و لیستی ڕەشی لێپێچینەوەو بۆتەی قەدەغکرن و یاساخ دەکرێن.

ئیدی بەو شێوەیە ئەدەب فلتەر و دەمکوت دەکرێت و لە وتنی ڕاستیەکان و لە دەرخستنی ڕووی ڕاستەقینەی مەزهەبگەراکان و پیشاندانی سکاندالەکان بێدەنگ و سەرکوت و زیندانی دەکرێت.

زۆر تراژیدیایانە ئەدەب بێ ڕێزی پێدەکرێت و دەکرێت بە کۆپیەکی کاربۆنی ئەو واقیعە قێزەون و ناشیرینەی کۆماری پەت وسێدارە.

ئەو واقیعە هێڵنج هێنەرەی مامۆستا ئازار لێی ڕادەکات و نایەوێت هەرگیز ببێت بە بەشێک لەو مێژووە ڕەشە و لەو سەرکوت کاری و بێ ڕێزیەی لە بەرامبەر ئەدەب دەکرێت و دواتر ناوی بچێتە ناو لیستی ناپاکان و بەر نەفرەتی مێژوو و گەل بکەوێت.

ئێ چۆن مامۆستا ئازار بەرگە دەگرێت چیتر لەوەها زانکۆیەک بمێنێتەوە و وانە بڵێتەوە (زانکۆی تەباتەبائی). ئەو زانکۆیەی لەسەردەمی شا، یەکێک لەهەرە زانکۆ پێشکەوتوو لیبراڵیەکانی تەهران بووە.

ئەفسوس ئێستا بووە بە زانکۆی کۆنەخوازی و دژایەتی کردنی ئەدەب و هزری ئازاد و لیبراڵیەت.

Şemall barewanî, [9/30/2022 8:13 AM]

نووسەر لە زمانی مامۆستا ئازار

لە بارەی ئەو دۆخە تراجیدیکەی بەسەر زانکۆکەدا هاتووە پێمان دەڵێت "چۆن مرۆڤ دەتوانێت بەسەرنجەوە لەوەها زانکۆیەک کاربکات، لە کاتێکدا کاری سەرەکی بەرپرسانی کۆلێژەکە لابردنی وشەی (مەی بێ) لە چیرۆکەکانی (هەمنگوای)، یاخود ئەولەویاتی کاریان ئەوەبێ خوێندنی (برۆنتی) لە کۆلێژەکە قەدەغەبکەن، چونکە بە تێگەیشتنی هەندێک لەبەرپرسەکان هانی سێکسی دەرەوەی پرۆسەی هاوسەرگیری(زنا) دەدات.

ئیتر تا شکۆ و سەروەری بۆ ئەدەب بگەڕێنێتەوەو ئەدەب لە ئەرکە ڕاستەقینەکەی خۆی دوور نەخرێتەوەو بە دووربێت لەمەقەستی سانسۆر و برین، مامۆستا ئازار بۆ ئەو مەبەستە لە چێشخانەی ماڵەکەیدا ئەو بنکە ئەدەبیە دادەمەزێنێت، تا پێچەوانەی پێوەرەی کۆیلایەتی و لاقەکردنەکانی دەسەڵاتی پیاوانی ئایینی، بۆ ئەدەب و فیکری و قەڵەم و ئەقڵی ئازاد، وانەی یاخی بوونی تێدا بڵێتەوە و پێگەو ڕێزو بەها بۆ ئەدەب بگەڕێنێتەوە.

کۆمەڵێک لە قوتابیەکانی سەردانی دەکەن و وانەی ئەدەبی تێدا دەخوێنن و گەنگەشەو مشتوماڵی کۆمەڵێک بەرهەمی ئەدەبی دەکەن.

لەوانە: ئەدەبی کلاسیکی ئێرانی و عەرەبی و چیرۆکەکانی هەزار و یەکشەوە و ئەدەبی کلاسیکی ڕۆژئاوایی و ڕۆمانەکانی مەدام بۆڤاری، دیسەمبەری کاهینێک، لولیتای فلادیمێر نابۆکۆف، سکوت فیتزجیرالد، جاین ئۆستن و هنری جەیمس..تاد.

تاوەکو لەو ڕێگەیەوە تۆوی وشیاری و نەزعەی تەمەڕود لە ناخ و دەروونی تاکەکان بچێنن و لە ڕێگەیەوە ڕووبەڕووی واقیعی سەپێنرا و تاڵی ژیان و کەشی تۆقێنەر و سیستەمی تۆتالیتاری ئاخوندەکان ببنەوە و وشیاری و وەعی بڵاوکەنەوە و لێنەگرێن مرۆڤەکان چیتر ببن بە نێچیر و قوربانی دەستی ئەو سیستەمە مەزهەبیە دیکتاتۆرە و ڕادەستی مەرجەکانی دیکتاتۆریەت و بنەماکانی تۆتالیتاریزم و خواستی پیاوانی ئایینی نەبن و بەرگری و مقاوەمە بکەن.

بەهەر ڕێگە و شێواز و لەهەرشوێنێک بێت و ڕادەست نەبن و پێمان دەڵێت "مرۆڤ لەهەر شوێنێک و لەهەر سەردەمێک لە دایک بێت، ئەوە چارەنوسەکەیەتی، وەلێ ڕادەست بوون یاخود ڕەتکردنەوە، ئەوە هەڵبژاردنی خۆیەتی" ئەو کە بڕیاریداوە هەرگیز پاشەکشە لە گەیشتن بە ئامانجەکانی نەکات و تەسلیمی بیری کۆنەخوازی نەبێت و دەست لە خەونی ئازادی هەڵنەگرێت، سەرەڕای هەرمەترسیەکیش بێتە سەر ڕێی.

ئاخر ئەو چۆن وا بە ئاسانی ڕادەست دەبێت، لە کاتێکدا دەزانێت کە ڕێگای ئازاد بوون و ئازادی گوڵڕێژنەکراوە و بە فەرشی سوریش نەتەنراوە.

ڕێگەی گەیشتن بە خەونەکان و بەدیهێنانی ئاواتەکان پڕیەتی لە هەورازی و نشێوی. تەژی لە تاڵی و ناسۆری و سوێری.

لێوان لێوە لە بەربەست و ناخۆشی و "کشانەوە بەرەو خەونەکانمان لەوانەیە ترسناکیش بێت، من ئەمەم لە ڕۆمانەکانی نابۆکۆف خوێندووەتەوە".

وەلێ وەک خاتوو ئازار پێمان دەڵێت بەردەوام لەنێو تاریکیدا، ڕووناکی هەڵدەقوڵێت، ڕووناکی ئەو ڕۆشن هزر و روناکبیرانەی بەیداخی ئازادیان هەڵگرتوە و لە دژی هزری فێندەمێنتالیستی و هێزی تاریکی دەجەنگن و ڕادەستی ئەهریمەنانی تاریک پەرست نابن و لەپێناو ڕۆشنکردنەوەی ڕێگەی ئەوانیتر، هەرگیز لە کۆشین و خەبات ناوەستن.

ئازار ڕاستە لە زانینگە دەستلەکار دەکێشێتەوە، وەلێ ئەو هەرگیز دەست بەرداری خەباتکردن لەپێناو ئازادیەکان نابێت و پێمان دەڵێت "ئێمە پۆلی تایبەت بە خۆمان دروستکرد، وەک هەوڵی ڕاکردن لە چاودێریکردنی چاوەکانی سانسۆر، لە ژووری ژیان لەوکاتەدا، توانیمان سەرلەنوێ ئاشکرای بکەین کە ئێمەیش مرۆڤین و دەتوانین بژین و هەناسەبدەین، بەبێ سەیرکردن بەوەی دەوڵەت بەرەو سەرکوتکاری ڕۆیشتووە.

ئامرازەکانیان هەرچیەک بێت بۆ ترساندن و تۆقاندنی ئێمە، ئێمەش وەکوو لولیتا خۆمان بە دوور دەگرین و هەوڵدەدەین لە دەروونی خۆماندا بە دوای گیرفانێکی بچوکی ئازادیدا بگەڕێین" و پێمان دەڵێت ئەدەب ئێنەرژی و هێزێکی کاریگەری ئەفسوناوی هەیە بۆ وشیارکردنەوەی تاک و ڕووبەڕووبوونەوەی ستەمکاران و ئاخوندەکان و هەڵتەکاندنی کۆڵەگەی سیستەمی تۆتالیتاری.

**لولیتا لە تاران دەخوێنێت/**

چیرۆکی ئەزموونی ژیانی ژنێکە، لەناو سیستەمێکی سیاسی و ئایینی و مەزهەبی تۆتالیتاردا، کەزۆر سەراپاگیرانە، دەستی بەسەر هەموو کایەکانی ژیانداگرتووە و هەموو شتێکی خستووەتە ژێر مەقەستی سانسۆرەوە و چاودێری وردو درشتی ژیانی خەڵک و بیرکردنەوەو نووسین و جل و بەرگ و خواردن و کەناڵەکان و ڕۆژنامەو گۆڤارو قەڵەمەکان ..تاد. دەکات.

سیستەمێکی شمولی پۆپۆلستی و پۆلیسی، کە ژیان لە سایەیدا هیچ نرخ و بەهاو مانایەکی بۆ نامێنێتەوە.

سیستەمێک، مرۆڤ ئازادیەکانی لێ زەوتدەکرێت و دەست بەسەر سەربەستی و کەسایەتی دادەگیرێت. سیستەمێکی کۆنزەڤاتیڤ و کۆنەخواز.

Şemall barewanî, [9/30/2022 8:13 AM]

لەو سەردەمی شۆڕشی زانست و زانیاری تەکنەلۆژی و گلۆپالیزەیش و جیهانگیریەدا، ژیان لەو سیستەمە دلڕەقەدا دەگەڕێتەوە بۆئەوپەڕی تاریکی و دواکەوتوویی.

خەڵکی لەسەر بیر و بۆچوونی جیاواز، لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی، فێمێنیزم بوون، نووسین و جل و بەرگ پۆشین، پێکهاتە ئایینیەکان و.. تاد. دەخرێنە، بەندیخانە، دادگایی دەکرێن، لەسێدارە دەدرێن، ناسنامەیان لێدەسەندرێتەوە، لەوڵات دەردەکرێن، یان ناچاری ڕۆیشتن و ڕادەکردن دەکرێن.

لەو وڵاتەی بووەتە زیندانێکی مەزن بۆ هەموو ئەوانەی نایانەوێ ئاخوندانە بیربکەنەوە و بچنە ژێر باری فەتوای پیاوە ئایینیەکان و بڕیارە مەزهەبیەکانی سیستەمی کۆماری ئیسلامی. سیستەمێک، لە سێبەریدا، ڕۆشنبیری وەزن و ئعتیبارێکی نەماوە.

سیستەمێک، مەلالیەکان بوونەتە ڕەقیب بەسەر هەموو شتێکەوە، ئەو مەلالیانەی لە پێنووسی ئازاد و هزری ئازاد دەترسن. نایانەوێت مرۆڤ هۆشیاربێتەوە و وەعی بۆبگەڕێتەوە.

ئەوان دەیانەوێت مرۆڤێکی مەسخکراو موزەیەف دروستکەن. مرۆڤگەلێکی میگەلیزم و مەزهەبی و ڕۆبۆتی و قورمیشکراو.

مرۆڤێک، هەمیشە لە ژێر کۆنترۆڵی خۆیاندابێت. چۆنیان بوێت، ئاوا لێی بخورن و بیجوڵێنن و کاری پێ بکەن.

ئاخر مرۆڤێکی هۆشیار و تێگەیشتووی نامەزهەبی هەڕەشەیە بۆ سەر عەقڵیەتی ئاخوندەکان، بۆسەر سیستەمی شمولی مەزهەبیەکان، بۆ سەر دەسەڵاتی پیاوە ئایینیەکان.

ئەو پیاوە ئایینیانەی بەرگی سیاسەت دەپۆشن و دۆزەخی ئایینی ئەو دونیا، لە ژیانی ئەم دونیایە دادەگیرسێنن و بە ئاگرە بێ ئامانەکەی ژیانی ڕۆشنبیران و جودا بیران و ئەدیب و نووسەران دەسوتێنن.

ئەو ئاخوندانەی عەمامەی مەزهەبی لەسەری سیاسەت دەکەن و ژیانی مەدەنی و دیموکراسی پێ لەسێدارە دەدەن. لەو وڵاتەی خاتوو ئازارەکان ئازار دەدەن و هەموو ئاماژەو چرکەساتەکانی ژیان و جوڵەی مرۆڤەکان کۆنترۆڵ دەکەن.

لەو وڵاتەی "هەموو ئاماژەیەک خوێندنەوە و تەئویلێکی سیاسی بۆدەکەن، تەنانەت ئەو ئاماژانە گەر تایبەتی و کەسیش بن.

ڕەنگی لەچکەکانم و بۆینباغی باوکم بە نیشانە و هێمای بەرەڵایی ڕۆژئاوا و سمبولی ئیمپریالیزم لێکدەدەنەوە" و وەک ئاماژەگەلێکی ترسناکی دەبینن بۆ سەر عەقڵیەتی مەزهەبی و دەسەڵاتی تۆتالیتارانەی خۆیان.

ئەو پیاوەئایینی و مەزهەبگەرایانەی ئازارەکان و گۆرانی بێژو هونەرمەند و نووسەرو ڕۆشنبیر و شانۆکارو سینەماکاران ناچاری خۆبەدەستەوەدان، یاخو زیندانی کردن، یان ڕاکردن دەکەنەوە و کونجێک لە وڵات بۆ ژیانی ئازاد و ئازادی مرۆڤەکانو هەناسەیەکی ئازاد بۆ ئازادی خوازان ناهێڵنەوە!

ئازارەکان ناچاردەکەن دەست لە مامۆستایی زانینگە بکێشنەوە، لەسەر گوێڕایەڵی نەکردنی پیاوانی ئایینی و ئایەتوڵلاکان گەنجەکان لێیان دەدرێت و دەچەوسێندرێنەوە و زیندانی دەکرێن"هەموو ئەو گەنجانەیان دەگرت کە گوێڕایەڵیان نەدەبوون، بە توندوتیژی ڕایاندەکێشان بۆناو ئۆتۆمبیلی پاسەوانەکان، دەیانبردنە بەندیخانە، جەڵدەیان دەکردن و سەرشۆڕیان دەکردن و تەوالێتەکانیان پێ پاکدەکردنەوە، مەگەر ئەوانە ئازاد بکرابوانە کە تۆبەیان بکردبا لەوەی چیتر سەرپێچی لە بڕیارەکان نەکەن".

بۆ لاپەڕە 15

# پێنج ساڵ دوای ١٦ ئۆکتۆبەر...

**نووسینی: عەبدوڵا مەحمود**

چارەکی کۆتایی ساڵی ٢٠١٧، دوو ڕووداوی گەورە روویاندا، یەکێکیان شکستی سەربازی داعش لەدواین بەرەکانی جەنگدا و ئەوی تریان ئەنجامدانی ریفراندۆم بوو لەکوردستان. کە خەڵکی کوردستان بە پەرۆشەوە و بەهیوای دەستراگەیشتن بە خەونی سەربەخۆیی بەشداری بەرچاویان تیایدا کرد.

ئەم دوو رووداوە، ئاڵوگۆڕێکی بەرچاوی لەسەر ئاستی عێراق و کوردستاندا بەدوای خۆیدا هێنا، جگە لەوەش پێگەو بالانسی بزوتنەوە سیاسییە کۆمەڵایەتیەکان و حزبەکانی باڵادەستی ناو ئەو بزوتنەوە کۆمەڵایەتییانەی، گۆڕی... سەرکەوتنی سەربازی بەسەر داعشدا، پیگەی بزوتنەوەی ئیسلام-ناسیونالیستی تایفی شیعی لەسەر ئاستی عێراقدا چ لەبەرامبەر ناسیونالیزمی سونی عەرەبیدا و چ لەبەرامبەر ناسیونالیزمی کوردا، بەهێز کرد و غروری ئەو بزوتنەوەیەی بردە سەرەوە، هاوکات تا رادەیەک ریزەکانی سوپا و هێزە میلیشیاکانی سێبەری ئەو سوپاو هیزە چەکدارانەی رێکخستەوە. ئەو ئاڵوگۆرە ئەرک و چاوخشاندنەوەی خستە بەردەم هێزەکانی سەرکەوتوو بەسەر داعشدا. لەوچوارچێوەیەدا و لەهاوسەنگی هێزی تازەدا، حەل و فەسڵی دۆسیە هەڵپەسێردراوەکان، زێدەڕۆییەکان، ئاساییکردنەوەی ئەو دۆسیانەی لەگەڵ هاتنی داعشدا، سەریان هەڵدابوو، تادەگاتە تەسفیە حسابی ناوخۆیی لەناو خانەوادی ئیسلامی سیاسی شیعیدا... بوونە مەسەلەی رۆژ و دەبوو بجوڵێنرین و بەرەو یەکلاییکردنەوە، ببرێن.

بۆ بزوتنەوەی ناسیونالیزمی کوردیش، کۆتاییهاتنی جەنگ لەدژی داعش، دەورەیەکی نوێ بوو، هێزە خاوەن بریارەکانی ئەو بزوتنەوەیە، بۆیان رۆشن بوو کۆتاییهاتنی جەنگ لەدژی داعش و شکانەوەی بەسودی بزوتنەوەی ناسیونال-ئیسلامی شیعی، دەروازە دەکاتەوە بۆ راگەیاندنی تەماحەکانیان و لە پیش هەمووشیانەوە یەکلاییکردنەوەی هەردوو دۆسیەی کیڵگە نەوتیەکان، و گێرانەوەی ئەو ناوچانەی بەهۆی هاتنی داعشەوە لەلایەن هیزە چەکدارەکانی کوردایەتیەوە دەستی بەسەردا گیرابوو. بزوتنەوەی کوردایەتی و زۆر بەتایبەتیش پارتی لەو چوارچیوەیەدا، دۆسیەی ریفراندۆمی هێنایە گۆڕ. جوڵاندنی ئەم دۆسیەیە لەو سەروبەندەدا لایەنێکی سەرەکی وەڵامی پێشگیرانەی پارتی بوو، بەدۆخی دوای داعشدا، تالەو رێگایەوە هەم بتوانێت پێگەی خۆی لەسەر ئاستی کوردستان بەهیزتر بکات و دەستکەوتی خۆی لەشەری دژی داعشدا بچنێتەوەو هەمیش خۆی بە پرسێکەوە هەڵبواسێت، کە لەبنەرەتدا پرسی خەڵکی کوردستانەو پاشانیش وەکو کارتێکی سیاسی بۆ مامەڵەی خۆی لەگەڵ ناوەندو تەنانەت وڵاتانی ناوچەکەش بەدەستیەوە بگرێت.

دیارە هێزەکانی تری سەر گۆرەپانی سیاسی کوردستان، لەوانە بزوتنەوەی گۆڕان نارۆشن و هاوکات لەدۆخێکی شلۆق و ناسەقامگیردا بوو. رەوتی روو لە لێژی دوای مردنی نەوشیرواندا، بەتەواوی بە بزوتنەوەی گۆڕانەوە دیار بوو. یەکێتی نیشتیمانیش بەجیا لە پەک کەوتەیی تەواوەتی تاڵەبانی، ململانێی ناو باڵ و لاباڵەکانی، لێکترازان و نەبوونی سەرچاوەیەکی بریاردان... یەکێتی کردبووە، هێزێکی داوەشاوی چەند سەرەی بێ ئاسۆ و بێ بریار و تەنانەت بی نەخشی کاریگەر لە ساحەی سیاسی عێراق و کوردستاندا. لەهەل و مەرج و دۆخێکی ئاوادا، کە لەلایەکەوە داعش لە باری سەربازییەوە شکاو و ڕاونراوە، ئیسلامی سیاسی شیعی پیگەی زۆرتر و کاریگەر تر بووە، لەلایەکی ترەوە پارتی وەکو هێزی خاوەن بریار هەڵمەتی پێش وەختەی بۆ بەرگری دەستپێکردووەو دەستی بە ریفراندۆمەوە گرتووەو، پاشان ریفراندۆم ئەنجامدراو بەگشتیش خەڵکی کوردستان پێشوازییەکی گەورەیان لێی کرد... لەم ململانێیەدا کە لەلایەکەوە ناوەند و هێزی ئیسلامی سیاسی شیعی وەستاون و لەلاکەی ترەوە پارتی وەکو لایەنی باڵادەستی ناو بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد، وەستاوە. هێزەکانی ئیسلامی سیاسی شیعی، کە کۆنترۆڵی دەسەڵاتی ناوەندی کردووە، بۆ جێبەجێکردنی نەخشەکانی دوای جەنگی داعش، بەدوای هیزو لایەنی نزیک خۆیدا دەگەرا، لەو نێوەدا، یەکێتی نیشتیمانی کە لەقوتبی ئێران نزیکە بەتایبەتیش باڵی بنەماڵەی تاڵەبانی باشترین مەقاشی یاریپێکردن و بەکارهێنانە. لەو کەش و ژینگە تایبەتیەدا، تەنها بیست رۆژ بەدوای ئەنجامدانی ریفراندۆمی کوردستان و هاوکات لەگەڵ شکستی سەربازی داعش لەدواین بەرەکاندا، باڵی بنەماڵەی تاڵەبانی و نۆکەر پیشەی ناو یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، بەمەبەستی گورز وەشاندن لە خەونی سەربەخۆیی خەڵکی کوردستان و ریفراندۆمەکەی و بەمەبەستی راستکردنەوەی باڵانسی هێز لەبەرامبەر پارتییدا، چ لە ناوەندو چ لەناو کوردستاندا، هاوکاتیش بۆ جیگا پەیداکردن لەناو تەلاری رێکخراوەیی یەکێتی نیشتیمانی کوردستاندا، چوونە پاڵ سیاسەت و نەخشەی ناوەند و دەستی هێزەکانی حەشدی شەعبییان گرت و ئیرادەی خۆیان رادەستی قاسمی سلێمانی کرد و لەماوەیەکی کورتدا، ناوچەیەکی فراوانیان، لە قەڵەمرەوی ژیر دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی، بە کەرکوکی" قودس و دڵی" کوردستانیشەوە، رادەستی هیزەکانی حەشدی شەعبی و سوپای!! عێراق کردوە. هێرشی دەوڵەتی ناوەندی بە هاوکاری و خۆشخزمەتی یەکێتی و پێگەی بزوتنەوەی ناسیونالیستی بەرەو داکشانێکی گەورە برد، چ لەئاستی عێراق و چ لە ئاستی ناوچەکەشدا، پاشەکشەیەکی گەورەی سەپاند بەسەر جێگەو رێگەی ناسیونالیزمی کورددا.

لەم رووداوەدا، بەجیا لە گێرانەوەی دەسەڵاتی تایفی بۆ هەموو ئەو ناوچانەی لەساڵی ٢٠٠٣ وە، لەلایەن حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتییەوە کۆنترۆڵ کرابوو، وە ببووە ئەمری واقع، هاوکات ژمارەیەک پێشمەرگە، غافڵگیر کراون بوونە قوربانی، وە جەماوەرێکی زۆریش ئاوارە بوون. ئامانجی ئەو باڵەی یەکێتی لەو کردەوە دژە ئینسانییەدا، گۆرینی پارسەنگی هێز لەگەڵ پارتی مەسەلەی میحوەری بوو، بەڵام بەو هۆیەوە چ ئێران و چ کرێگرتەکانی لە حەشدی شەعبی و حکومەتی ناوەندی بەغدا، تەنها وەکو کرێگرتەیەک تەماشای ئەو نۆکەر پیشەییەیان کرد، کەرکوک و زۆریک لەو ناوچە کیشە لەسەرەکان کە ناوچەی جێگا نفوزی یەکێتی نیشتیمانی بوون، بۆ یەکیتی نەک نەبوو بەدەستکەوت، بەڵکو خۆشیان بوونە یاساغ لە ناوچانەو بەدەستی بەتاڵ لەو گەمە سەرشۆرانەیەدا هاتنە دەرەوەو ئێستاشی لەگەڵ بێت، ئەوەی دەسەڵاتی بەدەستە لەو پانیاییە فراوانەدا، دەسەڵاتی ناوەندی و حەشدی شەعبییە.

یەکیتی نیشتیمانیش لە پیگەی دەسەڵاتدارێتیەوە بۆتە چاودێرێکی سیاسی دۆخەکە، ئەوە بەجیا لەوەی گورزێکی کەمەر شکینیشی لە پیگەی یەکێتی لەسەراسەری کوردستاندا، وەشاند. پارتی لەگەڵ ئەوەدا بێ زیان دەرنەچوو، بەڵام نەبووە نێچیرێکی شکستخواردو تا یەکێتی بە قازانجی خۆی، سودی لێوەربگرێت. لەناو تەلاری رێکخراوەیی یەکێتیدا، ئەو باڵەی نۆکەر پیشەیی و پێشلەشکری کرد، تا رادەیەک توانیان هەژموونی خۆیان دابسەپێنن و پایەکانی تەوریسی سیاسی، بەهیز بکەن و وەکو میراتگری تاڵەبانی ببنە قوتبێکی زاڵی ناو یەکێتی، بەڵام ئەو قوتبی بوونەی باڵی بنەماڵەی تاڵەبانی لەناو خۆی یەکێتیدا، بە نرخی پاشەکشەی یەکێتی لەسەراسەری کوردستاندا شکایەوە. ئەمرۆ یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، لە پێگەیەکی زۆر لاوازتر لە پێشوودایە لەچاو رەقیبە مێژوویەکەی "پارتی"دا... ئەم پاشەکشەیەی یەکێتی نەک هەر لە ئاستی کوردستاندا، بەڵکو لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکەشدا، راستیەکی ئینکار هەڵنەگرە.

ئیستا دوای پینج ساڵ بەسەر ریفراندۆم و روداوی ١٦ ئۆکتۆبەردا، بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد بەگشتی لە مەقعیەتێکی لاوازتر و هاوکات بەرگرییەکی هەمیشەییدایە لەگەڵ ناوەند.. دۆسیە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەولێر و بەغدا فراوانتر و کەلێنی نیوانیان گەورەتر و ئاسۆی چارەسەر و یەکلاییکردنەوەشیان قورستر... بووە. بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد، لە ئێستادا لە زوربەی بوارەکاندا، لەژێر کۆنترۆڵی ناوەندایە. زوربەی هەرەزۆری کێڵگە نەوتییەکان و دەرهێنان و فرۆشتنی تا دەگاتە فرۆکەخانەکان، خاڵەکانی سنوری نێوان عێراق-ئیران و عێراق- عێراق-تورکیا و عێراق- سوریا... چاودێری بەغدای لەسەرە. هاوکات بری بودجەی هەرێم لە ١٧% و هێنراوەتە خوارەوە بۆ ١٢،٤٧% ... وە شاری کەرکوک و زوربەی هەرەزۆری ناوچە کێشەلەسەرەکان، لەدەست و ژێر کۆنترۆڵی دەسەڵاتی ناوەندیدایە، یان ئەوان تیایدا باڵادەستن. لەسەر ئاستی ناوچەکەش پەیوەندی هەرێم ناسەقامگیرو لاوازترە.

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، و باڵی زاڵی ناوی کە باڵی بنەماڵەی تاڵەبانییە، لەگەڵ ئەوەدا لەناو یەکێتیدا، خاوەن و سەنگی زاڵ و بریاردەرن و ئۆرگانە حزبیەکانیان کردۆتە کاریکاتۆر و هەموو جومگە هەستیارەکانی دەسەڵاتدارێتی زۆنی سەوزو داهاتی ئەو زۆنەیان، پاوانی خۆیان کردووە، بەڵام لە ئاستی کوردستاندا نەیانتوانیووە پاشەکشە بە رەقیبەکەیان کە پارتییە بکەن و پیگەی جەماوەریان بەرەو هەڵکشان ببەن، بەپێچەوانەوە لەچاو کاتی بەر لە ١٦ ئۆکتۆبەر لە جێگاو رێگایەکی لەخوارتر دان و جغرافیای قەڵەمرەوی سیاسیان، بەرتەسک تر بۆتەوە و لە زۆنەشدا کە خاوەنی دەسەڵاتن، هاوبەشیان بۆ دروست بووە و بێ رێگری نین... هەروەها هیشتا ململانێی ناوخۆیی و بێ رابەری معتەبەر، لەپاڵ نەبوونی ئەجندایەکی سیاسی رۆشن، یەکێتی بەرەو داخورانی ناوخۆیی زیاتر دەبات. روداوی ١٦ ئۆکتۆبەر، بەپێچەوانەی خەونی باڵی نۆکەر سفەتەوە، یەکێتی لاوازکرد، نەک بەهێز، لە هەمیشەش زیاتر ریسوای کردو کردیە خاوەنی فایلێک کە بەئەنەندازەی فایلی ٣١ ئاب، باجی سیاسی و جەماوەری و متمانە لەدەستدانی، دەوێت.

ئەم جێگاو رێگایە کە سەرجەم بزوتنەوەی ناسیونالیستی کوردی لەدوای ١٦ ئۆکتۆبەرەوە، بۆی ماوەتەوە، لاوازو ناسەقامگیرە. لە چوارچێوەی عێراقدا. ئەو پیگەیە لەناوخۆی کوردستانیشدا، روبەرووە لەگەڵ نارەزایەتی جەماوەری و بەئاقاری گۆرانی هاوسەنگی هیزدا، هەنگاو دەنێ... نارەزایەتی جەماوەری لەکوردستاندا، کە ریشەی لە دزی و تالانی و گرانی و بیکاری و سەرکوت و بێمافیەکان و نۆکەری پیشەیی دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتیدایە، ڕێگای گەرانەوەی لێگیراوە و رۆژ بەرۆژ بەرەو هەڵکشان دەچیت... دیارە هیشتاش، ١٦ ئۆکتۆبەر و ٣١ ئابی تر قابیلی پێشبینین و ئایندەی سیاسی کوردستان، لەچوارچیوەی عێراقدا، ئایندەیەکی لێڵە. ئەوەی کە دەتوانێت... ئەم چارەنووسە نادیار و لێڵە بگۆرێت، لە گرەوی کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی میلیشییا و درۆی فیدرالیزمی قەومی لەگەڵ عێراق و دەست گرتنە بە ئاکامی ریفراندۆمەوە، کە دەتوانێت، ئایندەی سیاسی کوردستان بە ئاقارێکی تر ببات و بەریش بگرێت... لەوەی ١٦ ئابەکان، دوبارە ببنەوە.



# نەخشەڕێگای بزوتنەوەی شورایی بۆسەرکەوتنی ڕاپەرینی ئێران

## ئاوات (عبدالرحمن رسول)

گومان لەوەدا نییە هەر مرۆڤێک دڵی بۆ هێنانەدی ئازادی و مافی مرۆڤ و یەکسانی و ژیانێکی باشتر لێبدات بەتامەزرۆیی زۆرەوە چاوەڕوانی سەرکەوتنی ڕاپەرین و نارەزایەتییە جەماوەرییەکانی خەڵکی ئێران و ڕۆژ هەڵاتی کوردستانە. بۆئەوەی ئەو سەرکەوتنە ببێتە کرداری بۆ هێنانەدی گۆڕانکارێکی باشتر و نوێ تر پێویستە هەریەکە لەئێمە دڵسۆزانە لەومەیداندا بەهەر جۆرێک لەدەستمان دێت و پێمان دەکرێت لەپشت ئەم سەرکەوتنە جوانە و تێکۆشانە جەماوەرییەی خەڵکی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دابین. گرینگ ئەوە نییە لەکوێین و لەکام گۆشەو کەنارو کوچەی جیهاندا دانیشتووین، یان کار دەکەین، بەڵکو زۆر گرینگە ڕێگایەک بدۆزینەوە بۆ هاوپشتی و هاوکاری بوون بۆ سەرکەوتنی ئەو تێکۆشانە جەماوەرییە ئینسانییە. ئەگەر دڵسۆزانە کەمێک بیربکەینەوە زۆر ڕێگاو کار هەیە کە هەریەکە لەئێمە دەتوانین ڕۆژانە ئەنجامی بدەین لە ڕوویی مەعنەوی یان ماددی یەوە هاوکاری ئەم خەڵکە هەقخوازانە ڕەوایە بین. دەبا بەیەکەوە هاوکاری ڕاگرتنی ئەم ملهوڕییەی دەسەڵاتی فاشیزمی ئیسلامی ئێران بین لەتەواوی ئێراندا، با چیتر گەنجان و لاوان لەسێدارە نەدرێن و بێکارو برسی و ئاوارە بەزۆر نەکرێن.

کەوایە ئەرکە دروستەکە ئەوەیە لەڕوویی ماددی و مەعنەوییەوە لەپشتی ئەم جۆرە تێکۆشانە جەماوەرییە ڕەوایە بین. بۆ سەرکەوتنی ئەم تێکۆشانە جەماوەرییەی خەڵکی ئێران پێویستە:

١- خەڵکی نارازی و ڕاپەڕیوی ناوخۆی شارەکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر بە وشیاری هەنگاوی کرداری بنێن بۆ ڕێکخراوبوونی ئەم جۆرە تێکۆشانە جەماوەرییە لەچوارچێوەی بزوتنەوەیەکی جەماوەریدا کەجیاواز بێت لە شێوازی ئیدارەدانی پۆپۆلیستی و محافیزکارانە و ناوچەگەرێتی و خێڵایەتی و حیزبایەتی و پیرۆزکردنی کەسێکی دیاریکراو، بەڵکو چەقی هەر گۆڕانکارێک و بڕیارێک تەنها خەڵک بێت و بۆخەڵکیش بێت. بۆ ئەم هەنگاوەش لەناو گەڕەک و شوێنە گشتییەکانەوە لەکارگە و شوێنی ژیان و کارکردنەوە ئارایشتی ئەم هێزە جوانەی ڕاپەرین بدەن بەڕێکخستنێکی پتەوی بەهێزی شۆڕشگێڕی کە دەست بەرن بۆ جێبەجێکردنی ئەرکی بەرپرسیارێتی لەلایەن دەستە و شوراکانی خۆیانەوە بە بەرنامە و پرۆگرامی کاری ئیدارەیی و ڕاگەیاندکاری و سەربازی. لەهەر شوێن و گەڕەک و شارێک کە زۆرینە کەوتە دەست هێزەکانی خەڵکی جەماوەری ئازادیخوازی ڕاپەڕی و ڕاستەوخۆ بەپشت بەستن بە خەڵکی ناوچەکە و گەڕەک و شارەکە ئیدارەی بدەنە خۆیان وەک خەڵک بەخاوەنی دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە بزانن، لەهەمان شوێن بەشەکانی کۆمەڵگە ئیدارە بدەن. بەهیچ شێوەیەک نەوەستن و کات بەفیڕۆ نەدەن، لەبەرئەوەی هەر کەم تەرخەمێک لە ڕوویی پشت بەخۆ بەستن وەک جەماوەری نارازی و ڕاپەڕیو بۆ ئیدارەدانی دڵسۆزانە بەزیانی زۆر گەورە بۆ خەڵکی نارازی و ڕاپەڕیو تەواو دەبێت. بەفیڕۆ دانی کات بۆ خۆ ڕێکخستنی جەماوەری لەجۆری شورایی کە (بە واتایی ڕاستەوخۆ دەسەڵاتداریتی و ئیدارەدانی کۆمەڵگەیە لەلایەن خودی خەڵک خۆیەوە) وەک ئەوە وایە خەڵکی نارازی خۆی بەدەستی خۆی خەرمانی ماندووبوونی تێکۆشانی یەکگرتووانەی جەماوەری بسووتێنێت. لەبەرئەوەی لەلایەک بەردەوام ڕژێمی دەسەڵاتی چەوسێنەری فاشیزمی ئیسلامی ئێران بەپشت بەستن بە جاسوس و ئیتلاعات و شارەزاکانی کار بۆ جێبەجێکردنی نەخشە ڕێگای هەڵوەشان و پەرتکردنی هێزی یەکگرتوویی تێکۆشانی جەماوەری دەکات، بۆ ئەو مەبەستەش چەندەها هەنگاو بە نەخشە و ڕێگای جیاوازەوە دەگرێتە بەر. هەروەها ئەوەشمان لەبیر نەچێت ئەگەر ئەم ڕژێمە فاشیزمەش بڕوخێت دەبێت ئاگاداری ئەوەبێت خەڵک کە ئەم جارەشیان وەک ساڵی ١٩٧٩ لێ بەسەر نەیەت کە دەسەڵات لەدەستەیەکی چەتەی دڕندەئاسایی فاشیزمەوە بەرەوە چەتەو دڕندەی فاشیزمی تر لەژێر ناوی جیاوازی تر بگۆڕدرێت. ئەم بزووتنەوەی شورایییەی خەڵک بۆیە گرینگە کە خەڵک لەقۆناغەکانی سەرکەوتن و پێشکەوتنی پاشەکشە لەبەدستهێنانی ماف و ئازادی و ژیانێکی نوێ ترو باشتر ناکات ئەمەش کاتێک سەرکەوتوو دەبێت کە کاتێک هێزی ڕاپەڕیو و نارازی خەڵک ڕێکخراوبکرێت لەبزوتنەوەی جەماوەریدا هەنگاو بە هەنگاو نەخشە ڕێگاکانی ڕژێمی چەوسێنەر هەرس پێدەهێنێت و بەرەو سەرکەوتوویی باشترو نوێ تر هەنگاو دەنێت.

٢- کاتێک لەڕوویی ئیدارەدانی گەڕەک یان شارەوە خەڵک باوەڕی بە ئیدارەدانی خۆی هەبێت ئەمە زۆر گرینگە، ڕێک گەورەترین گۆڕانکاری کرداری دەکات لەڕوویی قۆناغی نوێ بوونەوەی کرداری جەماوەری کۆیی کۆمەڵگە. ئیدارەدانی خەڵکی گرینگە بەشێوەی شورایی بێت کە بە گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە کە لەلایەن شوراکانی خەڵکی گەڕەک یان شارەوە هەڵببژێردرێت، بەڵام دەکرێت لەئێستادا بەشێوەی کاتی بۆ ئیدارەدانی کاتی، لەهەر گەڕەک و شارێک چەندین شورا دەست نیشان بکرێن بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی گەڕەک وشارەکان. کاتێک شوراکان پێکهات ئیرادەی بەهێز لەناو خەڵک گەشە دەکات بۆ باوەڕبوون بە بەگرینگی کارکردن لە هەبوونی ئەو جۆرە ئازادی و شێوە ئیدارەدانە کە جۆرێکە لەکاری هەرەوەزکاری و خۆبەخشانەی ئیدارەدانی پێکەوەیی جەماوەری. سەرەتاکانی ئیدارەدان دەکرێ سەرەتا بۆ ڕێکخستنی شێوازی شێوەی ژیانی ڕۆژانەی خەڵک بێت بەپێی قۆناغەکانی گۆڕانکاری لەشێوازی سەرکەوتنی نارەزایەتی و ڕاپەڕینی خەڵکدا بۆ ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتی چەوسێنەر لەشارەکاندا. لێرە پێویستە خەڵکی ئێران بەگشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەوە بزانن کە بەهەنگاو نانی کرداری شێوازی ئیدارەدانی سەرەتایی شورایی چەند هەنگاوێکی زۆر گرینگ دەخولقێت کە بۆ خەڵک زۆرسودبەخش و گرینگە لەوانە:

یەکەم: کاتێک خەڵک لەگەڕەک و شارەکان ولە شوێنی ژیان وکاری دەستی برد بۆ گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە بۆ شێوازی ئیدارەدانی شارەکەی دەگات بەو ئەنجامەی کە لەداهاتوویی گۆڕانکاری دەسەڵاتی سیاسی ئیدارەدانی جۆری حکومەت داری درێژە بەم هەنگاوەی بدات بۆ گفتوگۆکردن لەسەر جۆرو شێوازی ماف وئازادی یەکانی دا، ئەوکات زۆر باش ئاشتی کۆمەڵایەتی و جیاوازی کەلتوری و نەتەوەیییەکان دەبێتە شتێکی نۆرماڵ وئاسایی، هەموو لایەک بەشداری خۆشی و ناخۆشییەکانی یەکتری دەکەن.

دووەم: بە ئیدارەدانی شورایی خەڵک ڕزگاری دەبێت لەدەست چەوسانەوە بەدەست کەمینەیەکەوە، واتە بارودۆخێک دێتە کایەوە لەڕوویی کۆمەڵایەتی یەوە ڕێگا نادرێت لەژێر ناوی ئەندام پەرلەمان یان وەزیر و بەرپرسی شار و وڵات وسەرۆکی حیزب و خێڵ دەست بگرێت بەسەر لایەنی ماددی ومەعنەوی شارو کۆمەڵگەدا، چونکە هەمووان دەبنە خاوەنی ئیدارەدان. ئەمە ڕێک پێچەوانەیە لەگەڵ شێوازی حکومەت وسیستەمی خێڵگەرایی وحیزبگەرایی و پاشایەتی و کوێخایەتی. هەرئەمەش ڕێگر دەبێت لە ئەوەی کە ببێتە مەیدانی ململانێی دەوڵەتانی ناوچەکە یان حیزبێک بۆ بەرژەوەندی سیاسەتی خۆی ئەو ناوچەیە بەکاربهێنێت. کە بەمانایەکی ڕوونتر وەک ڕۆژ ئاوایی کوردستان نەکرێتە مەیدانی ململانێی جێبەجێکردنی سیاسەت ونەخشە ڕێگای دژە ئینسانی دەوڵەتانی هاوسێی نیزیک کە ئەوانیش بیانویان هەبێت بۆ هێرش و پەلاماری داگیرکاری لەڕوویی سەربازییەوە.

سێ یەم: ئیدارەدانی شورایی ڕاستەوخۆ چارەسەری کێشەی نەتەوەیی و میللی بەکرداری سروشتی کۆمەڵایەتی لەڕووی جەماوەرییەوە دەکات بەبێ ئەوەی گرژی و ئاڵۆزی و شەڕی نێوان نەتەوەکان بێتەکایەوە. ئەمەش لەبەرئەوەی هەر لەسەرەتا هەنگاوەکانی ئیدارەدانی شورایی دا تەواوی کۆمەڵگە بەشێوەی هەرەوەزکاری بەشدار دەبێت. دواتر دەبێتە سوونەتی خەڵک کە ڕۆژانە و هەفتانە لەگەڕەک و شارو ناوەندەکانی کارو شوێنی ژیان خەڵک بە ئازادانە گفتوگۆ دەکات و بۆچوونی خۆی دەخاتەڕوو سەبارەت بە چۆنێتی باشتربوونی شێوازی ژیانی گەڕەک و شارەکەیان.

٣-ڕاگەیاندن: .پێویستە دەست بەجێ لەلایەن ژنان و پیاوانەوە کە شارەزا و خاوەن ئەزمونی نووسین و بواری میدیایی و ڕاگەیاندن لەهەر ناوچەیەک یان گەڕەکێک و شارێک کۆمیتەی شوراکانی ڕاگەیاندن دامەزرێنن بۆئەوەی هەفتانە و ڕۆژانە وکاتی پێویست هەواڵی سەرکەوتن و چالاکی و بڕیارنامە و ڕاسپاردەکانی شوراکانی شار وگەڕەک بڵاوبکەنەوە بەدەستی خەڵکی ڕاپەڕیوی شارو ناوچەکانی تر بگەیەندرێت، ئەمەش ڕاستەوخۆ دەبێتە گەشەدانی ئیرادەی شۆڕشگێڕی لەسەراسەری ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و جیهانیدا. پێویستە بەزمانە جیاوازەکان وەشان و بڵاوکراوەکان بڵاوبکرێنەوە بۆئەوەی خەڵک بەگشتی لەپەیامەکان تێ بگەن و ئاگاداربن.

٣- بواری سەربازی: کاتێک باس لەبواری سەربازی دەکەین مەرج نییە زۆرترینی چەک یان چەکی پێشکەوتوو هەبێت، بەڵام مەرجە ئیرادەی نهێنی پارێزی هەبێت بۆسەرکەوتنی قۆناغەکانی ڕاپەرین و نارەزایەتییەکانی خەڵک. پێویستە لەناو گەڕەک و شار کۆمیتەی سەربازی دابمەزرێندرێت لەلایەن ژنان و پیاوانی شوراکانی شارەوە. کەبەپێی بەرەو پێشبردنی قۆناغەکانی ڕاپەرینەکان ئەرکییان پێ بسپێردرێت. بۆ جێبەجێ کردنی جۆری ئەرکەکان شوراکان لە گەڕەک و شارەکان پێویستان بە گفتوگۆکردن هەیە لەسەر شێوازی خۆپارێزی بۆ خەڵکی ڕاپەڕیو یان ناوچەیەک یان شارێک یاخود چەند شار کە کەوتۆتەدەست خەڵکی ڕاپەڕیو کە بەتەواوی شار ئازادبووە. لەبەرئەوەی زۆر جیاوازە لەشارێک کە لەناو دەسەڵاتی ڕژێمدایە پێویستە نەخشەی خەڵک پارێزی جیاواز بێت کەلەوانەیە پێویست بەهەڵگرتنی چەک نەکات لەهەندێک شوێندا لەبەر سەلامەتی گشتی خەڵک.

٤- بەشی ئابووری: لەشارێک کەئازاد کرا پێویستە لەلایەن کۆمیتەی شوراکانی شارەوە کۆمیتەی ئابووری دابمەزرێندرێت بۆ ئەوەی بتوانن پێداویستییەکانی ژیانی خەڵک دابین بکرێت. چونکە خەڵک پێویستی بە دابینکردنی خۆراکی ڕۆژانە دەبێت. ئەکرێت کۆمیتەی هەرەوەزکاری بۆهاوکاری و بەهانەوە چوونی خەڵک بەشێوازی گەڕۆک دابمەزرێندرێت لەناو شارو گەڕەکەکان.

٥- بەشی تەندروستی: هەر لەسەرەتاوە پێویستە کۆمیتەی شوراکانی شار، کۆمیتەی شوراکانی تەندروستی دابمەزرێنێت بۆ ئەوەی بە بەردەوامی هاوکاری و پێداویستییەکانی تەندروستی بۆ خەڵک بە خۆڕایی دابین بکرێت. بۆ ئەو مەبەستە گرووپ و دەستە پێک بهێنن. سەرکەوتووبێت شۆڕش و ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بەدی بێت ئیدارەدانی شورایی و ژیانێکی باشتر و ئازاد...

**کۆمەڵگەی ئازادی کۆمۆنیستی کە لەسەر بناغەی هاوبەشی هەمووان لەسەروەت و سامانی کۆمەڵگە، دامەزراوە...هەر ئەمڕۆ دەکرێ پیادە بکرێ...**



# کۆمەڵگەی سەرمایەداری چۆن بناسین؟

## نووسینی: بەڵێن ئیسماعیل

با پێکەوە سەیریکی کۆمەڵگە بکەین، با بەوردی بڕوانینە دەوروبەری خۆمان. لە هەموو شوێنێک لە شار و لەدێ دوو بەشی سەرەکی دەبینین. لە لایەک دەوڵەمەندان و خاوان پوول وپارەکان کە کەمینەیەکی کۆمەڵگەکەیان پێکهێناوە و بە خێرخۆشییەکی لە رادە بەدەر دەژین. لەلایەکی دیکەش کرێکاران و زەحمەتکێشان وە بەرچاو دەکەون. بەشی زەحمەتکێشان لە ژیان ولەم کۆمەڵگەیە نەداری،هەژاری و رەنج ومەینەتە.لەم شوێنە هەژار وکرێکارنیشینانە چی دەبینین؟ کومەڵە خەڵکێکی دەست قلشاو وهەناسە سارد کە ماندوو وهیلاک لە کاری لە تاقەت بەدەر بەرەو کۆشێک خێزانی رەش و رووت دەگەرێنەوە. یاخود بە کرێچیەتی لە هۆدەیەکی تاریک و تنوک و بێ ئەشیا گوزەران دەکەن، یان لەهەڵبواوەو مەجبوورئاوەکان چوار دیواری یەکیان ساز کردووەو شەوی تێدا دەبەنە سەر.ژنانێکی نەخۆشی بێ بزە دەبینیین کەلەبەر نەداری و هەژاری گوڵی تەمەنیان هەر زۆر زوو زەرد هەڵگەراوە و رووەو هەڵوەرین دەچێ. منالانێکی شروڵ دەبینین کە بەسکی هەڵمساو وسیمای تۆزاویو چلکن لە سەلوێنیک و کۆڵانەکان دا بێ واز و بێ حال دەخولێنەوە.داخوا وەزعی شار هەمووی بەم جۆرەیە؟ داخوا پولدارەکانیش هەر بەم جۆرە دەژین؟ لە گەرەکە دەوڵەمەندنشینەکانداچ دەبینین؟ بێگومان لە گەرەکانە بەر لە هەموو شتێک کۆشک و خانووی رازاوەی چەند قات وسەرنج راکێش دەبینین کە بە قالی ورایەخی گرانبایی و شتوومەکی عەنتیکە رازاونەتەوە.نە لە سەرمای زستان خەبەرێک هەیە نە لە گەرمای هاوین،هۆدەکان پڕن لە موبل وسەندەلی راحەتی،هەموو جۆرە کەل وپەلێکی کارەبایی هەر لە غەسالەی قەپ شوشتن و جل و tvئەخر مۆدێل وئەنواع کەل و پەلی گران بەهای ترکەل و پەلی گران بەهای تر و ئوتۆمبێلی مواسەفات بەرز لە خزمەتی ماڵەکەدایە.کۆمەڵە خەڵکێکی سپیو ناسک دەبینین کە مانای رەنج و کارو ئەزیەت نازانن، منالانێکی نازدار و خروخۆڵ و گوپن دەبینین کە بەرداوام خەریکی کایەو گاڵتە و گەپن. ژنانێکی بە نەشە دەبینین کە بە سەد تەرز خۆیان رازاندۆتەوە گوێی بە گوارەیان دەلەرێتەوە...

ئەم هەموو سەروەتە لە کوێرا هاتوە؟ بۆچی فەقیر وجودی هەیە؟ ئەم هەموو جیاوازیانە بۆچی وجودیان هەیە و هۆکانیان کامەن؟ دەبا کەمێک وردتر سەیری ئەم مەسەلەیە بکەین. چ کەسانێک ئەو کۆشک و تەلارانەیان ساز کردووە؟ چ کەسانێک ئەوکالاَیانەیان بەرهەم هێناوە؟ بەکەمێک بیر کردنەوە وەلامی هەموو ئەم پرسیارانەمان بە باشی بۆدەر دەکەون. ئەو کۆشک و تەلارانە وکەرەسەکانیان بە دەستی کرێکاران دروست کراون. رایەڵ و پوی ئەو قالییانە بە پەنجەی لەڕ و باریکی ژنان و منالانێکی کرێچی سەریەک خراوە، کە رۆژانە پتر ١٠سەعات لە بە گەرمای هاوین و سەرمای زستان دەفەیان دێت. ئەو سەیارە جۆراو جۆرانە هەموویان دەست کردی کرێکارانی کارخانەکانی ماشێن سازین. هەموو ئەو شتانەی کە دەبینین بەرهەمی دەست و ئارەقەی ناوچاوانی کرێکارانە. تەنانەت کەرەسەی خواردەمەنیەکانیش بەرهەمی رەنجی زەحمەتکێشانی لادێیە. بە کورتی دەتوانین بڵێین کرێکاران و زەحمەتکێشان بەرهەم هێنەرانی راستەوخۆی هەموو ئەو شتانەن کە لە کۆمەڵگەدا وجوودیان هەیە.

ئێستا با لە خۆمان بپرسین داخوا کرێکاران وزەحمەتکێشان کە بەرهەم هێنەری سەرەکی و راستەقینەی ئەم هەموو کالاَیانەن بە ئەندازەی پێداویستییەکانی خۆیان کەڵک لەم شتە بەرهەم هاتووانە وەردەگرن؟

نەخێر، ئەم بەرهەم هێنەرانە هەر ئەو کەسانەن کە لە فەقرو نەداریدا دەژین، دەستیان ماندوو وسکیان خاڵییە، هەر ئەو کەسانەن کە بێ بەش کراون لە بیهداشت و خوێندن و خوێندەواری و کەڵک وەرگرتن لە سەروەتەکانی ماددی و مەعنەوی کۆمەڵ. بەم جۆرە دەبینین کە زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی کۆمەڵ واتە زەحمەتکێشان شەو رۆژ کار دەکەن و زەحمەت دەکێشن، بەڵام ژیانێکی مەمرەو مەژییان هەیە و بێ بەشن لە خۆشییەکانی ژیان، لەلایەکی دیکەش کەمینەیەک لە دانیشتوانی کۆمەڵ واتە دەوڵەمەندەکان و سەرمایەدارەکان خاوەنی هەموو سەروەت سامانی کۆمەڵن و بە بێ ئەوەی زەحمەت بکێشن وئارەقێک بکەنەوە لەوپەڕی ڕیفاه وئاسایش و راحەتیدا دەژین (ئەڵبەت دەبێ ئیشارە بەم مەسەلەیەش بکەین کە لە نێوان ئەم دوو چینەدا زۆر توێژو تاقمی کۆمەڵایەتی هەن کە لە شوێنی خۆیدا باسیان دەکەین...) لەبەر ڕۆشنایی ئەم باسا دەتوانین بڵێین، کۆمەڵی سەرمایەداری بە کۆمەڵێک دەوترێ کە زۆربەی کالاَ و شتو مەکی بەرهەم هاتوو لە لایەن چینی کرێکار بەرهەم دێت و قازانج و بەری ئەم بەرهەمانەش تەنیا گیرفانی چینی سەرمایەدار پر دەکا.

با ئێستا کەمێک بچینە پێشتر، داخوا تا ئێستا هیچ بیرمان لەوە کردۆتەوە کە بۆچی ئەم ناعەدالەتی وجیاوازی و نابەرامبەریانە لە ناو کۆمەڵدا هەن. هەندێک دەڵێن ئەمە ویستی خوایە، ئەمە چارەنووس و قەزاو قەدەرە. شەڕلەگەڵ ویستی خودا ناکرێ و دەبێ لەگەڵی ڕابێین، چار نییە. تۆ بڵێت ئەمە راست بێ؟ ئەم هەموو بێ عەدالەتیانە ویستی خودان؟ مەگەر هەر ئەم جەناب و کەسانە ناڵێن کە خودا عادلە؟ کەوابوو ئەمە درۆیە و هیچ پەیوەندی بە خوداوە نییە و تەنیا پەیوەندی بە ئینسانەکانەوە هەیە. کێ ئەم قسانە دەکا؟ ئەمانە لەبەرچی دەڵێن کاری خودایە؟ ئەوەی راستی بی کەسانێک ئەم قسانە سازدەکەن کە لەم وەزعە زۆر رازین بە هیچ جۆرێک حەز ناکەن ئەم بارودۆخە تێک بچێ. کەسانێک ئەم قسانە دادەتاشن و دەیخەنە زاری خەڵک کەژیانێکی راحەتیان هەیەو بەری کاری زەحمەتکێشان دەقۆزنەوە. ئەوەندەش ئەم قسانەیان دووپات کردۆتەوەکە خۆشمان باوەڕمان کردووەو پێمان وا لە راستیدا ئەمە وەزعێکە کە خودا لە چارەی دا نووسیوین!!

هەندێکی تر دەڵێن هۆی ئەم بێ عەدالەتی و جیاوازییانە لەوەدایە کە برێک لە خەڵک لێهاتوو بوون و عەقڵ و ئیستعدادیان هەبووە و توانیویانە دەوڵەمەند بن. ئەمەش درۆیەکی دیکەیە بۆ تەفرەدانی بێبەشانی کۆمەڵە. بە پێچەوانەی ئەم قسە، لە دەوروبەری خۆماندا زۆر کەس دەبینین و دەناسین کە زۆریش گەمژە و لێ نە هاتوون و دەرەقەتی هیچ کاریک نایەن، بەڵام سەرمایەداریشن. ئەڵبەت دەبێ ئەوەش بڵێین کە بەشێکیان خاوەن ئیستعدادن، بەڵام ئیستعدادەکەیان تەنیا لە چوارچێوەی رفاندنی بەری کاری کرێکارانە. بەشێکی دیکەش هەن کە دەڵێن ئەم سەروەت وسامانە لە ئەنجامی کوێرەوەری و زەحمەت بە دەست هاتووە!!بەڵام ئاخر کام زەحمەت؟ کام کوێرەوەری؟ زۆر کەس لەو سەرمایەدارانە لە تەواوی ژیانیاندا دەستیان بۆ رەش وسپی نەبرووە.مەگەر نابینن کە کوڕە سەرمایەدار بێ ئەوەی تالاوێکی چەشتبێ کە گەورە بوو دەبێتە سەرمایەدار؟ لێرەدا جێی خۆیەتی ئەم مەسەلەیەش بخەینە بەرچاو کە مەبەستی ئێمە باس کردنی رەوەندە قاعدە و گشتی یەکانە. کارمان بەسەر ئیستسناو شتی هەڵکەوت نییە، چونکە لە بواری لێکۆڵینەوەی زانستی دا هیچ جێگا وبایەخێکی پێ نادرێ. ڕەنگە چەند کەس لە کۆمەڵێکی پان و بەرین بە زەحمەت سەرمایەکەیان پێکەوە نابێ، بەڵام ئەمە بۆئەوە نابێ کە لە لێکۆڵینەوەیەکی زانستی دا پشتی پێ ببەستین. ئەوەی کە ئێمە بە گشتی دەیبینین ئەوەیە کە کوڕە کرێکار هەر دەبێتە زەحمەت کێش و کرێکار و کوڕە سەرمایەداریش دەبێتە سەرمایەداری نەسڵی تازە.

دەستەیەکی دیکەش هەن کە دەیانەوێ ئەم بیرە چەوتە بڵاوبکەنەوە کە گوایە هۆی هەژاری و بێبەشی کرێکاران نەخوێندەواری و لێ نەهاتوویی خۆیانە. ئەمەش قسەیەکی بێ ناوەڕۆک و هیچ و پووچە. ئەگەر رادەی نەخوێندەواری لە ناو کرێکاران و منالەکانیاندا زۆرترە، ئەمە بەو مانایە نییە کە کریکاران توانای خویندنیان نییە، بەڵکوو تاوانی سەرمایەدارییە کە بوارو ئیمکانی خوێندنیان پێ نادا. کرێکاران دەرەقەتی خەرجی خوێندن نایەن. زۆربەی منالانی کرێکار کە دەگەنە تەمەنی ١٠ یان ١٥ ساڵی بە ناچاری مەدرەسەو خوێندن بەجێ دەهێڵن و دەکەونە بازاڕی کار، یان دەبێ جێگای باوکی لە کارکەوتوویان بگرنەوە یان ببنە پەیاکەری پارە بۆ خەرجی ،"و " بۆ کۆمەک بە موعاناتی خێزان و ماڵاوە...بەڵام بە پێچەوانەوە کوڕە دەوڵەمەند دەرگای هەموو جۆرە ئیمکاناتێکی بۆ خراوەتە سەر پشت و هیچ کەم و کەسەرییەکی نییە و تەنانەت مامۆستای تایبەتیشی هەیە و ئەگەر بە توانایی خۆش نەبێ بە پارە مەدرەسەکەی بۆ دەکڕن...بەکورتی تێکرای ئەم دەلیل و بەڵگانە بۆ ئەوەیە کرێکاری پێ فریو بدەن، نائومێدی بکەن و لە کۆتایدا دەمکوتی بکەن.هەتا بەبێ وەڵام جیرِ پتر کار بکا و زیاتر ئارەق بڕێژێوباشتر گیرفانی سەرمایەدار یان خاوان کار پڕ بکات. بۆ ئەوەیە بە کرێکار بسەلمێنن بیر لە هیچ شتیک نەکاتەوە، جونکە چارەنووسەکەی تەبیعی و گۆڕان نەهاتووە بۆ ئەوەیە دەنگی نارەزایەتی کرێکاران بەرز نەبێتەوە وبۆ چاکتر کردنی هەل ومەرجی ژیانی خۆیان تێ نەکۆشن. بەڵام ئاشکرایە هەموو ئەم ئاسمان وڕیسمان کردنە و هەموو ئەم فەلسەفەیانەی سەرمایەداری هیچ دادێک نادا و ناتوانێ بۆ هەمیشە کرێکاری پێ فریوبدا. هەل ومەرجی سەختی ژیان کرێکار ناچار دەکا دەست بداتە بەربەرەکانی و خەبات. لە هەر دەرفەتێک بۆ دەربڕینی نارەزایەتی کەڵک وەردەگرێ، بۆ نموونە مان دەگرێ. کاتێک مانگرتنێک دەست پی دەکا سەرمایەدارەکان و خاوان کاران خێرا دەستە و داوێنی هێزەکانی پۆلیس دەبن وهەوڵ دەدەن بە هەرەشەو گورەشە وتووڕەیی و زۆرداری کردن کریکاران ناچار بکەن بگەرێنەوە سەرکاروباری خۆیان وچۆکیان پێ دابدەن.

راستی بیریان لەوە کردۆتەوە کە بۆچی هێزەکانی پۆلیس بە قازانجی سەرمایەدارەکان دێنە مەیدان؟ داخوا ئێوە لە شوێنیک بیستووتانە تەنانەت بۆ جارێکیش هیزەکانی پۆلیس بە قازانجی کرێکاران لە دژی سەرمایەداران هاتبنە مەیدان؟ هۆی ئەم کارە چییە؟ مەگەر دەوڵەت ئیدیعا ناکات کەئەرکی هێزەکانی پۆلیس پاراستنی ئەمنییەتی خەڵک و موبارەزە لەگەڵ قاچاخچی ودزو جەردە و چەقۆ کێشەکانە؟ ئەی بۆچی خۆ لە کارێک و وەردەدەن کە هیچ پەیوەندییەکی بەسەر قاچاخچیەتی و دزی و ئەم جۆرە کارانەوە نییە؟ بۆچی لە ناکۆکی نێوان سەرمایەداران و کرێکاراندا دەخالەت دەکەن و پشتی سەرمایەدارەکانیش دەگرن؟ لەوانەیە بڵێن پۆلیسەکان بۆیە دەخالەت دەکەن کە مانگرتنی شتێکی غەیرە قانوونییە.بەڵام ئەم وەلامەش بۆخودی پرسیارێکی تازەتر دێنێتە پێش ئەویش ئەوەیەک کە بۆچی مانگرتنی غەیرە قانوو نییە؟ بۆچی دەوڵەت ئەو قانوونە و هەندێک قانوونی دژی کرێکاری بە قازانجی بەرژەوەندی سەرمایەداران پەسەند کردووە؟ ئەسلەن ئەو کەسانەی کەئەم قانوونە دەهێننە گۆرێ کێن؟ ئەوەی ئاشکرایە نە کرێکارن نە زەحمەتکێش و نە هیچ پەیوەندیەکیان بەمانەوە هەیە. دەوڵەت و جڵەوی فەرمانڕاوایی و دەسەڵات بە دەست سەرمایەدارەکانەوەیە، لە تەواوی دەمار و شارەگەکانی دەوڵەت خوێنی سەرمایەداری لە گەردایە هەر یاساو قانوونێکیش کە تەسویب دەکرێ لە پێناو پاراستنی قازانج و مەسلەحەتی چینی باڵادەستە.

ئێستا با لە باسەکەی خۆمان زۆر دوور نەکەوینەوە. دەمانویست بزانین هۆکانی ئەم نابەرابەرییە کۆمەڵایەتییانە چین؟ دیتمان کە قەزا و قەدەر و دەستی خودا لە گۆڕێدا نییە و هیچ پەیوەندییەکی بە لێهاتوویی و ئیستعداد و ماندوو بوونی سەرمایەدارەوە نییە. کەوابوو هۆکانی کامەن؟ داخوا دەکرێ ئەم جیاوازییانە لە نێو بەرین؟

ئایا دەکرێ کۆمەڵێک سازبکەین کە هەرکەس تێیدا کار بکا ئاسایش و راحەتیش هەبێ؟ زۆرداری نەمێنێ. فەساد و فەحشا بنەبڕ بکرێ؟ ئەگەر ئیمکانی هەیە چۆن ئەم ئاڵوگۆڕە پێک دێ؟ چۆن کۆمەڵگەیەکی دیکە دروست دەکرێ؟ ئەم پرسیارانە زۆر گرینگن. ئێمە هەوڵ دەدەین لەم باسەدا وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەینەوە. ئێمە بە پێچەوانەی بۆچوون و رای هەندێک ئینسانی ناتێگەیشتوو بە راشکاوی و دڵنیاییەوە دەڵێین بەڵێ ئیمکانی هێنانی ئەم ئاڵو گۆڕی قوڵی کۆمەڵایەتی هەیە.

پیکهێنانی ئەم ئاڵ وگۆڕە کاریکی سەخت و دژوارە، بەڵام دەکری و دوور لە تواناو

بۆ لاپەڕە 15



## ئیبراهیم حسێن: ناسیونالّیزمی کورد سەودای ئەوەی لەسەردایە کە لەو جوڵانەوە گەورە دژی دین و حیجاب و دژی کۆماری ئیسلامیە باج وەربگرێ و لەکەداری بکا و دایبەزێنێتە ئاستی چاوەڕوانی و داواکارییە بۆرژوایی و کۆنەپەرستانەکانی خۆی

### دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ هاوڕێ ئیبراهیم حسێن سەبارەت بە ڕاپەرینی خەڵکی ئێران و کوردستان ...

**بۆپێشەوە: ئایندەی ئەم ڕاپەرینەی ئێستا چۆن دەبینن؟ لاتان وایە ڕژێمی ئێران دەتوانێت پاشەکشەی پێ بکات، یان بەرەو ڕووخاندنی ڕژێم دەڕوات و کۆتایی بە دەسەڵاتی دەهێنێت؟**

**ئیبراهیم حسێن:** ئەم پرسیارە جوڵانەوەی ئەمڕۆ و هەلومەرجی ئێستای ئێران و چارەنوسی داهاتوی ئەم جوڵانەوەی نەخێرە بە کۆماری ئیسلامی زۆر سادە کردۆتەوە. سەرنگونی کۆماری ئیسلامی یان سەرکوت و شکستی ئەم جوڵانەوەی نەخێرە بە کۆماری ئیسلامی. هیچ حاڵەت و ئەگەرێکی تری نەهێشتۆتەوە. ئەم جوڵانەوە و خرۆشانەی ئەمڕۆی ئێران، حاڵەت و مۆمێتێکی دیاریکراوی کۆمەڵگە و جوڵانەوەیەکی خوازیاری سەرنگونییە کە ساڵانێکە دەیەوێ لە شەڕی کۆماری ئیسلامی ڕزگاری بێت و ئەمڕۆ ئەم مەسەلە و ئەم خواستەی گەیاندۆتە شەڕی مەیدان و کوچە و کۆڵان. تەنانەت ئەگەر ئەم جوڵانەوەیە لەم فۆرمەی ئێستایدا پاشەکێی پێ بکرێ، بەڵام کۆتایی ئەم ڕەوەندە کەوتنی کۆماری ئیسلامیە. کۆماری هیچ ڕێکایاکی نییە بۆ سازش وسازان و گەرانەوە. تەواوی پردەکانی پشتی سەری ڕوخاون. سەرجەم ئەو پرۆژانەی کە پێشتر هێنایان بۆ ئەوەی ئەم کۆماری ئیسلامیە لە کابوسی مانەوە ڕزگار بکەن، لە پرۆژەی ڕەفسنجانی بۆ گۆڕینی ڕژێمی ئیسلامی بە شتێکی وەکو ئەوەی چین و دواتر دیالۆگی تمدنەکانی خاتەمی و (کۆمارێکی ئیسلامی جۆری دوەم )کە تیایدا ژن حیجابەکەی ڕوی ئەوەی هەبێ لەجلوبەرگ نزیک بێتەوە، یان ئەوەی کەمێک دەستپارێزی لە ئەحکامی وەحشیانەی ئیسلامی دەستپارێزی بکرێ، بوونە بلّقی سەرئاو. دەرکەوت کە ئەم پرۆژە و هەوڵانەی باڵەکانی ڕژێم بۆ نەجاتدانی ئەم ڕژێمە لەم بنبەستە قوڵە لەوە لەرزوکترن بتوانێ ئەم ڕژێمە بسازێنێ لەگەڵ کۆمەڵگە و بەشەریەتێک کە لەگەڵ ئەو ڕژێمەدا گەیشتۆتە دوا ڕێگەکانی خۆی و دەیەوێ ئەم کابوسە لە کۆڵ بکاتەوە. ئەمە بڕاوەیە. سەرەنجام هەر کرانەوەیەک، هەڵپێچرانی هەر دەزگایەک و هەر ئۆرگانێکی سەرکوت و داپڵۆسین و پێچرانەوەی هەر یاسایەکی کۆنەپەرستانە کە ئەم ڕژێمە سەپاندویەتی، هەستی باوەڕ بەخۆکردنی کرێکاران و ژنان و لاوان دەباتە ئاستێکی باڵاتر. پەلاماری ئەوان ڕادیکاڵتر دێنێتە مەیدانەوە و مەوجودییەتی عەمەلی کۆماری ئیسلامی زیاتر دەباتە ژێر پرسیارەوە. بەڵام ئایا کۆماری ئیسلامی ئەوە جوڵانەوەیە سەرکوت دەکا و ئایا بە کردەوە دەتوانێ سەرکوتی بکا، بەهەرحاڵ یەکێک لەسیناریۆکانە، بەڵام بەلەبەرچاوگرتنی هاوسەنگی هێزی ئێستا و دروست بوونی ڕوحیە و ئەو باوەڕەی کە کەوتنی کۆماری ئیسلامی دەکەوێ، ئیتر سەرکوت بەو شێوەیەی تا ئێستای دادی نادات. بەو پێیە ئەم جەنگە گەیشتۆتە قۆناغێکی تازە و ناگەڕێتەوە بۆ هاوسەنگی پێشوو. هێشتا چینی کرێکار بەقامەتی خۆیەوە نەهاتۆتە مەیدان و هەر ئەوەندەی هاوسەنگی هێز بگاتە جێگایەک کە چینی کرێکار بێتە ناو مەشهەدەکە ئیتر کاری کۆماری ئیسلامی تەواو دەبێ. ئەم جوڵانەوەیەی ئەمڕۆ حاڵەت و مۆمێنتێکی جوڵانەوەیەکی گەورەی خوازیاری سەرنگونی کۆماری ئیسلامیە و تەنانەت ئەگەر لەم فۆرمەی ئێستاشی نەتوانێ کۆماری ئیسلامی بخا، کۆتایی ئەم ڕەوەندە ڕۆیشتنی کۆماری ئیسلامیە. بەو پێیە مەسەلەکە ئەوەنییە کە ئەم جوڵانەوەیە لەوفۆرمەی ئێستایدا سەردەکەوێ و کۆماری ئیسلامی دەخا یان سەرکوت دەکرێ. بەڵکو مەسەلەکە ئەوەیە ئەم نەخێرە گەورەیە بە کۆماری ئیسلامی بە ناوی کێوە، لە ژێر ئاڵای کام جوڵانەوەی چینایەتی، بە ناوی کۆمۆنیزم و چەپی کۆمەڵگەوە یان لەژێر پەرچەم و بەناوی ڕاستی کۆمەڵگەوە مۆر دەکرێ و تەواو دەبێ. ئایندەیەک کە لە دەریچەی ئەم ڕوداوانەوە لە ئێران مۆردەکرێ، بە تەواوی گرێی خواردوە بەمە. هەرچی ڕەوتی گۆڕانکاری و ڕوداوەکان قوڵتر و ڕادیکاڵتر بڕۆنە پێشەوە، هەرچی ڕیزی سەربەخۆی چینایەتی چینی کرێکار و کۆمۆنیزم لەجەنگی دەسەڵاتدا، ئامادەتر و چاوکراوەتر بێت، ئیمکانی سەرکەوتنێکی سیاسی چەپ و کۆمۆنیستی لەبارتر و عەمەلی تر دەبێ و لەوێشەوە ئیمکانی یەک ئاڵوگۆڕی گەورەتری سۆشیالیستی لە ئاسۆتردا دەبێ.

> کەوتنی کۆماری ئیسلامی نەك هەر پەروەندەی ئیسلامی سیاسی لە ئێران دەپێچێتەوە و ئیسلامی سیاسی لە ناوچەکە دەخاتە پێگەی بەرگریکردن لە خۆی، بەڵکو مەیدان بۆ جوڵانەوە سکولار و ڕادیکاڵەکان و بۆ کۆمۆنیزم و چەپ ئاوالاتر دەکا ...

**بۆپێشەوە: بەشێک لە ناسیونالیستەکان دەڵێن مەهسا ئەمینی (ژینا) لەسەر کورد بوونی کوژراوە، ئێوەلاتان وایە هۆکاری کوشتنی مەهسا ئەمینی (ژینا) کورد بوونی بووە، یان هۆکارەکەی ژن بوون و کاردانەوەی دڕندانەی پۆلیسی مۆراڵ بووە بە ریعایەت نەکردنی حجابی ئیسلامی؟**

**ئیبراهیم حسێن:** ئەمە ئیددیعایەکی پوچە و واقیعیەتی تێدا نییە. لە ژێر سایەی کۆماری ئیسلامی هەزاران هەزار مەهسا ئەمینی لە سنەوە تا تاران و هەرگۆشەیەکی ئێرانی ژێر سایەی حاکمیەتی کۆماری ئیسلامی کوژراون. چەند میلیۆن ژنی ئەومەملەکەتە لە بێحورمەتیەکی گەورەی کۆمەڵایەتیدا ژیاون. ناسیونالّیزمی کورد سەودای ئەوەی لەسەردایە کە لەو جوڵانەوە گەورە دژی دین و حیجاب و دژی کۆماری ئیسلامیە باج وەربگرێ و لەکەداری بکا و دایبەزێنێتە ئاستی چاوەڕوانی و داواکارییە بۆرژوایی و کۆنەپەرستانەکانی خۆی. نەخێر، ئەم ژنانە، چینی کرێکار و ئەم مرۆڤایەتیە بێبەشە ئازادی دەوێ، بەختەوەری و خۆشبەختی دەوێ و دەیەوێ لەو ڕێڕەوەدا لە شەڕی کۆماری ئیسلامی، لەشەڕی حکومەتی حیجاب و سەنگەسار و لەو بەدبەختی ونەنگە سیاسی و کۆمەڵایەتیە ڕزگاری بێت. ئەم جەماوەرە میلیۆنیە کە ئەمڕۆ داوای ژیانێکی ئازاد وخۆشبەخت دەکا و لە پێناویدا دەجەنگێ و لە پێناویدا بڕیایداوە کۆنەپەرستیەکی بۆرژوایی بڕوخێنێ ناچار نییە باج بە کۆنەپەرستی بورژوایی کوردایەتی بدا. کۆنەپەرستی بۆرژوایی دەسەڵاتدار لە کوردستانی عێراق نمونەی کۆمەڵگە و دەسەڵاتێکی ئەوەندە قێزەون و دواکەوتوی لێکەوتۆتەوە کە مایەی بێزاری و شەرمە کەسێک بتوانێ شانازی پێوە بکا. چەپی کۆمۆنیستی و کرێکاری کۆمەڵگە ئەرکیەتی ڕێگا نەدا کۆنەپەرستی بۆرژوایی لەهەر بەرگ و ڕەنگێکدا باجگیری بکا. باشترە بێدەنگ بن.

**بۆپێشەوە: ئەم ڕاپەڕین و خرۆشانە جەماوەرییەی ئێران، چ کاریگەرییەکی لەسەر وڵاتانی دەوروبەر و بزووتنەوە سیاسیەکان، و سیاسەتی پانی ئیسلامیستی دنیا دەبێت؟**

**ئیبراهیم حسێن:** ئەم جوڵانەوەیە کە جمهوری ئیسلامی بێچارە کردوە و خەریکە دەسەڵاتی کابوسی دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی لە یەکێک لە گرنگترین وڵاتەکانی ناوچەکە دا یەکلا دەکاتەوە، موژدەی ئاڵوگۆڕی ڕادیکاڵ لەناوچەکە دا دەدا. ناکرێ ئیسلامی سیاسی لەئێران بکەوێ و ئیسلامی سیاسی لە بەغداو ئەنقەرە و ناوچەکە هیچ بەلایەکی بەسەرنەیەت. ڕێنساسی ئێران تەنیا ڕێنساسێکی ئێرانی و تەنیا کەوتنی ڕژێمێکی سیاسی و حکومەتێک و گۆڕانی بە حکومەتێکی تر نییە. کەوتن و لاوازبوون و کەوتنە کەناری بزوتنەوەیەکی فاشیستی بۆرژوایی تاوانکارە کە گرنگترین وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی دنیای لە دەستدایە و بەزۆری سەرکوت، بازاڕی کاری هەرزانی چەرخاندوە. هەر بەو دەلیلە نەفەسی لە سینەی جەماوەری چینی کرێکار و ژنان و لاوان و مەحرومانی ئەم ناوچەیەدا بەند کردوە و ڕۆژەکان دەژمێرن بە ئومێدی ئەوەی هەرچی زووتر ئەم کابوسە بکەوێ و تەواو ببێ. جوڵانەوەیەک کە بە دەنگی بەرز دەیەوێ لەحکومەتی حیجاب و سەنگەسار و لە حکومەتی دین و کۆنەپەرستی ئیسلامی ڕزگاری بێ. بەدەنگی بەرز داوای ژیانێکی ئازاد و خۆشبەخت دەکەن و ئامادەن لە پێناویدا بجەنگن، نەک هەر لە ناوچەکەدا، بەڵکو بۆتە مایەی دڵگەرمی وئومێد لە سەراسەری ئەم کورەی زەویدا، شار و پایتەختەکانی دنیا بوونە مەیدان و شانۆی ئەم خۆشحاڵی و ئومێدە. دەکرێ بڵێین ئێران دەریچەیەکی ڕادیکاڵی کراوەیە بۆ ئاڵوگۆڕی ڕادیکاڵ لە دنیای ئەمڕۆدا نەک تەنیا ئێران. بۆیە کەوتنی کۆماری ئیسلامی نەک هەر پەروەندەی ئیسلامی سیاسی لە ئێران دەپێچێتەوە و ئیسلامی سیاسی لە ناوچەکە دەخاتە پێگەی بەرگریکردن لە خۆی، بەڵکو مەیدان بۆ جوڵانەوە سکولار و ڕادیکاڵەکان و بۆ کۆمۆنیزم و چەپ ئاوالاتر دەکا. بە مانایەک پێچانەوەی فایلی ئیسلامی سیاسی لە ناوچەکە و دنیاشدا دەخاتە دەستورەوە. خۆ ئەگەر کۆمۆنیزم وچەپی کۆمەڵگە کە ئەمڕۆ لە کۆمۆنیزمی کرێکاریدا نوێنەرایەتی دەکرێ، بە هێزەوە لە مەیدانی ئەو جەدەلەسیاسیە بۆ خستنی ئیسلامی سیاسی وکۆماری ئیسلامی دا ئامادەبێ و لە جەنگی دەسەڵاتدا بگۆڕێ بە یەکێک لە بژاردەکانی چینی کرێکار و جەماوەری بێبەش، ئەوا ئاسۆی سەرکەوتنێکی سیاسی سۆسیالیستی و چەپیش دەکرێ یەکێک بێ لە ئەگەر و سیناریۆکانی داهاتوی ئێران. بێگومان تائەو شوێنەی کە بەبۆرژوازی و ڕاستی کۆمەڵگە دەگەڕێتەوە سیناریۆی خوازراوی ئەوان ئەوەیە کە دەسەڵات و دەوڵەت لەودەستەوە بگوازنەوە بۆ ئەو دەستەی تر بەبێ ئەوەی ئەم ڕەوەندە ئێستا سەربکێشێتە شۆڕش و دەستبردن بو هیچ ئاڵوگۆڕێکی ڕیشەیی. ڕاستی لایەنگری ڕۆژئاوا، کۆماریخواز و لایەنگرانی شا و ئەوانەی بانقی جیهانی و بیبیسی و بۆرژوازی ڕۆئاواویان لە پشتە، دەکۆشن کە سەرمایەداریەکی تێکەڵتر بە ڕۆژئاوا و بازاڕی جیهانی ڕێکبخەنەوە. سەرمایەداریەک کە کێشەی تەحەمولکردن و نەکردنی دەرکەوتنی قژی ژن و خواردنەوەی ئاشکرای مشروبات و دانس و مۆسیقا و ستایلی ژیانی ڕۆژئاوایی نەبێ. جەدەلی داهاتو جەدەل و کێشمەکێشی کۆمۆنیزم و چەپی کۆمەڵگە و ڕاستی کۆمەڵگەیە لەسەر ئێرانی ئایندە. یان ئێرانێکی ئازادی سۆسیالیستی کە تیایدا بانگی هەڵوەشانەوەی کۆیلایەتی کاری بەکرێ و سەرمایەداری و چەوسانەوەی تیادا ڕاگەیەنراوە و تیایدا فراوانترین ئازادییە سیاسی و مەدەنیەکانی تێدا گۆڕاوە بە یاسای ژیان، یانیش مۆدێلێکی تری سەرمایەداری تێکەڵتر بە دنیا و ئابوری و کلتورو تەکنۆلۆژیای ڕۆژئاوا، هەردووکی ئەم ئاسۆ چینایەتی و کۆمەڵایەتیە ئیمکانی ئەوەیان هەیە بگۆڕێن بە واقیع.

**بۆپێشەوە: بەرەی کۆنەپەرستی و بەتایبەتی ئیسلامی سیاسی هەراسانی ڕاپەڕین و شۆڕشی جەماوەری ئێرانن، ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

**ئیبراهیم حسێن:** هەراسانی جوڵانەوە و حیزب و هێزەکانی ئیسلامی سیاسی لە دنیا وناوچەکە لەم جوڵانەوەیە ئەمڕۆ کە خوازیاری سەرنگونکردنی کۆماری ئیسلامیە سروشتی و، چاوەڕوانکراوە. چونکە هەروەک باسمان کرد کەوتنی کۆماری ئیسلامی لە ڕاسانێکی سکولار و ئازادیخوازدا، تەنیا کەوتن و ڕۆیشتنی ڕژێمێک و حکومەتێک و هاتنەسەرکاری حکومەتێکی تر نییە، بەڵکو کەوتنی بڕبڕەپشتی جوڵانەوەیەکی هەمەجی سیاسی بورژواییە کە نزیکەی تەواوی ناوچەکەی لەدەستدایە. تورکیای لەدەستە کە پردی ئاسیاو ئەوروپایە. عێراق و ئەفغانستان و ناوچەکەی لە دەستدایە و ژیانی چەند ملیار مرۆڤی لەم ناوچەیەی دنیادا بە کۆنەپەرەستانەترین شێوە دیاریکردوە. سروشتیە سەرکەوتنی هەستانێکی سکولار لەدژی ئەو کابوسە، ڕێگە دەکاتەوە کە ئەم جوڵانەوەیە، باوەڕەکانی، ڕەمز و پیرۆزیەکانی، حیزب و کارەکتەرەکانی بکەونە بەر ڕەخنەو پەلامارێکی ڕادیکاڵتر لەو ناوچەیەدا و دەست و باڵی مرۆڤایەتی کرێکار و بێبەش بکاتەوە بۆ ئەوەی لە دەسەڵات وبیروباوەڕ و کاریگەری وێرانکەری ئەم جوڵانەوەیە ڕزگاری بێت. هەربۆیە ئەم جەدەلە ناوچەیی و جیهانیە و ئەم جوڵانەوەیە نەک هەر هەراسانە لەوەی کە لە ئێران ڕوودەدا، بەڵکو تا کۆتایی بەرگری لە خۆی دەکا. ئەوەی کە گرنگە هەستیاری و ئامادەیی چەپ وکۆمۆنیزمی کرێکاریە لە ناوچەکەدا بۆ تێگەیشتن لەو ئیمکاناتە گەورەیە کە گۆڕانێکی بەوجۆرە دەتوانێ بەقازانجی دەرکەوتنێکی جیددیتر وسیاسیتری کۆمۆنیزم و چەپی کرێکای لەشەڕی دەسەڵاتدا دەیخولّقێنێ....

> ئەوەی کە گرنگە هەستیاری و ئامادەیی چەپ وکۆمۆنیزمی کرێکاریە لە ناوچەکەدا بۆ تێگەیشتن لەو ئیمکاناتە گەورەیە کە گۆڕانێکی بەوجۆرە دەتوانێ بەقازانجی دەرکەوتنێکی جیددیتر وسیاسیتری کۆمۆنیزم و چەپی کرێکای لەشەڕی دەسەڵاتدا دەیخولّقێنێ ...



## مستەفا یونسی: رووخان و وەلانانی دەسەلاتی ئیسلامی سیاسی لە ئیران، هەنگاویکی زور گرینگ و کاریگەره لە وەلانان و بیٚهیزکردنی تەواوی هیٚزه ئیسلامیەکان لە ناوچە، تەنانەت لە دنیادا.

**دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ هاوڕێ مستەفا یونسی ، هەڵسوڕاو و کادری ناسراوی سیاسی بزووتنەوەی کومونیستی و عەدالەتخوازی لە کوردستان، سەبارەت بە ڕاپەرینی خەڵکی ئێران و کوردستان...**

**بۆپێشەوە: خوپیشاندانەکان و راپەرینی خەڵکی ئێران تا ئێستا مورکێکی گشتی و سەراسەری پێوەیە. هۆکاری ئەم هاوئاهەنگی و سەراسەرییە، چیە؟**

**م. یونسی:** خەڵکی ئیران، بە تاییەتی گەنجان و ژنان، قوربانی و نرخی زوریان داوە تا ئەمرۆ. دەسەڵاتیکی دلرەقی، خوێنریژی، دژی هەرگونە مافیکی ئینسان، زیاتر لە چل ساڵە خۆی بە زەبری کوشتن و زیندان و ئیعدام و سەرکوتی بە ئاشکرا راگرتووە.

**بزوتنەوەی ئێستا زور دژی ئیسلام و نەریت و یاساکان و شێوە ژیانییەتی. بۆیەش پێشکەوتنی ئەم بزووتنەوەیە و بەهەر رادە سەرکەوتنی، پاشەکشەیەکی بەرچاو دەبێت بۆ هەموو بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی لە ناوچەکەدا ...**

خەلک، ماندون، بێکارو ئیشن، هیوا و ئومێد بە داهاتوو تا دێت تاریکتر و لیٚلتر دەبێت. ئەم دەسەلاتە، لە جەرگەی شۆرشیکی گەورە لە 1979دا و بە پشتیوانی و پلانی ولاتە زلهیٚزەکانی ناسراو بە روژهەلات، ئەمریکا و ئەوروپا، هاتە سەر کار. دەسەلاتی ئیسلامی سیاسی لە ئیران، بۆ بێدەنگکردنی خەلک و پاراستنی مافی زلهیزەکان هاتە سەرکار. بۆیەش تا ئەمرو لە هیچ کوشتن و بڕینێک، لە ئیعدام و ئەشکەنجە، لە داسەپاندنی دەسەڵاتێکی دڵرەقی دژی ئینسان و ژیانی هیچ دریغیکی نەکردووە. ئیعتیادی و مەعلومە کومەڵگە چەندە تینووی ئازادی و ژیانیکی باش بوو. بۆیەش، کوشتنی کچیکی گە نجی 22 ساڵە، بو بەوەی تەقینەوەی دەنگ و ماندوویەتی کومەلگە دژی ئەم هەموو زوڵم و زۆرە کە بەسەر خەلکدا سەپێندرابوو. خەلک زورجار راپەرین. بە لام دیتیان کە بە هیوای ئەم بەشەی دەسەلات، یان بە هیوای کەسێکی کە لەگەڵ دەسەلات ناکوکی هەیە، ناتوانن بە حەقی خویان بگەن و دەسکەوتێکی گەورە و سەپاویان وە چنگ کەویٚت.

بۆیەش خەڵک دەزانن و تیدەگەن کە یەکدەنگی و یەک رایی ریٚگاچارەیە. ئەم داخوازیانەی ئیستا هەن و خەلک هاواریان بۆ دەکەن، لە هەموو گۆشەیەکی ئێران هەر بەیەک ئەندازە چزیلک بە ژیانی خەڵکوە دەنێن، جا دیارە کە دەنگ و هاواریشیان هەر وەک یەک دەبیٚت، لە هەر شوینیکی ئیراندا بیٚت. هەروەها، لە ئیراندا، بزووتنەوەی سکیولارو مودێرن، هیچکات خامۆش نەبوو. خەڵکی ئیران لەگەڵ ژیانی مودێرن و پیٚشکەوتوو زۆر تێکەڵن. تەنیا هەر ساڵەی نزیک دوو سیٚ میلیون کەس دەچنە شارەکانی تورکیا چ بگا بەوەی کە خەڵکیکی زوریش دەچن بۆ ولاتانی ئەوروپایی، هەر بۆ ئەوەی خۆش بگوزەرێنن. ئەم خەلکە تینووی ژیانی مودێرن و لە هەر فرسەتێکی بۆیان هەڵکەوی، نیشانی دەدەن و نیشانیشان داوە کە تامەزرۆی چ جۆرە ژیانیکین. کوشتنی "مەهسا ئەمینی" (گەنجێکی 22 سالە) رق و توورەیی خەلکی تینووی ئازادی و ژیانی مودێرنی تەقاندەوەو هێنانیە سەر شەقامەکان.

**بۆپێشەوە: روڵی ژنان و لاوان لە راپەرینی خەلکی ئێراندا زۆر بەرجەستەیە. هۆکار چییە لاوان و بە تاییەتی تر ژنان ئاوا روڵی پێشرەوییان لە راپەرینی ئێستای ئیراندا چییە؟**

**م. یونسی:** زور سادە، ژنان و گەنجەکان زورترین قوربانیان (چ لە باری گیان و ژیاندا و چ لە باری دەروونی و نەفسیەوە) داوە. ئەو هەموو فشارو بی دەرەتانییەی هەموو روژ و لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بەسەر ژنان و لاواندا سەپێندراوە هەمویانی هینابووە سەر لیٚواری تەقینەوە. خەڵک، بە تاییەت لاوان و ژنان، چیتر نەیاندەویست و نایانەویٚ ئەم وەزعە دریژەی هەبیٚت. ژن بوون، بە پێی یاسا ئیسلامییەکانی ئیران، دەڵیی جورمە و سزای بی مافی و بیٚ دەسەلاتییەکی زۆر بەرفراوانی بە دواوە هەیە. گەنجەکان لەهەر شوینیک بیانەویٚ هێندێک خوش بگوزەریٚنن و دلگەش بن، لەگەل یاسا و بریارە کانی ئیسلامی بەرەو روودەبن. نەسلی گەنج بەشێکی گەورەی خەڵک پیٚکدینن و دیارە بە پیشکەوتنی عیلم و تەکنەلۆژی و هەبوونی سوشیال میدیای بەر فراوان لەگەل دونیا و ژیانی دەرەوە ئاشناترن و ئاواتەخوازین. زور ئیعتیادییە بەشی زۆری خەڵکی سەر شەقامەکان، گەنجان و ژنان بن.

**کومەڵگەی ئیران زور سیاسی و چاوکراوەیە. ئەزموونی شورشی 1979ی هەیە. دیتوویانە لە هێندێك لە بزووتنەوەکانی ئەم چەند ساڵەدا، هێنانە مەیدانی جیایی قەومی یان دینی و شتی وا تەنیا هێزیان لاوازتر دەکات و ئیمکانی سەرکەوتن سەختتر...**

**بۆپێشەوە: ڕاپەرین و شۆرش لە ئیران چ کاریگەرییەکی لەسەر ئیسلامییەکان دەبێت لە ناوچەکە و دنیادا؟**

**م. یونسی:** بزوتنەوەی ئێستا زور دژی ئیسلام و نەریت و یاساکان و شێوە ژیانییەتی. بۆیەش پێشکەوتنی ئەم بزووتنەوەیە و بەهەر ڕادە سەرکەوتنی، پاشەکشەیەکی بەرچاو دەبێت بۆ هەموو بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی لە ناوچەکەدا. هەموو کەس ئاگادارە کە دەسەلاتدارییەتی ئیسلامی لە ئیران، هەر وەک خوشیان نایشارنەوە و باسی دەکەن، پشتیوانی راستەوخو لە هەموو هیٚزو و جەرەیاناتی ئیسلامی لە ناوچە و تەنانەت لە دنیادا دەکات. هەم خەڵکی ئیران بەمە زۆر نارازین کە لە کاتیکدا گرانی و بیٚکاری و ژیانی تاڵی خەڵک لە نیو ئیراندا بیٚداد دەکات دەسەلاتدارانی ئیران بە ئاشکرا هەموو رۆژیک بەسەدها میلیون دولار یارمەتی هیزە ئیسلامییەکان لە ناوچەدا دەکەن، بەلام وەلامی داخوازی خەلک بە گوللە و زیندان دەدەنەوە، هەمیش ئەم دەسەڵاتە لە یەکەم روژی دامەزرانیەوە جیگای ئومیٚد و پالپشتی کونەپەرستترین و ئینسانکوژترین هیزە ئیسلامیەکان لە ئیران و لە ناوچەدا بووە. دەسەلاتی ئیسلامی ئیران، بو بە هەویٚن و دلگەرمی بو پیٚکهاتن و پەرەسەندنی ئەم هیزانە لە ناوچە. بویەش، ئەگەر دەسەلاتی ئیران بروخیٚ، بی هیچ گومانێک تەئسیری راستەوخۆی لەسەر هیزو دەسەلاتی ئەم هیزانە دەبیت. رووخان و وەلانانی دەسەلاتی ئیسلامی سیاسی لە ئیران، هەنگاویکی زور گرینگ و کاریگەرە لە وەلانان و بیٚهیزکردنی تەواوی هیٚزە ئیسلامیەکان لە ناوچە، تەنانەت لە دنیادا.

**بۆپێشەوە: بزووتنەوە و راپەرینی ئێستای ئیران تا ئیستا مورکی هیچ ناسنامەیەکی قەومی و ناسیونالیستی و دینی و تایفی پیٚوە نییە. ئەوە تا چەندە تەکان دەدات بە رووخاندنی رژیمی ئیسلامی لە ئیران؟**

**م. یونسی:** ئەوەی کە تا ئیستا دیارە، بەڵی وایە، بزووتنەوەی ئەمجارە مۆری قەومی یا دینی و شتی وای پیوە دیار نییە، کە ئەمە جیٚی خوشی و دڵگەرمی زۆرە بۆ سەرکەوتنی بزووتنەوەکە. زورترین سەبەبی ئەمەش ئەوەیە کە خەلک، بە تاییەت لاوان و ژنان، هەمویان دەردیکی هاوبەشیان هەیە. یاسا و بریارە حکوومییەکان کە بناغەی ئسیلامییان هەیە، لە دژی هەموانن، زەخت و بیٚمافی یان خستوتە سەر هەمویان. جیا لەوەش، کومەڵگەی ئیران زور سیاسی و چاوکراوەیە. ئەزموونی شورشی 1979ی هەیە. دیتوویانە لە هێندێک لە بزووتنەوەکانی ئەم چەند سالەدا، هینانە مەیدانی جیایی قەومی یان دینی و شتی وا تەنیا هیزیان لاوازتر دەکات و ئیمکانی سەرکەوتن سەختتر. بزووتنەوەی ئەم جارە هیوا و ئومیدێکی یەکجار زۆری لە نیو کومەلانی خەلک، چ لە ناوخوی ئیران و چ لە دەرەوە پەرە پێداوە. ماندوویەتی خەلک لە دەسەلاتیکی دلڕەقی چل و چوار ساڵە، گەیشتوتە ئەوپەری خوی، بۆیەش هیوا و هیٚما بە سەرکەوتن و وە دیهاتنی داخوازەکانی بەرحەقی خەلک، وە رووخانی دەسەلاتی ئیسلامی لە ئیران بۆتە کوڵەکەی ئەم بزووتنەوەیە و تا ئیستا سەرکوت و گرتن و کوشتن نەیتوانیوە بیانترسینی و بیاننیریتە وە ماڵەکانیان.

**بۆپێشەوە: بە چ جوریٚک دەبێت خەڵکی ئازایخوازی ناوچەکە و دنیا پشتیوانی لە خەڵکی راپەریوی ئیران بکەن؟**

**م. یونسی:** پیم وایە خەڵکی ناوچە، بە تاییەت ئەو ولاتانەی هیزە ئیسلامیەکان دەسەلاتدارییەتی و ملهوریان تەواویان بەسەردا دەکەن، پێویستە هەمو هیزو تواناى خۆیان وەگەر بخەن بۆ یارمەتیدانی ئەم بزوتنەوەیەی ئیستای نیو ئیران. چونکە رووخانی رژیمی ئیسلامی دلرەق و خوینریژی ئیران، رووخاندنی قەلای گەورەی دواکەوتویی و ئینسانکوژی و تیرۆر و بیدەرەتانی خەڵکە. بۆیەش، پیویستە بزوتنەوەیەکی بە هیزی حیمایە و هاوپشتی وە ڕێکەویٚت. ریکخراوەکانی پاریزەری مافی ژنان، خویندکارەکانی بەتاییەت زانکوکان، ریکخراوی کریکاران، و بە گشتی هەموو ئینسانیک کە دڵی بۆ ئازادی و حورمەت و بایەخدان بە ژیانی ئینسان لیٚدەدا پیویستە بێنە نیو ئەم بزووتنەوەیە. بو نمونە خوێنکارانی کوردستانی روژئاوا دەتوان ریپیوانی گەورە وەرِیٚ خەن کاتیک دەبیستن خویندکارەکانی ئیران شەلاڵی خوێن کراون و گیراون. یان ریکخراوی مافی ژنان دەتوانن رێپیوانی حیمایە و هاودڵی وەری خەن لەگەل ژنانی ئیران. یان دکتورو نەخوشخانە و سەلامەتییەکان دەتوانن ئیمکاناتی راگەیشتن بە برینداره‌کان لە شارەکانی نیو ئیران کۆکەنەوەو بە دەستیان بگەیەنن، چونکە لە ترسی گرتن و ئیعدام زوربەی برینداره‌کان ناتوانن بچنە خەستەخانەکان و تەداوی بکرین. زور کار و جولانەوە هەیە کە دەکری و پیٚویستە بکریت. چونکو هەر هەنگاویکی سەرکەوتوانە لە نێو ئیران راستەوخو کاریگەری دەبێت لەسەپاندنی ماف و ریزی هەموو ئینسانەکان، کریکار و ژنان و گەنجان و هەموو بەشخوراویک لە هەموو ناوچەکەدا. بە هیوام ئەم بزووتنەوەیەی ئێستای نێو ئیران ببیتە دەسپیٚکی دامەزراندنی ژیانیکی باش و جیٚی رەزامەندی بۆ هەموو خەلکی ناوچە.

## درێژەی....کۆمەڵگەی سەرمایەداری چۆن بناسین...

دەسەڵات نییە. مەرجی سەرکەوتوویی یان نا سەرکەوتوویی هەر شۆرشێکی قووڵی کۆمەڵایەتی گرێ دراوە بە رادەی بەشداری راستەوخۆی چینی کرێکار و یەکپارچەیی و شلگیری ئەم هێزە. بۆ ئەم کارەش دەبێ چینی کریکار هەرچی زیاتر و زۆرتر رادەی تێگەیشتوویی و ناسینی خۆی لە کۆمەڵ و قانوونمەندییەکانی کۆمەڵناسی زانستی بباتە سەر. دەبێ میکانیزمی پەیوەندیەکانی کۆمەڵی دەوروبەری خۆمان کە سەرمایەدارییە بناسین. هەتا بە باشی ئەو کۆمەڵەی کە رقمان لێیەتی و دەمانەوێ بیرۆخێنین نەیناسین، ناتوانین کۆمەڵگەی دڵخوازی خۆمان دابرێژین. بەم بۆنەوە سەرنجی خوێنەران بۆ بە وردی سەیر کردنی ئەم نوسراوەیە هەر بۆ ئەو مەبەستە نوسراوە و سەرنجتان بۆ رادەکێشم وپێمان وایە ئەم نوسراوەیە دەتوانێ سەرەتایەک بیت بۆ ناسینی وردتر و قووڵتری کۆمەڵگەی سەرمایەداری کوردستان.

شێوەی بەرهەم هینانی سەرمایەداری...

لەم پێشەکیەدا بە کورتی باسمان لەوە کرد کە لە کۆمەڵی سەرمایەداریدا دوو چینی سەرەکی واتە کریکاران (پرۆلیتاریا) وسەرمایەداران (بۆرژوازی) دەبیندرێن.هەروەها باسمان کرد کە لەم کۆمەڵەدا سەروەتەکانی ماددی ومەعنەوی کۆمەڵ بە شێوەیەکی نا بەرابەر لە نێوان سەرمایەدارەکان و کرێکاران دابەش کراوە، بەڵام ئەمەش بە تەنیا رواڵەتی مەسەلەکەیە کە دەیبینین. بۆ ناسینی قووڵتر و پرناوەرۆکتر دەبێ توێکڵەکان وەلابنێین وکاکڵی مەبەستەکان بەو جۆرەی کە هەیە دەریان بخەین یانی دەبێ بزانین ئەم دوو چینە هەرکام چ تایبەتمەندییەکیان هەیە وچ دەورێک لە کۆمەڵدا دەگێرن و چ پەیوەندییەکیان لە نیواندا هەیە. دەبێ بزانین پەیوەندی بەرهەمداری و شێوەی بەرهەمهینان لە کۆمەڵی سەرمایەداریدا چۆنە. ڕەنگە لە سەرەتادا کەمێک دژوارو ئاڵۆزکاو بێتە بەرچاو، بەڵام بە هەندیک وردبینی وحەوسەڵە ئەم گرێیەش نامێنێ.

بۆرژوازی وپرۆلیتاریا

ئەلف- بۆرژوازی: بۆرژوازی بە چینێک دەوترێ کە خاوەنی دەسەڵات و ئامرازەکانی بەرهەم هێنانە. مەبەست لە ئامرازەکان هەمووئەو ئەبزار و وەسایلانەیە کە کرێکار بۆ بەرهەم هێنانی شتوومەک بە کاریان دێنێ، هەر لە چەرخ وچەکوشەوە بگرە هەتا مەکینەی گەورە و کارگە و کارخانەش. لە کۆمەڵی سەرمایەداری زۆربەی ئامرازەکانی بەرهەم هێنان لە ژێر رکێف و خاوەنداریەتی تایبەتی سەرمایەداراندایە. دیارە سەرمایەدارەکان ئەم ئامرازانەیان تەنیا بۆ بەراوردکردنی پێداویستیەکانی خۆیان ناوێ. بەڵکوو ئەوان مەبەستیکی گەورەتریان لەبەرچاوە. بۆ نموونە کەل وپەلی بەرهەم هاتووی فلانە کارخانە بۆ مەسرەفی تایبەتی ئەم یان ئەو سەرمایەدار نییە، بەڵکوو بۆ ئەوەیە بینرێتە بازاڕ و بیان فرۆشێ. لە رونگەی زانستی ئابووریدا بەم کەل وپەلانەی کە بە مەبەستی فرۆش لە نێو بازاڕ بەرهەم دێن دەوترێ "کاڵا". بەم جۆرە دەتوانین بڵێین مەبەستی بەرهەمداری لە کۆمەڵی سەرمایەداری بەرهەم هێنانی "کاڵا" بۆ فرۆستنی لە بازاڕە. لە لاپەڕەکانی دیکەدا وردتر و زیاتر لەسەری دەرۆین.

## درێژەی....لولیتا لە تاران دەخوێنێت...

**لولیتا لە تاران دەخوێنێت/**

ژیانی ژنێکی وشیار و خوێنەوار و رۆشنبیر و کۆمەڵێک قوتابی بوێر و ئازایە.

ژنێک سەرەڕای مەترسی و تۆقاندن و بەربەست و ڕێگریەکان، ڕیسک بە ژیانی خۆیەوە دەکات و رەتی دەکاتەوە بێ دەنگی هەڵبژێرێت.

ژنێک، مورەکەبی قەڵەمەکەی دەخاتە خزمەتی بیری ئازاد و هەڵتەکاندنی بنەماکانی تۆتالیتاریزم و ئاشکراکردنی ڕاستیەکان و هەڵدانەوەی لاپەڕەی چەواشەکاری و سکاندالەکانی کۆمەڵی بە مێگەلکراو دەسەڵاتی شمولی مەزهەبی و دکتاتۆریانەی ئاخوندەکان.

ئەو دەسەڵاتە تۆتالیتارەی دەستی بەسەر ئازادی و بوونی هاولاتیەکانی داگرتوە و چەشنی کۆیلە و بارمتەیەک ڕفتاریان لەگەڵ دەکات.

ماوەتەوە بڵێم:

**لولیتا لە تاران دەخوێنێت/**

ڕۆمانێکە و نووسەر لە میاندا بەرگری لە ئازادی و خەونەکانی مرۆڤ دەکات و دەیەوێت سێبەری ئازارەکان لەسەر ژیانی ئینسان لابەرێت و تەمی دیکتاتۆریەت لە ئاسمانی ئازادی بڕەوێنێتەوە و پێمان دەڵێت مرۆڤ بۆ ئەوە هاتووەتە ژیان، تابژیت، ژیانێکی شەڕەفمەندانە و سەربەرزانە و ئازادانە.

ژیانێک، هەموان تێیدا ئازاد و کەڕامەت پارێزراو یەکسان بن.

ژیانێک، کەس مافی ئەوەی نەبێت چیتر بەناوی ئایین، مەزهەب، ئایدیۆلۆژیا و هەرشتێکیترەوە، ستەم لە مرۆڤەکان بکات و مرۆڤ بوون پێشێل بکات و دەست بەسەر ژیان و ئازادیەکانیان دابگرێت و سیستەمێکی تۆتالیتاریان بەسەردا بسەپێنێت و مافەکانیان زەوتبکات و ژیانیان بکات بە ژەهر و بەندیخانەو دۆزەخ.

**لولیتا لە تاران دەخوێنێت/**

چیرۆکی ژیانە لە کۆماری ئیسلامی ئێران، لەو کۆمارەی کەسایەتی تاک دەسڕدرێتەوە و ناسنامەی مرۆڤ بوونی لێدەسەنرێتەوە.

"لە کۆتاییدا هەمووومان بووین بە نموونەیەکی جیا لە کەسایەتی خۆمان، نموونەیەک، کە کەسێکیتر دەیەوێت خەونی خۆیمان تێدا بەدی بێنێت، یەکێک لە توندڕۆکان (ئایەتوڵلایەک) هات، بانگخواز و پاشاو فەیلەسوفێک هات، تا حوکمی زێدەکەمان بکات، بەناوی ڕابردووەوە بۆمان هات.."

ئەمەیە چیرۆکی کۆماری ئایەتوڵلاکان.

کۆمارێک، ڕێک دەڵێیت (جمهوریە الخوف)- ڕۆمانی: کۆماری ترسی "کەنعان مەکیە"ی ڕۆماننووسی بە ڕەگەز عیراقییە، سەبارەت بە کۆمارەکەی( سەدام حوسێنی) دێکتاتۆر.

کۆمارێک، تێیدا. ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراو عەقیدەی ئایینێکی دیاریکراو مەزهەبی گرووپێکی دیاریکراو، حوکمی تێدا دەکات و بەسەر هەمواندا دەسەپێندرێت.

کۆمارێک، تێیدا لاقە و تیرۆری بیری ئازاد و قەڵەمی ئازاد و هزری ئازاد دەکرێت.

بەو چەشنە، لەوەها سیستەمێکی تۆتالیتار و دەوڵەتێکی مەزهەبی و کۆمارێکی ئیسلامیدا، کاتێک ئازادی وەها بێ بایەخ دەکرێت و فەزای ئازادی بە تەڵبەندی ترس و تیرۆرو تۆقاندن و پەتی سێدارە، دەور دەدرێت و کۆتری ئازادی تیرۆردەکرێت، لەوەها کەشێکی تۆقێنەرو تۆتالیتێردا، نەک هەر ئازادی مرۆڤەکان زەوتدەکرێت و دەستی بەسەردا دەگیرێت و ژن و کچەکان ناچاری لەچک و باڵاپۆشی دەکرێن، بگرە ئازار وتەنی "دەبێت پەنجەرەی ژوورەکانیش پەردە بپۆشن".

## درێژەی دوا وتە

و دانانی کەسێکی تر کە خۆیان ڕەزامەندیان لەسەرە، ئیرادەی سیاسی خۆیان داسەپاند و سوربوونی یەکێتیان کاڵ کردەوە.

دیارە سەرۆک کۆمار لە عێراقدا، جگە لە رۆڵێکی تەشریفاتی و رەمزی و گرەوی سازان کە لەنیوان بۆرژوازی کورد و عەرەب و لە دابەش کاری پۆستەکانی نیوان پارتی و یەکیتیدا، زیاتر شتێکی تر نییەو نابێت و ناتوانێت هیچ کارە بێت... سەرۆک کۆمار هەر کەسێک بێت، پارتی و یان یەکیتی و گۆڕان، هیچ لەو راستیە ناگۆرێت، کە هیچ کارەیە، و لە عێراقی ئیستادا کەس مایەی لەسەر دانانێت و هەڵبژاردنێکیش لە ئارادانییە، جگە لەسازانێک لەسەری، کە ئەم سازانەش بە گۆرانی هاوسەنگی هێز دەگۆرێت... پێداگری بەشیک لە هیزە عێراقیەکان و هاتنە سەرخەتی پارتی بۆ ئەوەی کاندیدی خۆی هەبێت، بەرهەمی ئەم گۆڕانی هاوسەنگی هێزە بوو لە چوارساڵی رابردوودا.

بەپێی ڕیکەوتنی نیوان یەکێتی و پارتی و سەرۆک کۆمار بۆ یەکێتی و سەرۆکی هەرێم بۆ پارتییە... بەڵام پارتی بە پێداگری لەسەر ئەم پۆستە، بەجیا لە ئامانجی تر، بۆ زۆرکردنی هەژموونەکانی بوو بەسەر یەکێتیدا، کە حاسڵی لاواز بوون و پاشەکشەی یەکتێیە لە ئاستی عیراق و هەرێمدا... لە ئێستادا پارتی دەیەوێت پۆستە رەمزیەکانیش لەدەستی یەکێتی دەربهێنێت و ئیرادە وبریاری سیاسی خۆی بەسەر یەکێتیدا زۆرتر لەوەی هەیە بسەپێنێت و یەکێتی بخاتە مەوقعیەت و بەرگریەکی لاوازتر لە ئیستاش.

پارتی لە جەرگەی ململانێی سیاسی و قوڵ و چارەنووسازەکان، کە تایبەتە بە هەژموونی دەسەڵات لە هەرێم و دەستبەراسەراگرتنی هەموو جومگە هەستیارەکانی سیاسی و ئابوری و ناوخویی و ناوچەیی و نێودەوڵەتی، دەیەوێت دۆسیە لاوازەکانی وەکو پۆستی سەرۆک کۆمار زەق بکاتەوە و بیکاتە سەرچاوەی ململانێیەکی ڕی لێ ونکەر... ئەم هەموو هەراو هۆریایەی لەسەر سەرۆک کۆمار وەرێی خست، ئامانجەکەی سەرۆک کۆمار نەبوو، بەڵکو هەژموونی سەپاندن، ئیرادە زاڵکردن، دەستێوەردان لە بڕیاری ناوخۆی یەکێتی بوو. بە وەلانانی بەرهەم ساڵح ئەم گەمەیەی بردەوە و بە پاشەکشە کردن بە کاندیدی خۆیشی، یەکێتی خستە سەر سەمای سەرکەوتن و سەرمەست بوونێکی "فەیک" ساختە و روکەش.

لەو گەمەیەدا پارتی بەناوی خەڵکی کوردستان و یەکریزی و بەرگری لە بەرژەوەندیەکانیان لە بەغدا و لەبەرامبەر بە دوژمنانی کوردا، دەدوا و ئەمەشی وەکو کەمپەینێکی راگەیاندن و بەهرەبەرداری لە خۆشباوەری خەڵکی کوردستان کرد، بەڵام خەڵکی کوردستان هێندە لەگەڵ ئەو مانۆرانە بەتایبەتیش مانۆرەکانی پارتیدا ژیاوە، خۆشباوەرکردنیان و کردنیان بە زەخیرەی ئامانجەکانی ناکامە.

خەڵکی کوردستان باش دەزانن ململانێی سەرۆک کۆمار لەنیوان پارتی و یەکێتیدا دوور و نزیک لەسەر بەرژەوەندیەکانی خەڵکی کوردستان نییەو سەرۆک کۆماریش لە پارتی یان یەکیتی بێت، بەدوای بەرژەوەندی حزبییەوەیەو نوێنەرایەتی هیچ بەرژەوەندیەکی خەڵکی کوردستان ناکات و ئەزموونی رابردووش باشترین بەڵگەی ئەو راستیەیە... ئایا کەسێکی هوشیار و ئازاد و بە ویژدان دەتوانێت یەک دەستکەوتی بەرهەم ساڵحمان پێ بلێت لە نزیک بە پینج ساڵی رابردوودا؟ رۆشنە لەداهاتووداشدا هەر کەسێک سەرۆک کۆمار بێت ئەوە دەستکەوتەکەیەتی کە بەرهەم سالح بەو هەموو "حورمەتە" وە. هەیبوو.

**١٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢**

بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

Forward

بۆپێشەوە

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

bopeshawa@gmail.com

بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

abdulla.mahmud@gmail.com

بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆپێشەوە سەردانی سایتی بۆپێشەوە بکەن:

www.bopeshawa.net

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:

نەشاد عومەر، توانا حەمە نوری، شەماڵ بارەوانی، بەلێن ئیسماعیل، عەبدوڵا مەحمود، حەکیم میرزا، هیوا ساڵح، کاوان قادر، بەهزاد موحسین، شوانە حەسەن ئەبوبەکر، عبدالرحمن رەسول، حەکیم میرزا،جەمال نوری...


لەگەڵ دۆسیەکی تایبەت سەبارەت بە"ڕاپەرینی خەڵکی ئێران و کوردستان...

## دوا وتە

# کێ دۆسیەی سەرۆک کۆماری بردەوە؟

**عەبدوڵا مەحمود**

١٣ی ئەم مانگە، دوای بێنەوبەرەیەکی زۆر لە نێوان پارتی و یەکێتیدا لەسەر پرسی سەرۆک کۆمار، سەر ئەنجام لەتیف ڕەشید وەکو سەرۆک کۆماری عێراق، هەڵبژێردرا... هەڵبژاردنی لەتیف ڕەشید کۆتایی بە دۆسیەیەکی لاواز لە ململانێی نێوان پارتی و یەکێتی بۆ خولێکی تری هەڵبژاردن هێنا..



لەم ململانیەدا کە لەسەر پرسی سەرۆک کۆمار هەبوو، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دوو کاندیدی هەبوو، بەرهەم ساڵح وەکو کاندیدیک بۆ بردنەوە و لەتیف ڕەشیدیش وەکو کاندیدێک بۆ دۆران... یەکێتی خوازیار و ویستی ئەوە بوو بەرهەم ساڵح، بۆ خولێکی تر هەڵبژێردرێتەوە، بەڵام دەرنەچوو و لە جێگایدا لەتیف ڕەشید دەرچوو، کە وەک کاندیدێک دانرابوو بۆ دۆڕان و لەو نێوەشدا ویستی پارتی سەرکەوت...دیارە بوونی دوو کاندید لەلایەن یەکێتیەوە، نیشانەی ئەو پەڕێ شپرزەیی و وێرانەیی ناو ماڵی یەکێتییە.

یەکێتی تا کاتی هەڵبژاردنەکەش پێداگری لەسەر مانەوەی بەرهەم سالح دەکرد بۆ مانەوەی لە پۆستی سەرۆک کۆمار، دیارە ئەوە بەو مانایە نا کە ناوبراو سەرچاوەی خێر و نیعمەتە بۆ یەکێتی و کەسایەتیەکی سەرکەتووە و نوینەرایەتی خەڵکی کوردستان لە عێراقدا دەکات، بەڵکو بەو هۆکارەی پارتی و بەتایبەتی سەرۆکی پارتی بەرهەم سالحی قبوڵ نەبوو. یەکێتی بەرهەم ساڵحی کردبووە داشی دامە لە ململانێی خۆی لەگەڵ پارتی لەسەر پرسی سەرۆک کۆمار و عینادی پارتیش بۆ کەنارخستنی بەرهەم ساڵح تەسلیم کردنی ئیرادەی یەکێتی بوو بە عینادی شەخسی و حزبی. دیاریکردنی کاندید لەلایەن پارتییەوە لە بەرامبەر بەرهەم ساڵحدا، لەلایەکەوە هەژموونی پارتی بوو بۆ دەرهێنانی دۆسیەی پۆستی سەرۆک کۆمار لەدەستی یەکێتی و لەلایەکی تریشەوە بۆ گوشار دروستکردن بوو لەسەر یەکێتی کە دەست لە بەرهەم سالح هەڵبگرێت و کەسێکی تر کاندید بکات، کە پارتی ڕەزامەندی لەسەر بێت. لەو مامەڵە و کێبەرکێیەدا کە ریشەی قوڵتر و هۆکاری تری لەپشت بوو، پارتی بە کەنار خستنی بەرهەم ساڵح

بۆ لاپەڕە 15

# مەلا سەلیم شوشکەیی لەسەر سوکایەتی بە ژنان و کۆمەڵگە پێویستە بدرێتە دادگا...




مەلا سەلیم شوشکەیی بەوێنەی ئینسانی سەدەکانی ناوەڕاست و زیندوی ئەم زەمان و سەدەمە، لە سوکایەتی و بێڕیزی و بە ژنان و مافەکانیان دەست هەڵناگرێت و ئولفەتی بەو عادەتە پڕتوکاوەوە گرتووە... ئەم مەلا تەسەل و عاشقی ژن و پڕ شەهوەتەی خودا و ئیسلام، وەکو یەکێک لە لەشکری مەلای تەسەلی کوردستان لەدواین لێدوانیدا دەڵێت" ئافرەت بە سروشتی خۆی گێلە، ئەقڵی سوکە، زوو لا ڕێ دەبێت!"... ئەم دیدو بۆچوونە کە زادەی گەمژەیی مەلا شوشکەیی و شەڕی ئاشتی هەڵنەگریەتی لەگەڵ ژن و مافەکانی و سروشتی ئینسانی ژن، جێگای لێڕامان نییە، چونکە مەلا شوشکەیی کە بەپێی شەرع منالی نۆ ساڵە بە باڵغ و بۆ زەواج بەشیاو دەزانێت.. توانای منالێکی ٩ ساڵەی کچ لە زەمینەی هەوەسبازیدا بە باڵا دەزانێت و دەبینێت، بەڵام بە ژنان دەڵێت "بەسروشت ژن گێلە... ئەقڵی سوکە..." ئەم دەربڕینە لەم سەردەمەدا کە ژنان لەهەموو زەمینەکاندا نیشانیانداوە کە نەک هیچیان لە پیاوان کەمتر نییە، بەڵکو هەموو مەلا شوشکەیەکان، باڵای عەقڵ و لۆژیکیان، ناگات بە گۆشەیەک لەتوانایی ژنان.

فۆبیای ژن، مۆتەکەی سەر سنگی مەلا و ڕەوتە ئیسلامییە کرێگرتەکانە، بەدژی ژنان و توانایەکەیان. ئەم خێلە لە مەلاو ئیسلامی سیاسی بە ئامادەیی و توانایی ژنان فێ دەیان گرێت و لغاویان شۆڕ دەبێت و ناچار ژەهراو دەرێژن... مەلا شوشکەیەکان، ژنان لە هەموو زەمینەیەکدا بە زەمینەی جەنگیشەوە دەبینێت، کە چۆن داعشی شوشکەییان تێک شکاند و چۆن لغاوی پیاوی باڵای ئیسلامی ئەبووبەکر بەغدادیان لە زەویدا، لەسەر زەمین و لە بۆشایی ئاسماندا ژنان دەبینێت و توانایان دەزانێت... بەڵام بێ زاتی لە زاتی خۆیاندا، وای لێکردون زاتی دان نان بەژنان و تونایەکان و ڕۆڵی بەرجەستەی ژنان نکوڵی لێ بکەن و لەوەش زیاتر حەپە حەپی، ژن گێلەو لاواز و عەقل سوکە... بۆ شاردنەوەی سوکی عەقڵی خۆیان بەکار ببەن. شوشکەیی ئەگەر بەراستی خۆی گێل و عەقڵ سوک نەبێت... زاتی ئەو سوکایەتییەی بە نیوەی کۆمەڵگەی ئینسانی ناکات! زاتی ئەو وەڕینە ناکات، کە کەس لەم سەدەمە گوێی لێناگرێت و کەس ناترسێنێت. ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز، پێویستە و دەبێ مەلا شوشکەیی و هاو چەشنەکانی کە ڕۆژانە سوکایەتی و بێ ڕێزی بە ژنان و مافەکانیان دەکەن. لەسەر جێگای واقعی خۆیان دابنێنەوە و ریسوایان بکەن... لێدوانەکانیان وەکو بەڵگەی ریسوایان بە کۆمەڵگە بناسێنن و دادگایان لێ بگرن... ڕەوانەی لێپرسینەوەی یاساییان بکەن، بەتایبەتی لای ئەو ژنە دادوەرانەی، ئاستی تێگەیشتین و دنیابینی زانستی و دادگەریان، دەتوانێت هۆشی مەیوی ئەو ریزە لە مەلای کۆنەپەرست شل بکەنەوە... لێدوانی مەلا شوشکەیی و مەلا هاوپیشەو هاوبیرەکانی، ڤایرۆسێکە، دەبێ لەبەین ببرێت، بۆ پاراستنی کۆمەڵگە لە زیانەکانی...

## سێ بەرهەمی تازەی هونەرمەند هیوا سالح







